لوقمانی حەکیم

ئامۆژگارییەکانی

کۆکردنەوەی:
پشتیوان عبدلرحمان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ADIBAN

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد

ناسنامەی کتێب

ناونیشان: ئامۆژگارییەکانی لوقمانی حەکیم

کۆکردنەوەی: پشتیوان عبدالرحمان

بڵاوکار: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (1838) ساڵی (2017) پێ دراوە.

ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە، مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

Scanned with CamScanner

ناونیشانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان

سلێمانی/ فولکەی گۆزەکان/ نزیک ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوران.

پەیوەندی:

07501590032 - 07701974656

07731974646 - 07811294848

Facebook: https://www.facebook.com/eadiban/

Email: bookadiban@gmail.com

Scanned with CamScanner

کورتەیەک لە ژیاننامەی لوقمانی حەکیم

لە سەرەتادا کە دەبێت ئامـاژەی پێ بدەین هەموو ئەو گێڕانەوانەی کە لەسـەر ژیانی لوقمانی حەکیم باسـدەکرێت چەند گێڕانەوەیەکی جیـاواز و جۆراوجـۆرن، ئێمەش هەوڵدەدەین کـە تەنها پوختەیەک لەسـەر ژیاننامەکـەی بـە ئێـوەی خوێنەری خۆشەویسـت ئاشـنا بکەیـن (لە کاتێکـدا بەرپرس نین لە سـاغکردنەوەی و سـەلماندنی ئاسـتی ڕاسـتی و دروسـتی ژیانەکـەی، تەنها وەکـو زانیارییەکان دەگوازینـەوە تاکو ئێوەی خۆشەویسـت شـارەزاییەکتان لەسـەر ژیانـی هەبێت).

لوقمانـی حەکیـم پیاوێکـی دانـا بـووە و، لـە قورئانـی پیـرۆزدا نـاوی هاتـووە و سـوورەتێکی بـە نـاوەوە ناونـراوە (سـوورەتی لوقمـان)، ئامۆژگارییەکانـی لوقمـان لـە لای خەڵکـی بریتیـن لـە چەنـد ئامۆژگارییەکـی جـوان نـاوازە و کۆمەڵێـک وتـە کـە لـە تێگەیشـتنێکی فـراوان و ناخێکـی قـووڵ و ئەزموونکردنێکـی کردارییـەوە سـەرچاوەیان گرتـووە و هەڵقـوولاون. هەروەهـا ئـەوەی بـە حەکیمیـش ناسـراوە هـۆکاری بـۆ زۆری کارامەیی و لێهاتوویـی بـووە لە چارەسـەرکردنی ئەو کێشـە و گیروگرفتانەی کـە ڕووبەڕووی بووەتەوە، بۆیە لەبەر ئەمەشـە کـە بووەتە قاچی و دادوەر بـۆ نەتـەوەی بەنـو ئیسـرائیل.

ڕەچەڵەک و نەژادی

هەندێـک دەڵێن نـاوی (لوقمانی کـوڕی یاعور)ە، یـان دەڵێن کوڕی

(عەنقـای کوڕی سـەدونە)ە، وتراویشـە کوڕی (پـاران)ە. دەوترێت کـوڕی خوشـکی ئەیـوب پێغەمبەر (سـەلامی لەسـەر بێـت) بووە، یـان کوڕی پـووری بـووە. ڕەچەڵەکـی دەگەڕێتەوە سـەر خێزانی (ئەسـوان) لـە میصـر و، لە سـەردەمی داود پێغەمبەردا (سـەلامی لەسـەر بێـت) بووە و، لە شـاری (نوبە)دا ژیاوە. بـەڵام لە قورئانی پیـرۆزدا ئامـاژە بە شـوێن و کات و سـەردەمەکەی نەکراوە.

شێوەی ڕووخساری لوقمانی حەکیم

لوقمـان بەندەیەکـی ڕەش پێسـتی لـچ ئەسـتوور و قاچ قلیشـاو و قـژی لوول و بـاڵای کـورت بووە.

دەڵێن جارێکیان کەسـێک پێی دەڵێت: لوقمان بە ڕاسـتی شێوەیەکی ناحـەز و ناشـیرینت هەیـە، ئەویش وەڵاکـی دەداتـەوە: ئایا ڕەخنە و عەیـب لـە شـێوەی نەخشـەکە دەگرێـت یـان لـەو کەسـەی کە نەخشـەکەی کێشاوە.

خـودای گـەورەش لە بـری ئەو شـێوەیەی بەوە ڕێزی لـێ ناوە و شـەرەفمەندی کـردووە کە لـە قورئانە پیرۆزەکەیدا نـاوی بردووە و، لـە بـری جوانی شـێوەکەی ئەخلاق و هەڵسـوکەوتێکی جوان و نـاوازە و حیکمـەت و داناییەکـی تۆکمە و پڕ بەهای پێبەخشـیوە.

وەکـو گێڕانەوەیەک کە دەوترێـت ئەبـو دەرداو وتوویەتی: لوقمان نـە نەسـەب و خێزانێکی بـاش و بەناوبانگ و، نە ماڵ و سـامان و نـە تایبەتمەندی و شـتێکی جیاکراوەی وەهای لـە ڕووی ماددییەوە نەبـووە، تەنها پیاوێکی هـەژار و فەقیر بووە. بە ڕۆژ نەخەوتووە و، هیچ کەسـێکیش نەیبینیوە و لەبەر چاوی کەسـدا پێداویسـتی خۆی

له ئاودەستكردندا جێبەجێ نەكردووە و هیچ كەسێك بەو شێوەیە نەیبینیوە (ئاشكرایە كە زوو وەكو ئێستا نەبووە كە شوێنێكی دیاریكراو و داپۆشراو نەبووە كە وەكو ئاودەست بەكاربهێنرایە).
وەكو باسدەكرێت كە ژنی هێناوە و منداڵیشی هەبووە بەڵام منداڵەكانی مردوون، لە گێڕانەوەیەكی تردا دەوترێت: كە تەنها كوڕێكی هەبووە زۆری خۆشویستووە كە ئامۆژگارییەكانی لە لوقمانەوە دەگێڕدرێتەوە بۆ ئەو كوڕەی بووە ئاڕاستەی ئەوی كردووە و بە كوڕی شیرینم و كوڕی خۆم بانگی كردووە.

كار و پیشەی لوقمانی حەكیم

ئەو هەواڵانەی پێمان گەیشتووە بە چەند گێڕانەوەیەكی جیاواز لە بارەی سروشتی پیشەكەیەوە هاتووە، هەندێك دەڵێن: پیشەی دارتاشی بووە، هەندێك گێڕانەوەش هەیە كە پیشەی بەرگدروو بووە، هەروەها دەوترێت: شوانیشی كردووە، بۆ ماوەیەكیش قازی نەتەوەی بەنی ئیسرائیل بووە.
هەموو زانایان كۆدەنگن لەسەر ئەوەی كە لوقمان حەكیم و دانایەكی وەلی و خواپەرست بووە و، پێغەمبەر نەبووە.
پێغەمبەری خۆشەویستمان (ص) لە فەرموودەیەكدا دەفەرموێت: "لوقمان بەندەیەك بووە كە زۆر بیریكردووەتەوە و بیركردنەوەی زۆر بووە، گومانی باشی بردووە و، زۆر بێدەنگ بووە، خودای گەورەی خۆشویستووە و، خودای گەورەش منەتی لەسەر ناوە بەوەی حیكمەت و دانایی پێبەخشیوە".

Scanned with CamScanner

باسی لوقمان لە قورئانی پیرۆزدا

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی لوقمان دەکات و سوورەتێکیش بە ناوی ئەوەوەیە بە ناوی سوورەتی لوقمان، کە باسی وتەکانی دەکات کە بە شێوەی ئامۆژگارییە و ئامۆژگاری کوڕەکەی کردووە و، قورئانی پیرۆزیش ئەو ئامۆژگارییانەی تۆمارکردووە و دەیگێڕێتەوە.

ئامۆژگارییەکانیش لەم چەند ئایەتەدا لە سوورەتی لوقماندا باسکراوە، ئەوانیش:

أعوذ بالله من الشيطان الرجيم

وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ أَنِ اشْكُرْ لِلَّهِ وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن
كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ (12) وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ
بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ (13) وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا
عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ (14) وَإِن جَاهَدَاكَ
عَلَىٰ أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا معروفا
وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (15) يَا
بُنَيَّ إِنَّهَا إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي
الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ (16) يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ
وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ (17) وَلَا تُصَعِّرْ
خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ (18)
وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ (19) أَلَمْ
تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً

Scanned with CamScanner

وَبَاطِنَةً وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ (20) (سورة لقمان: 2-٠).

واته:

12/ سوێند بە خوا بە ڕاستی دانایی و حیکمەتماندا بە لوقمان (و پێمان وت) سوپاسی خوا بکە چا هەر کەس شوکرانەبژێری خوا بکات ئەوە بێگومان شوکرانەبژێری (بۆ قازانج و سوودی) خۆی دەکات.

13/ (ئەی موحەممەد (ص) باسی ئەو کاتە بکە کە لوقمان بە کوڕەکەی وت کە ئامۆژگاری دەکرد (وتی): ئەی کوڕە شیرینەکەم هاوبەش بۆ خودا دامەنێ چونکە بە ڕاستی هاوبەش دانان بۆ خوا ستەمێکی زۆر گەورەیە.

14/ وە فەرمانمان داوە بە ئادەمی (بە چاکی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ) دایک و باوکیدا، دایکی هەڵیدەگرێت بە دووگیانی (پێی لاواز دەبێت) لاوازی لە دوای لاوازی و، برینەوەی لە شیر لە (دوا تەمەنی) دوو ساڵییەوە، (وە فەرمانمان بە ئادەمی دا) کە سوپاسگوزاری من (خودا) و باوک و دایکت بکە تەنها بۆ لای منە گەڕانەوەتان.

15/ وە ئەگەر (باوک و دایکت) ئەوپەڕی هەوڵیاندا لەگەڵت بۆ ئەوەی شتێ بکەیت بە هاوبەشی من کە هیچ زانیارییەکت پێی نییە ئەوە گوێڕایەڵییان مەکە، بەڵام لە دنیادا زۆر بە چاکی هاوڕێیەتییان بکە و شوێن ڕێبازی کەسێک بکەوە کە بە دڵسۆزی گەڕاوەتەوە بۆ لای من (لە دوارۆژدا) گەڕانەوەتان تەنها بۆ لای منە ئینجا هەواڵتان دەدەمێ بەو کردەوانەی کە کردووتانە.

Scanned with CamScanner

16/ (لوقمــان وتــی) ئەی کوڕە شــیرینەکەم بە ڕاســتی ئەو (چاکە و تاوانــە) ئەگەر کێشــی تۆوە خەرتەلەیەکیش بێـت لە ناو بەردێکدا یــان لە نــاو ئاســمانەکان یان لــە زەویدا بێت خــودا (لــە قیامەتدا) دەیهێنێــت، بە ڕاســتی خودا وردبیــن و ئاگادارە.

17/ ئــەی کــوڕە شــیرینەکەم نوێژ بەجــێ بهێنە و فەرمــان بکە بە چاکــە و بەرگــری بکــە لــە خراپــە، هۆگــر و بە ئــارام بە لەســەر هــەر بەڵا و ناخۆشــییەک تووشــت دێــت، بێگومان ئــەوە لەو کارە گەورانەیــە کە خــودا پێویســتی کردووە.

18/ ڕوو لــە خەڵــک وەرمەگێڕە و بە کەشــخە و فیــزەوە مەڕۆ بە زەویــدا، چونکە بە ڕاســتی خوا هیــچ خۆبەزلزانێکی شــانازیکەری خۆش ناوێت.

19/ وە لــە ڕۆیشــتندا مامناوەنــدی بــە (نــە هێــواش و نــە پەلــە)، (لــە قســەکردندا) دەنگــت نزم بکــەرەوە، بە ڕاســتی ناخۆشــترینی دەنگــەکان دەنگــی (ســەرەی) گوێدرێژە.

خودای گەورە لەم ئامۆژگارییانــەدا خێرێکی زۆری کۆکردووەتەوە و، ڕێگریشــی لە زۆرێک لە شــەڕ و خراپەکان کردووە.

ئازادکردنی و بەسەرهاتی لوقمان لەگەڵ داود پێغەمبەردا (سەلامی خودای لەسەر بێت)

وەک باســدەکرێت لوقمــان بەندەی (عەبدی) کەســێک بــووە، دەڵێن جارێکیــان خاوەنەکــەی چووەتــە ئاودەســت و زۆری پێچــووە، لوقمانیــش دەنگــی بەرزکردووەتــەوە و وتوویەتی: دانیشــتنی زۆر لــە ئاودەســتدا دەبێتــە هۆی سیســبوونی جگــەر و دروســتبوونی

Scanned with CamScanner

مایەسیری و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، پاشان ئەویش دوای کەمێک دانیشتن هەستا و ڕۆیشت، کاتێکیش لە ئاودەست هاتووەتەدەرەوە فەرمانیکردووە کە ئەو وتانە بنوسرێتەوە و لەسەر دەرگای ئاودەستەکە هەڵبواسرێت تاکو خەڵک لە ئاودەستدا زۆری پێ نەچێت و تووشی ئەو زیانانە نەبێت.

لە بەسەرهاتێکی تردا لەسەر دانایی و حیکمەتی لوقمان دەیگێڕنەوە کە: لوقمان بەندەیەکی حەبەشی بووە و پیشەی دارتاشی بووە، جارێکیان خاوەنەکەی پێی دەڵێت: بڕۆ ئەو بەرانەمان بۆ سەربببڕە، ئەویش دەچێت و سەریدەبڕێت و دوایی دێتەوە بۆ لایان و، خاوەنەکەی پێی دەڵێت: باشترین دوو پارچەی گۆشتی ئەو بەرانەم بۆ بهێنە، لوقمانیش دەچێت زمان و دڵەکەی بۆ دەهێنێت. پاشان دەڵێت: بڕۆ ئەو بەرانەی تر سەربببڕە، ئەویش سەریدەبڕێت، پاشان پێی دەڵێت: خراپترین دوو پارچەی گۆشتی ئەو بەرانەم بۆ بهێنە، لوقمانیش دەچێت بە هەمان شێوە زمان و دڵەکەی بۆ دەهێنێت، ئەویش بە لوقمان دەڵێت باشە من پێم وتیت باشترین دوو پارچەی گۆشتی ئەو بەرانەم بۆ بهێنە تۆ زمانی و دڵەکەیت هێنا و، پاشان بۆ خراپترین دوو پارچەی بەرانەکەی تریش هەر زمانی و دڵەکەیت هێنا، باشە ئەمە بۆچی؟ لوقمانیش وەڵامیدایەوە و پێی وت: هیچ شوێنێک لەو دوانە باشتر و پاکتر نییە ئەگەر بە باشی و پاکی ڕابگیرێن و بپارێزرێن، هەروەها لەو دوانەش خراپتر و پیستر نییە ئەگەر بە خراپە بەکاربهێنرێن.

بۆیە خاوەنەکەی لەسەر ئەو هەڵوێستە بە حیکمەت و دانایی

Scanned with CamScanner

و زیرەکییـەی ئـازادی کـرد، دوای ئازادبوونیشـی وڵاتـی میصـر بەجێدەهێڵێـت و دەچێتـە وڵاتی فەلەسـتین و، لەو ماوەیەشـدایە کە خـوای گەورە داود پێغەمبەر (سـەلامی خودای لەسـەر بێت) وەکو پێغەمبەرێـک ڕەوانە دەکات.

لوقمانیـش بە کـرێ کار بـۆ داود داود پێغەمبەر (سـەلامی خودای لەسـەر بێـت) دەکات، ئەویـش بـۆی دەردەکەوێـت کـە لوقمـان کەسـێکی دانا و حەکیمە بۆیە چاودێـری دەکات تاکو ببێت بە قاچی بـۆ نەتەوەی بەنو ئیسـرائیل، هەروەها لوقمانیش لە سـەر دەسـتی داود پێغەمبـەردا خۆشەویسـتی خـوای گەورەی بەدەسـتهێناوە و خوای گەورەش پشـکێکی زۆری زانسـت و حیکمەتی پێ بەخشیوە.

کۆچی دوایی و مردنی لوقمانی حەکیم

دوای ئـەوەی کـە ئازادکـرا و لە کەسـێکی بەندەوە دەبێتـە قاچی، وەکـو باسـدەکرێت تەمەنێکـی زۆر ژیـاوە. دوای ئـەوەی کۆچـی دوایـی دەکات دەڵێـن کـە گۆڕەکـەی لـە (گبریایە) لـە خۆرهەڵاتی دەریاچەکـەوە، هەروەهـا دەوترێـت کـە گۆڕەکـەی لـە ناوچـەی (بلجرشـی)یە لە خێڵی غامـد لە گوندێکدایە کە بە (حزنە) ناسـراوە.

چەند خاڵێک زۆر بە پوختـی لە ئامۆژگارییەکانی لوقمانەوە باس بکەین:

ئاشـکرایە کە ئـەو ئامۆژگارییانەی لوقمان کە لـە قورئانی پیرۆزدا باسـکراوە ئاماژەی بە چەند شتێکی زۆر ناوازە کردووە و پەنجەی خسـتووەتە سـەر چەنـد خاڵێک کە بـە درێژایی ژیانـی مرۆڤایەتی بـە بەردەوامـی بە پێی جیاوازی ئاسـت و کەسـەکان دەتوانرێت لە

Scanned with CamScanner

شوێنی خۆیدا بەکاربهێنرێت و سوودی بەردەوامی لێوەربگیرێت.
ئێمەش چەند لایەنێکی کەم بە چەند خاڵێک بە پوختی باسدەکەین (سەرای ئەوەی کە چەندین کتێب لەم بارەیەوە نووسراوە. بەلام بۆ ئەوەی درێژەی پێنەدەین تەنها چەند خاڵێک بە پوختی باسدەکەین):

1. بروابوون بەخودا و بە تاک و تەنها زانینی و، بە هیچ جۆرێک هاوەڵی بۆ دانەنێین.
2. دەبێت دایک و باوک ئامۆژگاری منداڵەکانیان بکەن، چونکە ئەوە ئەرکی لەسەریان نەک تەنها شتێکی سادە بێت، هەروەها بەجوانترین شێوە ئامۆژگارییان بکەن، تاکو ئەوانیش لەسەر رێگەیەکی راست پەروەردە ببن کە ئەوە مافی منداڵ لەسەر دایک و باوک.
3. گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵاندا کە هەم بە شێوەیەکی دروست پەروەردە دەبن، بەوەش تاکەکانی خێزان باش دەبن و بەمەش کۆمەڵگەیەکی تەندروست و سەلامەت پێکدێت.
4. هەوڵدانی دایک و باوک بۆ دۆزینەوەی کێشەکانی منداڵەکانیان و چارەسەرکردنیان، تاکو لە داهاتووشدا رووبەرووی هەر کێشەیەک بوونەوە دایک و باوکیان ببنە پەناگەیەک بۆیان و تەنها روو لەوان بکەن نەک بچنە دەرەوە و لە هەر شوێنێک بێت کە دیارنییە ئەوەی کە دەوترێت بۆ چارەسەرکردنیان ئایا گونجاوە یان بە شێوەیەک لە شێوەکان بە لارێدا بردنیان و سەرگەردان بوونیانە لە بری ئەوەی چارەسەری کێشە و گیروگرفتەکانیان بۆ بکرێت.

Scanned with CamScanner

5. هەڵبژاردنی بێدەنگی بەسەر قسەکردندا، چونکە وتراوە: ئەگەر قسەکردن زیو بێت ئەوا بێدەنگی ئاڵتوونە، یان پێشینان وتەنیش: خودا دوو گوێ و یەک زمانی بە مرۆڤ بەخشیوە.

Scanned with CamScanner

- کورەکـەم؛ مرۆڤـەکان بـە دوو چاو و یەک زمان لـە دایک دەبن؛ تاکـو دوو هێندەی ئەو شـتەی دەیڵێن ببینن.

- کـوڕی خـۆم؛ ئـەوە بزانە دنیـا گەورەیـە و مرۆڤیـش بچووک، بـەڵام مرۆڤ دەتوانێت لـە ڕێگای چاکەکاری و عیبـادەت و گوتنی زیکـری خـودا وەها گەورە ببێتـەوە کە جیهان لە ئاسـتیدا بچووک بێـت، هەڵبەت بـە چاکەکاری و زیکـری خودا.

- ئەگـەر دەتەوێـت لـە لای خەڵک و خـوا خۆشەویسـت و گەورە بیـت، دەبێـت عەقڵت بەسـەرتدا زاڵ بێـت و، بێ فەرمانـی عەقڵ و ڕاوێژکـردن بـە خوا دەسـت بـۆ هیچ کارێـک نەبەیت.

- کـوڕم وریابـە! وەک چـۆن غـەم و مـەراق ڕۆح دەفەوتێنێـت، زۆربلێیـش دەتوانێـت لەبەرچـاوی خەڵـک سـووکت بـکات.

- کوڕەکـەم وریا بە! هەرگیز فەرامۆشـی مەکە کـە مرۆڤەکان دوو گوێیـان هەیـە و زمانێـک، کەواتـە دەبێت دوو هێندەی ئەو شـتەی باسـی دەکەن، ببیستن.

- مەبەسـتی سـەرەکی لـە ژیـان فێربوونـی زانسـت نییـە، بەڵکو ئەنجامدانـی ئـەو شـتانەیە وا فێریـان بوویـن.

- کـوڕی خۆشەویسـتم؛ ئەوە بزانـە کە هەتاو گەرمـا و ڕووناکیی

Scanned with CamScanner

خـۆی بە ڕووەکێک دەبەخشـێت کە سـەری لە خـاک دەرهێنابێت. کەواتـە تۆش تەنیا کاتێک دەتوانیت سـوود لـە ڕووناکی و ئارامیی خـودا ببینیـت کە بیـر و ڕۆحی خۆت لـەم زەوییە خاکییـە بهێنیتە دەرەوە و، بیـر لە دنیای مـاددی نەکەیتەوە.

- کـوڕی خـۆم وریا بـە! ئەگەر خەڵک نەتناسـن کێشـە نییە، بەڵام ئەگـەر تۆ خەڵک نەناسـیت دەبن بە هۆی خەم و مـەراق و دۆڕانی تۆ.

- کـوڕم؛ خودا بەردەوام لە ڕێگای زمانـە جیاجیاکانەوە مرۆڤەکان بەرەو چاکەکاری و زیکری خودا و ڕێنوێنی خەڵک ڕێنوێنی دەکات، کەواتـە کـوڕم تۆش هەموو کێشـەکانت یـەک بە یەک بسـپێرە بە دەسـتی خـودا و، خـۆت بـە زیکـری خوداوە سـەرقاڵ بکـە، تاکو خـودا ڕێگای ڕزگاربوون لە کێشـەکانت پیشـان بدات.

- کـوڕی ئازیـزم؛ ئـەو کاتانـەی تـۆ لـە نـاو بیـر و ئەندێشـەی خۆتـدا هەوڵی ناسـینی خـودا دەدەیـت؛ خـوداش بارودۆخێکت بۆ دەرەخسـێنێت بـۆ ئەوەی ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بتوانیت باشـتر خودا بناسیت.

- کـوڕم؛ ڕەنجبـردن بەشـێکە لە ژیان و وانەت فێـر دەکات، ئەگەر ڕەنجت بە نەسـیب نەبێـت ناتوانیت فێری باشـترین وانەکانی ژیان بیت، بـەڵام مخابن زۆربـەی مرۆڤەکان لەم ڕاسـتییە تێ ناگەن.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆم تۆ ناتوانیت لە ڕێگای فەلسەفەوە خودا بناسیت، بەلام لە ڕێگای بیرکردنەوە لە ئافرێنراوەکانی خوداوە دەتوانیت بگەیت بە تێگەیشتن و بڕوایەکی تەواو و، تێدەگەیت کە خودا ولامی هەموو پرسیارە ڕۆحییەکانتە.

- ئەوەش بزانە کە خودا داوای کارێکت لێ ناکات کە لەبەر شانت قورسە و پێت ناکرێت، بەلام تۆ خۆت دەبێت لە ڕێگای زیکر و ڕێنوێنیکردنی خەلکەوە خۆت بگەیەنیت بە ئاستێکی بالا.

- زۆرێک لە خەلک پێیان وایە هێندە خراپ و گوناهکارن کە ناتوانن لە خودا نزیک ببنەوە، بەلام خودا زۆر بەخشندە و میهرەبانە. تەنانەت میهرەبانترە لە دایک.

- بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی دەبێت لە هەموو کارەکانی ژیانتدا بە پێی داهاتی ڕۆژانەت ڕێژەیەک پارە پاشەکەوت بکەیت، تاکو بۆ سەردەمی پیری و لاوازیت بتوانیت بە ئاسوودەیی بژیت. هەروەها ئەگەر ئێستا لە ئاسوودەیی و دەولەمەندیدا دەژیت هەول بدە هەندێک پارە پاشەکەوت بکەیت بۆ کاتی پیریت، چونکە توانایی و هێزی مرۆڤەکان وەکو هەتاوی بەرەبەیان لە تەواوی سەعاتەکانی ڕۆژدا پایەدار نییە.

- کوڕم وریابە! سەبارەت بە داهاتووت بە فیزەوە قسە نەکەیت، چونکە نازانیت لە داهاتوودا چی ڕوودەدات. هەروەها هەرگیز

Scanned with CamScanner

وەسفی خۆت مەکە و تا پێت دەکرێت هەوڵ بدە بە چاکەکردن وا لە خەڵک بکەیت ئەوان وەسفی تۆ بکەن.

- کوڕی خۆم زۆر بیربکەرەوە و کەم قسە بکە مەگەر لە وتنی ڕاستیدا نەبێت، زۆر بگری و کەم پێبکەنە.

- کوڕی خۆم گاڵتە و سوعبەت زۆر مەکە و قیژە قیژ مەکەو دەمەقاڵێ زۆر مەکە، هەر کاتێک بێدەنگ بووی با بێدەنگیەکەت بیرکردنەوە بێت، هەرکاتێکیش قسەت کرد بە دانایی قسەبکە.

- کوڕی شیرینمماڵەکەت بە فیڕۆ مەدەو ماڵی خەڵکیش بە چاک مەزانە، ماڵی خۆت ئەو ماڵەیە کە لەپێش خۆتدا بەڕێی دەکەیت و ماڵی خەڵکیش ئەو ماڵەیە کە لەدوای مردن بەجێدەهێڵرێت.

- ئەی کوڕی شیرینم هەموو هەوڵێکت لە چاکەدا با بەزۆر لەخۆ کردن بێت و هەرگیز نەڵێی بەسە.

- کوڕی خۆم ئەوەندە گرنگی بە دنیا مەدە کە ئاگات لە خۆ ئامادەکردن بۆ ڕۆژی دوای نەمێنێت.

- کوڕم؛ تۆ لەناو بیر و هزری خۆت و لە کاتی زیکری خودا داوا لە خودا بکە و بڵێ: خودایا عەقڵ و ئەندێشەم نوورانی بکە تاکو لە ڕێگای ڕاستی ژیان تێبگەم و، دڵێکم پێ ببەخشە تاکو

Scanned with CamScanner

میهرەبانــی و چاکــە و راســتی بە مرۆڤەکان ببەخشــم.

- کوڕم؛ بڵێ: خودایا بارانی بەخشش‌ــی نوورانییەت بە ســەر عەقڵ و ئەندیشــەمدا ببارێنــە و، لــە کاتەکانی تەنیاییمدا ببــە بە هاودەم و هاوڕێ و هاونشینم.

- کــوڕی خۆشەویســتم؛ گوتنــی زیکــری خــودا لە ڕێــگای فیکر و ئەندیشــەوەیە. داوا لــە خودای گەورە بکە و پێــی بڵێ: ئەی خودای عالەمیــان و، ئــەی میهرەبانترینی میهرەبانان، بە یادی خۆت ســاتە ناوازەکانــی گەنجیم نوورانی بکەوە و، لە هــەر بەرزی و نزمییەکدا و، لــە هەموو ســاتەکانی ژیانــدا یارمەتیم بدە.

- کــوڕم وریابــە! هــەر کاتێــک ویســتت ژن بهێنیــت هــەوڵ بــدە زانیــاری تــەواو لەســەر ئەو کەســە بەدەســتبهێنیت کــە دەتەوێت لەگەڵــی بژیــت و، هێنــدە باش بیناســیت کە ژیانی هاوبــەش لەگەڵ ئــەو چێژبەخــش بێــت بــۆت. هەروەهــا ژنێک بێنــە کە لــە هەموو لایەنەکانــەوە لــە تۆ بچێــت و، هەمــوو تایبەتمەندییەکانــی لە پێش چــاوی خۆت و خەڵکەوە پەســەند بێت. هاوســەری بــاش و ژیر و لەخواتــرس باشــترین یــاری ژیانە.

- کــوڕم؛ بڵێ: ئەی خــودای دوورخەرەوەی خەمــەکان تەنیا هانا بۆ تۆ دێنم، لە شــەڕی بێ فکری و هەڵەکانم. ئەی ڕووناککەرەوە، ســاتەکانی گەنجیــم بە بیرکردنەوە و عەقڵ و ئەندێشــەی باڵا بەرز ڕووناک بکەوە.

Scanned with CamScanner

- کـورم؛ کاتــێ ڕۆدەچیتــە نــاو قووڵایــی بێدەنگییــەوە جوانــی و ئارامیــی ڕۆح ئەزمــوون دەکەیــت و، کاتێــک دەچیتــە قووڵایــی بێدەنگــی و زیکــری خــوداوە هەمــوو ترســەکانت لەنــاو دەچن و، گوتنــی زیکــری خــودا لەنــاو بێدەنگیــدا لــە ڕادەبــەدەر جوانە.

- کـورم؛ ئــەوە بزانــە ئەگــەر بــە درێژایــی تەمەنت بێدەنــگ بیت و خەڵــک داوات لــێ بکــەن قســەیان بــۆ بکەیــت؛ باشــترە لەوەی بــەردەوام قســە بکەیت و قسەکانیشــت بێهودە بــن و، خەڵک ئازار بدەیــت و، خەڵــک داوات لــێ بکــەن بێدەنــگ بیت.

- کــوڕی خــۆم؛ هیــوا نیــوەی بەختەوەرییــە. ئومێــدەواری و هیوا لــە کار و ژیانــدا زۆر گرنگــە و، لــە باڵــی باڵندە دەچێت کە چەند بــۆ فڕین پێویســتە. ئومێــد و ئومێــدەواری بەخشــش و نیعمەتێکی گەورەیە.

- کوڕەکــەم؛ هــەوڵ بــدە هەرگیز خێــرا و بە پەلە قســە نەکەیت و، بــەردەوام بــە نەرمییەوە بدوێیت. کەســێک کە بە نەرمــی و هێمنی قســە دەکات هەم خــۆی لە ئاســوودەییدایە و، هــەم خەڵک دەخاتە ئاســوودەیی و متمانەوە.

- کــوڕی خۆم؛ هیچ چارەیەک بۆ لەدایکبــوون و مردن نییە؛ کەواتە باشــترە بە درێژایی ژیان باشــترین کەڵک لــە کات و تەمەنی خۆت وەربگریــت. ئــەم دنیایە فانییــە و زوو کۆتایی پێدێــت، دواجار هەر

Scanned with CamScanner

ڕۆژێـک کۆتایـی پێدێت. دەوڵەمەنـد بیت یان نا هیـچ جیاوازییەکی نییە.

- کـوڕی خـۆم خـۆت بەجۆرێـک ڕابێنـە کارەکانـت خـۆش بوێ ئارامبگـرە لەسـەر تاڵیەکانی.

- کوڕەکـەم بـا لەگەڵ هەموو خەڵکیدا ڕەوشـتت جوان بێت، چونکە ئەگـەر کەسـێک ڕەوشـتی جـوان بێـت و ڕووی خـۆش بێت لای چـاکان خۆشەویسـت دەبێـت و خراپانیش لێـی دوور دەکەونەوە.

- کـوڕی خـۆم لەکاتـی تووڕەییدا بە سـام بە و لە کاتی ناخۆشـیدا شـادمان بە و لەکاتی خۆشـیدا سـوپاس گوزاربە و لەکاتی نوێژدا ملکـەچ بە و لـە چاکە کردنـدا پەلە بکە.

- کـوڕی خۆم کاتەێک دەسـەڵات هانیدای سـتەم لـە خەڵکی بکەی بیـری دەسـەڵاتی خـوات بکەوێتەوە بەسـەرتا و ئاگات لە سـزای خودابێـت وە سزاکەشـی هەمیشـەییە و کۆتایی نایەت.

- کـوڕی خۆم خـۆت لەتەماح بپارێـزە چونکە تەمـاح هەژارییەکی ئامادەیە.

- کـوڕی شـیرینم خۆت لـە تووڕەیی بپارێـزە چونکـە تووڕەیی دڵی پیـاوی دانا لەنـاو دەبات، خـۆت لـە خۆشـگوزەرانی زۆر بپارێزە

چونکە لێپرسینەوەی سبەینێت قورس دەبێت.

- کوڕی خۆم خۆت لە درۆ بپارێزە چونکە ئاینت تێک دەدات و شەخسیەتت لەلای خەڵکی نامێنێت، جا ئەوکاتە شەرم و جوانی و سامانت نامێنێ و ڕسوا دەبیت و کاتێک قسەدەکەی کەس گوێت لێناگرێ و باوەڕیشت پێناکەن، خێرو خۆشیش لە ژیانێکدا نیە ئەگەر بەم شێوەیە بێت.

- کوڕی شیرینم خۆت لە دەمەقاڵێ بپارێزە چونکە ئاشوبەکەی متمانە پێنەکراوە و داناییەکەشی نابەستریتەوە.

- کوڕی شیرینم دنیا بە دواڕۆژت بکڕە لە هەردووکیان قازانج دەکەی، دواڕۆژت بە دنیا مەکڕە لەبەر ئەوەی لە هەردوکیاندا زەرەر دەکەی.

- کوڕی ئازیزم فێری چاکە ببە و خەڵکیش فێربکە.

- کوڕی خۆم ئەوکەسەی درۆت بۆ بکات لێی دڵنیا مەبە، درۆشت بە دەمەوە دەکات.

- کوڕی ئازیزم لە کۆڕ و کۆبونەوەدا لە شوێنی بەرز دامەنیشە، چونکە شوێنی نزم چاکترە بۆت وەک لە شوێنی بەرز.

Scanned with CamScanner

- کوڕی ئازیزم کاری بچووک بە کەم مەزانە، چونکە هەر کاری بچووکە سبەینێ گەورە دەبێت.

- کوڕی خۆم داوای پێویستی لەکەسی خوار خۆت مەکە چونکە ئەگەر شتێکت بداتێ منەت دەکات بەڵکو هەر داوا لە خودا بکە چونکە خودا پێی خۆشە کەسێک داوای لێبکات، ئەگەر کەسێکیش داوای لێنەکات لێی تورە دەبێت.

- کوڕی ئازیزم هەرکەسێک راوێژ نەکات پەشیمان دەبێت، هەرکەسێک هاوڕێیەتی کەسی خراپ بکات سەلامەت نابێت، هەرکەسێک بچێتە شوێنی نەشیاو تۆمەتی بۆ دروست دەکرێت، هەرکەسێک ڕقی لە خراپە بێت دەپارێزرێت، هەرکەسێک چاکە بکات سوپاس دەکرێت هەرکەسێک ڕەحمی نەبێت خوداش ڕەحمی پێناکات.

- کوڕی خۆم داوای کۆتایی کار مەکە و سەرەتاکەشی ڕەت مەکەرەوە، چونکە ئەوە بۆچوون کەمدەکاتەوە.

- کوڕی ئازیزم سەرسام مەبە بە چاکەکانت ئەگەرچی زۆریش بێت چونکە تۆ نازانی ئایا خودای گەورە لێی وەرگرتوی یان نا.

- کوڕی شیرینم زۆر خەڵک سەرقاڵ مەکە و مافیشیان بدە، ستەمکار مەبەو خۆشت لەپارانەوەی ستەملێکراو بپارێزە.

Scanned with CamScanner

- کوڕی ئازیزم چاو مەبڕە جوانــی و ڕازاوەیی دنیا داوای هەموو جوانییەکیش مەکە لە دنیا با هیمەتت لەو شتانەدا بێت کە لە خودای گەورەت نزیک دەکاتەوە.

- کوڕی شیرینم لەو زانستەی هەتە نەزانی پێ فێر بکە لەسەرو زانیاری خۆشتەوە بەدوای زانستی زانایان بکەوە و هاوەڵێتی نەفام مەکە ئەگینا وەک و ئەوت لێدێت.

- کوڕی خۆم دڵخۆش مەبە بە ماڵێک ئەمڕۆ تیایدا زیندوویت و سبەینێ دەمریت و بەجێی دێڵیت.

- کوڕە ئازیزەکەم دەمەقاڵێ لەگەڵ دانا مەکە، دەمەقاڵێ لەگەڵ ڕۆچوودا مەکە، لەگەڵ ستەمکاردا مەژی هاوەڵێتی گومانلێکراویش مەکە.

- کوڕەکەی لوقمان بە باوکی ووت: کێ دەوڵەمەندترین کەسە ؟ دەڵێن کەسێک دەوڵەمەندە ماڵ و سامانی زۆر بێت ؟ لوقمان یش پێی ووت: نا کوڕەکەم بەڵکو دەوڵەمەندی لە زانستدایە ئەگەر پێویستی بوو دەستی دەکەوێت و ئەگەر لێی بێنیاز بوو خۆی بەسە.

- کوڕی خۆم با گومانی خراپ بەسەرتا زاڵ نەبێت چونکە لەنێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا چاکسازی ناهێڵێت.

- کـوڕی خـۆم لەگەڵ نەفاماندا دامانیشـــە و هەرگیز تێکەڵاوی دوو ڕوو مەبە.

- کـوڕی شـیرینم هەرکەسـێک دایـک و باوکـی لـە خـۆی ڕازی بـکات خودای خـۆی ڕازی کردووە، هەرکەسـێکیش دایک و باوکی لەخـۆی تورە بـکات خـودای لەخۆی تورە کـردووە.

- کوڕی شـیرینم هەرکەس پشت بە خودا ببەستێ و بە قەزاوقەدەر ڕازی بێـت ئـەوە ئیمان و باوەڕی جێگیر کـردووە و خۆی یەکلایی کردۆتەوە بۆ چاکە.

- کـوڕم ئەقڵـی خەڵکـی بۆ خـۆت بـەرە کوڕەکەی ووتـی: چۆن؟ لوقمانـی حەکیـم فەرمـووی: لـە کارەکانتدا ڕاوێژیـان پێبکە.

- کـوڕە نازدارەکـەم هەرکاتێـک خراپەیەکـت کـرد چاکەیـەک بە دوایـدا بکـە، ئەگەر خەڵکی شـانازیان بە جوانی قسـەکردنەوە کرد تۆ شـانازی بـە بێدەنگییـەوە بکە.

- کـوڕەی ئازیزم کاتێک فەرمانیان پێکردی و پرسـیاری شـتێکیان لێکـردی بڵـێ بەڵێ مەڵێ نـەو چونکە ئەوە نەزانی و ڕوشـدییە.

- کـوڕی ئازیـزم ئامۆژگاریت دەکەم بە چەند شـتێک کە لە خودات نزیـک دەخاتەوە و لە تورەییەکەی دوورت دەخاتەوە:

Scanned with CamScanner

یەک: خودای پەروەردگار بپەرستە و هیچ هاوبەشێکی بۆ دامەنێ.
دوو: ڕازیبە بە قەدەری خودا لە هەرچی پێت خۆشە و پێت ناخۆشە.

- کوڕی خۆم کاتێک پێویستت بە دەسەلاتدارێک بوو زۆری لێمەکە و داواشی لێمەکە مەگەر لەکاتی شێنەیی و دڵخۆشیدا.

- کوڕی خۆم داوای یارمەتی لەکەسێک مەکە کە فێڵت لێدەکات و داوای هیچیش لەچرووک مەکە چونکە ئەگەر نەتداتێ پێنەدانەکەی عەیب و شورەییە بۆت خۆ ئەگەر بشتداتێ منەت دەکات بە سەرتدا.

- کوڕی ئازیزم چاکە بکە و خراپە مەکە بەڕاستی کەسی چاک چاکە ئەنجام دەدات و کەسی خراپیش خراپە ئەنجام دەدات.

- کوڕی ئازیزم ئامۆژگاری وەربگرە ئەگەرچی لەسەریشت قورس بوو.

- کوڕی شیرینم هاوار بۆ ئەو کەسەی گوێ دەگرێ گوێگرتنەکەی سودی بۆی نیە ، هاوار بۆ کەسێکیش زانست فێربووە و سودی پێناگەیەنێت، هاوار بۆ کەسێکیش گومڕایە و گومڕایی بەسەر ڕێی ڕاستدا هەڵبژاردووە.

-کوڕی خۆم بەڕاستی دانایی هەژار دەکات بە پاشا.

- کـوڕی ئازیز و بیلبیلەی چاوم تاڵی و سـوێری زۆرم چەشـتووە بـەڵام لـە هـەژاری تاڵتـرم نەچەشـتووە، ئەگـەر هەژار بـووی با خەڵکـی باسـت نەکەن و بە کەمـت بزانن بەڵکو داوای بەخشـش لە خـودا بکە کـێ هەیە داوای لە خـودا کردبێ و پێی نەبەخشـی بێت یـان لێی پاڕابێتـەوە و وەڵامـی نەدابێتەوە یان هانـای بۆ بردێ و بە دەمیـەوە نەچووبێ.

- کوڕی شـیرینم دایک و باوک دەرگایەکن لە دەرگاکانی بەهەشـت ئەگـەر لێـت ڕازی بـوون دەچیتە بەهەشـتەوە ئەگەر لێشـت تورە بوون بـێ بەش دەبیت لە بەهەشـت.

- کوڕی شـیرینم پەنا بگرە بە خودا لە شـەڕی خراپە و لەشـەڕی قەزاوقەدەر.

- کوڕی شیرینم بە ڕەزامەندی خودا خەڵکی لەخۆت تورە بکە.

- هەرکەسێک ئامۆژگاری خۆی بکات خودای گەورە دەیپارێزێت.

- هـەر کەسـێک خـۆی لـە خەڵکی بـە بچووکتـر بزانێـت خودای گـەورە بە هـۆی ئـەوەوە سـەربەرزی دەکات.

Scanned with CamScanner

- زەبونــی لــە گوێڕایەڵی خودای گــەورەدا چاکترە لە ســەربەرزی لەســەرپێچی خودای گەورەدا.

- هەر کەســێک درۆبکات ئاوی دەمووچاوی نامێنێت و کەســێکیش ڕەوشــتی ناشــرین بێت خەم و خەفەتی زۆر دەبێت.

- بێدەنگی داناییە بەڵام کەم کەس جێبەجێیدەکات.

- بەڕاســتی ئەگەر باوەڕدار ســەیری ســەرەنجامی کارەکانی بکات پەشیمان نابێت.

- ئامۆژگاری لەســەر نەفام قورســە هەر وەک ســەرکەوتنی پیری بەتەمەن بەســەر شــاخ و بەردەڵاندا.

- بەڕاستی مرۆڤی دووڕوو لەلای خودا بێوەی نابێت.

- هەرکاتێــک خودای گەورە بیەوێت خراپە لەنــاو نەتەوەیەکدا بڵاو ببێتــەوە دەمەقاڵــێ لەنێوانیــان بــڵاو دەبێتــەوە و کردەوەیــان کەم دەبێت.

- هاوەڵ ســێ جــۆرە، فێڵبــاز، پێزان، بە تەمــاح، فێڵبــاز ئەوەیە کە چاکــەی لەگــەڵ دەکەیــت و پاداشــتت ناداتــەوە، پێــزان ئەوەیە کە چاکــەی لەگەڵ دەکەی پاداشــتت دەداتەوە، بــە تەماحیش ئەوەیە کە

Scanned with CamScanner

بەبێ هیچ مەبەستێکی دنیایی حەزدەکات بتبینێت.

- کاتێک قسەت کرد لە کورتی ببڕەوە، کاتێکیش پێویستیەکەت جێبەجێ کرد قسە مەکە.

- فێڵی دڵ بە قسەکردن لەسەر زمان یان بەبینین لە چاودا دەردەکەوێت.

- لەگەڵ گێلدا مەژی ئەگەرچی دەوڵەمەنیش بێت.

- سەیری شمشێر بکە دیمەنەکەی چەند جوانە و ئازارەکەی چەند سەختە.

- بەڕاستی قسە هەیە ڕەق ترە لە بەردو تیژترە لە دەرزی و تاڵترە لە ئارامگرتن و گەرمترە لە پشکۆ، چەندین دڵ هەیە کێڵگەی هەیە تۆش لەو کێڵگەیەدا قسەی باش بڕوێنە ئەگەر هەمووشی نەڕوێت هەندێکی دەڕوێت.

- نەمبینیوە قورسستربێت لەو ووتە خراپەی لە دڵدا جێگیر دەبێت وەک جێگیربوونی ئاسن لە ئاودا.

- دەگێڕنەوە دوای ئەوەی خودای گەورە دانایی بە لوقمانی حەکیم دا، پیاوێک کە پێشتر دەیناسی بینیەوە پێی ووت: تۆ تا

Scanned with CamScanner

دوێنــێ لای گەورەکات شــوانی مەڕ بوویت ئەی چــی تۆی گەیاندە ئــەو پلــەو پایــە ووتــی: قــەدەری خــوداو بەجێهێنانــی ســپاردە و ڕاســتگۆیی لە قســەکردندا و بێدەنگ بوونم لەشــتێک کە پەیوەندی بە منــەوە نەبێت.

- پیاوێــک تەماشــای لوقمانی دەکــرد ئەویش پێــی ووت: ئەگەر بۆ ئەوە ســەیرم دەکەی کە دوو لێوی ئەســتورم هەیە ئەوا لەنێوانیاندا ووتــەی نــەرم و نیان دەردەچێت ئەگەر بۆ ئەوەش ســەیرم دەکەی کە ڕەش پێســتم ئەوا دڵم ســپییە.

- بــە لوقمــان ووتــرا چی تۆی گەیانــدە ئەو پلە و پایــە ؟ ووتی: بە وازهێنانم لەو شــتانەی پەیوەندییان بــە منەوە نیە.

- کوڕەکــەی لوقمان بە باوکی ووت: باوکە چ ڕەوشــتێک بۆ مرۆڤ چاکــە؟ ووتــی: ئایــن و ســامان، ووتــی: ئــەی ئەگەر ســیان بوو ؟
ووتی: ئاین و ســامان و شــەرم.
ووتی: ئەی ئەگەر چوار بوو؟
ووتی: ئاین و سامان و شەرم و ڕەوشتی جوان.
ووتی: ئەی ئەگەر پێنج بوو؟
ووتی: ئاین و ســامان و شــەرم و ڕەوشــتی جوان و بەخشــندەیی.
ووتــی: ئەی ئەگەر شــەش بوو؟
ووتــی: کــوڕی خۆم هەرکەســێک ئــەم پێنج شــتەی لــە خۆیدا کۆ کــردەوە ئــەوا پــاک و پارێزگار و دۆســتی خوایە و لە شــەیتانیش

Scanned with CamScanner

پارێـزراو ئەبێت.

- بە لوقمانی حەکیم ووترا: کێ ئارامگرتین کەسە؟
ووتـی: ئارامگرتنێـک ئـازاری بـەدوادا نەبێـت، ووتـرا ئـەی کـێ زاناترین کەسـە؟ ووتی: کەسـێک کە زانسـتی خەڵکی بخاتە سـەر زانسـتی خـۆی، ووترا: کـێ چاکترین کەسـە؟ ووتـی: دەوڵەمەند!، ووتـرا: دەوڵەمەنـدی لـە سـاماندا ؟ ووتی: نـا ئـەو دەوڵەمەندەی کاتێـک داوای چاکەیەکـت لێکرد لەلای ئەو دەسـتت بکەوێت ئەگەر نـا خۆی بـێ نیاز بـکات لـە خەڵکی.

- ئیبـن حەریـر دەڵێـت: لوقمانی حەکیم کۆیلەیەکی حەبەشـی بوو پیشـەی دارتاشـی بوو، جارێک گەورەکەی پێی دەڵێ ئەم مەڕەمان بۆ سـەر ببڕە پاشان ئەویش سـەری دەبڕێت، ئنجا دەڵێت چاکترین گۆشـتم بۆ دەربێنە پاشـان ئەویش زمان و دڵەکەی بۆ دەر دەکات، پـاش ماوەیەکی تـر پێی دەڵێ ئەم مەڕەمان بۆ سـەر ببڕە پاشـان ئەویـش سـەری دەبڕێـت، ئنجـا پێی دەڵێـت خراپترین گۆشـتم بۆ دەربێنـە دووبارە ئەویش زمان و دڵەکـەی بۆ دەر دەکات.
ئنجـا گەورەکەی پێـی دەڵێت فەرمانم پێکردی چاکترین گۆشـتم بۆ دەربێنـی زمـان و دڵەکەیـت بۆ دەرهێنـام، جـاری دووەم فەرمانم پێکـردی خراپترین گۆشـتم بۆ دەربێنی دووبارە زمـان و دڵەکەیت بـۆ دەرهێنام، ئەویش دەڵێت: هیچ شـتێک نیـە چاکتربێت لەو دوانە بـە مەرجێـک خاوەنەکەی پاک ڕایبگرێت هیچ شـتێکیش نیە پیسـتر لەو دوانـە ئەگەر خاوەنەکەی پیسـی بکات.

Scanned with CamScanner

- لـه خەڵکی خراپ دووربکەونەوە با دڵتان ساف بێت و لاشەتان ئاسودەبێت و دەروونتان ئارام بێت.

- دیدار و گەیشتن بە پیاوچاکان ئاوەدانی دڵانە، دڵ بە ووتەی دانایی زیندوو دەبێتەوە هەروەک چۆن زەوی بە بارانی پەڵە زیندوو دەبێتەوە.

- جارێک لوقمان دەچێتە خزمەت پێغەمبەر داود (س.خ) دەبینێت وا داود خەریکی چاکردنی زرێپۆشەکەیەتی، لوقمان نەیزانی داود خەریکی چیە وویستی پرسیاری لێبکات بەڵام لە دڵی خۆیدا ووتی بە پەلە نەکەم ماوەیەک چاوەڕێی کرد تا داود زرێپۆشەکەی چاک کرد و لەبەری کردو ووتی: بەخوا زرێپۆشێکی چاکە و بەکەڵکی جەنگ دێت و دەمپارێزێت، ئنجا لوقمان زانی کە شتەکە چی بوو بۆیە بە داودی ووت: بێدەنگی زێڕە و بەشێکە لەدانایی وویستم پرسیارت لێبکەم بەڵام خۆم گرت تا خۆت بۆت باس کردم و فێربووم.

- جارێک لوقمان بە دەنکە خەردەلەیەک ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد تا خەردەلەکە نامێنێت و لەناو دەچێت پاشان دەڵێت کوڕی خۆم ئامۆژگارییەکەم کردی ئەگەر ئامۆژگارییەکە بۆ شاخێک بوایە ئەوا شاخەکە لەت دەبوو پاشان دوای ئەمە کوڕەکەی مرد.

- دەگێڕنەوە کە لوقمانی حەکیم سەردانی عەنتەرەی کرد لە

وولاتێکی تـر پێـی ووت: تـۆ عەنتــەری؟ تـۆ ئازاتریـن خەلکـی ئـەم ســەردەمەی ؟ ئەتوانــی ئازایەتیـم فێربکەی؟، عەنتــەر ووتی: پەنجــەت بخەرە ناو دەمـم و منیش پەنجەم دەخەمە نــاو دەمتەوە، هەریەکەیــان لــە یــەک کاتــدا پەنجــەی یەکتریــان گەســت، لوقمان یەکســەر هــاواری لێ هەســتا، عەنتــەرە ووتی: ئەگەر تـۆ هاوارت نەکردایــە من هــاوارم دەکرد، ئــەوە ئازایەتیە کەمێـک خۆگربیت تا دوژمنەکــەت خۆگــری نامێنێت.

پاشــان عەنتــەرە بــە لوقمانــی ووت: تــۆ دانــای ســەردەمیت ئایــا دەتوانــی فێــری دانایـم بکەی؟

لوقمــان ووتــی: پەنجــەت بخــەرە نــاو دەممــەوە، پەنجەی خستە دەمیەوە لەقمان خێرا پەنجەی گەســت، عەنتــەرە کەوتە هاوارکردن لوقمــان ووتــی: ئەگــەر کەمێـک بیـرت هەبوایــە دەتزانــی کــە من دەســتت دەگــەزم و ئازارت ئــەدەم ئەوکاتە وا بە ئاســانی پەنجەت نــە ئەخســتە ناو دەمم، بەڕاســتی ئەمــە داناییە پێش ئــەوەی بچیتە نــاو بیــرەوە دەبێـت بزانیت چۆن دێیتــە دەرەوە.

- چــی بچێنیــت ئــەوە دە دووریتــەوە، هــەروەک چــۆن دوژمن بە پەیوەنــدی بەســتن دەبێـت بــە دۆســت، دۆســتیش بــە پەیوەندی پچــڕان دەبێتــە دوژمن.

- ببــە بــە بەنــدەی چــاکان و مەبــە بە دۆســتی خراپــان هەروەک چۆن لەنێوان گورگ و مەڕدا دۆســتایەتی نیە بەو شــێوەیە لەنێوان چاکــەکار و خراپەکاردا دۆســتایەتی نیە.

- دەوڵەمەند بەبێ ترس دەنوێت.

- نەرم و نیانی سەرچاوەی هەموو داناییەکە.

- داپۆشینی ئەوەی چاودێریت کردووە باشترە لە بڵاوکردنەوەی ئەوەی گومانم پێ بردووە.

- پرسیار نیوەی وەڵامە و گونجان لەگەڵ خەڵک نیوەی ئەقڵە.

- گەورەی ڕەوشتەکانی دانایی ئاینی خودای گەورەیە.

- ڕوشدی و ڕەوشت ناشرینی و زۆر داوای شت لە خەڵکی کردن نیشانەی نەفامانە.

- کەسی بەڕێز کە زوهدی بوو خۆی بە بەڕێز دەزانێ و کەسی بێڕێزیش کە زوهدی بوو خۆی بەگەورە دەزانێت.

- ئارامگرتن دوو جۆرە ئارامگرتنێک کە پێت ناخۆشە لات دەدات لە هەق ئارامگرتنێکیش کە پێت ناخۆشە ئارەزوو بۆلای خۆی بانگت دەکات.

- لێدانی باوک بۆ منداڵ وەک پەین وایە بۆ کێڵگە.

Scanned with CamScanner

- خۆشـبەختی بـۆ ئەو کەسـەی بە دنیـا هەڵنەخەڵەتـا و لە ڕۆژی دوایشدا پەشـیمان نابێتەوە.

- ڕووخۆشـی و دەرخسـتنی خـۆ بەکەمزانیـن و سـڵاوکردن و مامەڵـەی جـوان و وازهێنـان لە گونـاه دەبنە هۆی خۆشەویسـتی لەنـاو خەڵکیدا.

- ئارامگرتـن لەسـەر ناڕەحەتییەکان لە جوانـی یەقینەوەیە، هەموو کارێکیش تەواوی و مەبەسـتی خۆی هەیە، تەواوی پەرستش وەرع و یەقینـە مەبەسـتی گەورەیـی و بەرزیش ئەقڵـی جوانە، هەرکەس ئەقڵـی جوان بێـت ناتەواوییەکانـی دا دەپۆشـێ و خراپەکانی چاک دەکات و خـودا لەخۆی ڕازی دەکات.

- خۆشـبەختی بـۆ ئەو کەسـەی سـود لـە زانسـتەکەی دەبینێ و گـوێ لە قسـە دەگـرێ و شـوێن چاکترینیـان دەکەوێ.

- قسـە نەزانین نیشـانەی کـەم ئەقڵیە، جا تەماشـا بکـە بزانە چی دەڵێیت.

- هەرکەس چاکەکانی بژمێرێت بەخشندەیی نامێنێت.

- هەرکەس حەزی لە دەمەقاڵێ بێت جوێنی پێدەدرێت.

Scanned with CamScanner

- جارێـک لوقمانـی حەکیم بینرا لەدوای دزێکەوە دەڕۆیشـت پێیان ووت: ئـەی دۆسـتی خودا ئەوە لە دوای ئـەو بێباوەڕەوە دەڕۆی؟ ووتی: بەڵێ بەڵکو داوای لێبکەم باوەڕبێنێ و ڕزگاری بێ.

- دەگێڕنـەوە ماڵـی لوقمانـی حەکیم سـادەترین ماڵ بـوو لە ماڵی جاڵجاڵۆکە سـادەتر بوو، لەو بارەیەوە پرسـیاری لێکـرا لە وەڵامدا ووتـی: ئـەوە زۆرە بۆ کەسـێک کە بمرێت.

- ڕۆژگارێـک بەسـەر خەڵکیـدا دێـت کە چـاوی پیاوی دانـا تیایدا ڕوون نابێت.

- هەمـوو بەیانیـان و ئێوارانێـک زمان بـە ئەندامەکانـی تر دەڵێت: ئێـوە چۆنـن؟ دەڵێن: ئێمە بـاش دەبین ئەگـەر تۆ وازمـان لێبێنی.

- پێویسـتە پیاوی ژیر لە ماڵەوە وەک منداڵ و لە دەریشـەوە وەک پیاو خۆی پشـان بـدات. خودای گەورە ئێسـکی ئەوانـە دەڕزێنێت کە بـە ئارەزووی خەڵکی قسـە دەکەن.

- هـەر خۆشـییەک یا ناخۆشـییەک کـە دێتە ڕێت لەدڵـی خۆتدا بە شـتێکی چاکی بزانە.

- هیچ شتێک ماندووکەرتر نیە بۆ لاشە لە شتی پڕوپوچ.

Scanned with CamScanner

- هەرچی دەشاریتەوە لە دوژمنەکەت بۆ دۆستەکەتی ئاشکرا مەکە.

- نمونەی کەسی گێل وەک جلی کۆن وایە، کاتێک لایەکی دەدوڕێتەوە لە لایەکی ترەوە دەدڕێت و وەک شوشە وایە یەک ناگرێتەوە.

- کوڕی شیرینم؛ گوێ لە ئامۆژگارییەکانی باوکت بگرە و، سەرنجیان پێبدە بۆ ئەوەی ژیر بیت، کوڕم؛ لەبیرت بێت کە ئامۆژگارییەکانم بەسوودە، سەردەمانێک منیش گەنج بووم و جگە لە خوا هیچ پشت و پەنا و پشتیوانێکم نەبوو. تەنیا خواوەند ئامۆژگاری دەکردم. کوڕی خۆم، ئەگەر وتەکانم ببیستیت و بە کردەیی جێبەجێیان بکەیت؛ ئەوا بە زیندووی دەمێنیتەوە. کەواتە تا دەتوانیت ڕاستکردار و خۆپارێز بە. وتەکانم لەبیر مەکە و گومڕا مەبە. هەڵبەت وتەکانم سروش و ئیلهامی خواوەندە کە بۆ ئەندێشە و مێشکی من وەحی کراوە. هەوڵبدە لە وتەکانم پەند و وانەی ژیان فێرببیت. کوڕەکەم، خواناسی و لە خواترسی لە هەر شتێکی ئەم دنیا خاکی و تێپەڕە باشترە. خواناسی و لە خواترسیت خۆشبوێت، چونکە پارێزکاریت لێدەکەن، هەوڵ بدە بە هەر نرخێک دەتوانیت وانەی خواناسی فێرببە ،و بایەخ بۆ خواناسی و ڕاستکرداری دابنێیت چونکە لای بەهشتییەکان و مرۆڤەکان سەربڵند و سەرکەتووت دەکات و، تاجی شانازی و سەربڵندیت دەکاتەسەر.

Scanned with CamScanner

- دەمەقاڵێ کلیلی ڕق و کینەیە، ڕق و کینەش کلیلی گوناهە.

- چاکە گەنجینەیە، تەماشا بکە بزانە بەکێ دەسپێردرێت.

- بە لوقمانی حەکیم ووترا: کێ زاناترین کەسە ؟ ووتی: کەسێک زانست لەخەڵکی وەربگرێت.

- با هەزار دۆستت هەبێت هەرچەندە هەزاریش کەمە، با یەک دوژمنیشت نەبێت هەرچەندە یەک دووژمنیش زۆرە.

- چاکە لەشوێنی شایستەی خۆی بکە، لە شوێنی نا شایستە دای مەنێ چونکە بەهۆی ئەوەوە لە دنیادا زەرەر دەکەیت و لە پاداشتی دوارۆژیش بێبەش دەبیت.

- پشت بە خودا بەستن چاکترین شتە، کەم ئەرک خستنە سەر خەڵکی ئەوپەڕی وورەییە.

- خۆت لە هاوڕێیەتی درۆزن بپارێزە، ئەگەر هاناشی بۆهێنای باوەڕی پێمەکە، باوا نەزانێت کە تۆ بە درۆزنی دەزانیت چونکە ڕقت لێهەڵدەگرێت، خوی ئەویش مەگرە.

- زیرەکترین کەس ئەوەیە ئەنجامی کار بزانێ و خۆی لێ بپارێزێ.

Scanned with CamScanner

- چاکترین کەس لە پیاوەتی و ڕەوشتدا کەسێکە کاتێک پێویستی هەبوو دووربکەوێتەوە کاتێکیش پێویستیان پێی بوو نزیک بکەوێتەوە.

- هاوڕێی خۆت یان هاوڕێی باوکت خۆش بوێت.

- کاتێک یەکێکتان لە بیاباندا بینی پرسیاری ڕێنیشاندانی لێ مەکەن، چونکە بەتەنها بوونی کەسێک لە بیاباندا گومانی ئەوەی لێدەکرێت ڕێگر و دز بێت یان شەیتانێک بێت ڕێگەتان لێ هەڵە بکات ووریای دوو کەسیش بن مەگەر شتێک ببینن و من نەیبینم، چونکە کەسی ژیر کاتێک بەچاوی خۆی شتێکی بینی هەق لەوەوە داناسرێتەوە، ئەوەی کەسی ئامادەش دەبینێ کەسی نا ئامادە نابینێ.

- خودایە هاوەڵانم بێ ئاگا نەبن لەوەی ئەگەر یادی تۆم کرد یارمەتیم نەدەن و ئەگەر تۆشم لەیاد کرد ئادم نەخەنەوە و کاتێک فەرمانم کرد بە گوێم نەکەن و کاتێکیش بێدەنگ بووم خەفەتبارم بکەن.

- کوڕم؛ گوێ لە وتە و ئامۆژگارییەکانم بگرە و ئەوەی پێتیدەڵێم وەریبگرە بۆ ئەوەی تەمەندرێژ بیت. من وانەی خواناسی و مەعریفەتم فێر کردیت و بۆ ڕێگەی ڕاست ڕێنوێنیم کردیت. کاتێک لە ژیاندا ڕاستکردار بیت و، بیر لە ئافراندان و ئایاتی خوا

Scanned with CamScanner

تێرابمێنێـت؛ دڵنیابـە خواوەنـد هێزێک دەنێرێـت و ڕێنوێنێت دەکات و هیـچ لەمپەرێـک لەسـەر ڕێگەکـەت بوونـی نابێت، هیچـکات لە ژیـان و لە هەڵدێـری خراپییەکان ناخلیسـکێیت. ئـەوەی فێربوویت لەبـەری بکـە و بیپارێـزە و لـە دەسـتی مـەدە، چونکـە ژیـان و بەردەوامبوونـی تۆیـە. کـوڕم؛ مەچـۆ سـەر ڕێگـەی بـەدکاران و شـوێنکەوتەی گوناهـکاران مەبـە و خۆیـان لـێ بـە دوور بگـرە. لەگوناهـکار و بـێ بـڕواکان پەنـا بـۆ عالەمـی غەیب ببـە و لێیان دووربـە. چونکـە گوناهکاران تـا خراپە نەکەن ناخـەون و، تا نەبنە هـۆی گومڕاکردنی خەڵـکان ئۆقرە ناگرن. خۆراکی ئەوان سـتەم و خراپەکارییە، بەڵام ڕێگەی ڕاسـتکرداران وەک سـپێدەی بەرەبەیان ڕوونـە و وردەوردە ڕوون و ڕوونتـر دەبێـت تـا سـەرئەنجام بۆ ڕۆشـنایی تـەواوی ڕۆژ دەگۆڕێت، بەڵام ڕێگـەی گوناهکاران وەک شـەو تاریکـە. خراپـەکاران هەڵدەخلیسـکێن و لەناو دەچـن، بەڵام لەو شـتە ڕانامێنـن کە بووەتـە هـۆی لەناوچوونیان.

- کـوڕی شـیرینم؛ ژیـان هێندە کورتــە و هێنـدە زوو تێپەڕ دەبێت کـە تەنانەت بواری ئـەوەت نییە ئەزموونەکانـت دووبارە بکەیتەوە، کەواتـە بـۆ سـەرکەوتن لـە ژیانـت هـەوڵ بـدە لـە ئەزمـوون و شکسـتەکانی خەڵـک کەڵـک وەربگریت.

- بەڕاسـتی دنیـا پردێکـەو بەسـەریدا بپەڕینـەوە و ئاوەدانـی مەکەنـەوە.

- کوڕی شـیرینم؛ بۆ ساتێکیش وتە و ئامۆژگارییەکانم لەبیر مەکە.

Scanned with CamScanner

بــە دڵ و هــزری خۆتی بســپێرە و، بەکاری بهێنــە. چونکە وتەکانم ژیان و ســەربڵندی و شانازی و تەندروستیت پێدەبەخشێت. وریای بیرکردنەوەکانــت بــە، چونکە ژیانــی مرۆڤ لــە بیرکردنەوەکانیەوە دەســت پێــدەکات و شــێوە دەگرێــت. درۆ و ناڕاســتی لــە دەم و زمانــت دووربخــەرەوە. ئــاگاداری ئەو کارانە بــە ئەنجامی دەدەیت و، ئــەو ڕێگەی هەڵیدەبژێریت و، بیر لە مەبەســتی داهاتوو و کاری داهاتــوو بکــەرەوە. کوڕەکــەم؛ بــەردەوام لەســەر ڕێی ڕاســت بە بــۆ ئــەوەی پارێــزراو بیت، چونکــە خواوەند یار و یاوەری ڕاســت کردارانــە، لــە ڕێگــەی ڕاســت گومــڕا مەبــە و لە خراپــەکان خۆت بەدوور بگرە.

- ناڕەحەتی و ناخۆشــی زۆرم بینیوە و هەمیشــە لەســەری ئارامم گرتووە.

- کــوڕی خــۆم، لەگەڵ هاوســەرەکەت بــژی و خۆشــحاڵ بە و، لە هاوســەرەکەت چێژ وەربگرە کە لە هەڕەتی گەنجی هاوســەرگیریت لەگــەڵ کــردووە. دڵبــەری و ئامێــزی ئەو بــۆ تۆ بەســە و، دڵی تۆ ســەرەتا لە خۆشەویســتی خــوا و، دواتــر هاوســەرەکەت لێوانلێو بێت. کــوڕم؛ خواوەنــد چاودێریت دەکات و کارەکانــت دەبینێت.

- کوڕەکەم وریابە؛ کەســانی خراپەکار و بێبڕوا ڕقیان لە کەســانی چاکــەکار و بــڕوادارە و، بــەردەوام پیلانیــان بــۆ دەکێشــن، بەڵام دڵنیابــە خواوەنــد پارێزگاری لــە تۆ دەکات.

Scanned with CamScanner

- کــوڕی ئازیــزم، گوێ لە وتــە و ئامۆژگاری حەکیمانــەم بگرە و، ســەرنجی وشــیاری و زانابیم بدە.

- لــە هەمــوو کارەکانــدا بیر لە خــوا بکەرەوە و زیکر و پەرســتنی خواوەند و ڕاســتکرداری بگرەبەر. ئەوســا دەبینیت هێزێکی شاراوە هاوڕێیەتیت دەکات. پێت دەڵێت چۆن هەڵســوکەوت بکەیت، ئەوســا کار و کردەوەکانــت دەیســەلمێنن کەســێکی زانــا و پێگەیشــتوو و وشیاریت.

- کــوڕم؛ ژنانــی ســۆزانی زمانچەوړن و قســەکانیان هاوشــێوەی بــۆق لکێنــەر و فریــودەر و فرێنــەرن. وریابە لە ژنانی ســۆزانی و زینــاکار خۆت بــەدوور بگریت. ژنانــی خراپەکار و زینــاکار بەرەو مــەرگ و جەهەننەم و بەدبەختی پەلکێشــت دەکەن و، ســەرئەنجام جگــە لــە تاڵی و ئــازار هیچت بــۆ نامێنێتەوە.

- ژنانــی خراپــەکار، بــەردەوام لە هەوڵــی گومڕاکردنی تــۆدان و، بــەرەو لای خۆیــان بانگهێشــتت دەکــەن، چونکە ئەوان لــە ڕێگەی ژیــان گومڕابــوون و ســەرگەردانن و نازانن بەرەو کــوێ دەڕۆن. کــوڕی خۆم؛ لــەم ژنانە خۆت بەدوور بگــرە و، تەنانەت لە دەرگای ماڵەکەیــان نزیــک مەبــەرەوە. نــەکا لــە داوە هەڵخەڵەتێنەرەکانیان گرفتــار بیــت و ئابــڕووت لە دەســت بدەیت و، پاشــماوەی تەمەنت بــۆ کەســێک تەرخــان بکەیت کە نــە بەزەیی هەیە و نە ســۆز. نەکا ئــەم ژنــە خراپەکارانە ماڵ و گیانــی ئێوە داگیر بکــەن و، بەرهەمی

Scanned with CamScanner

هەوڵەکانی ئێوە لەم دنیا و لەو دنیا لەناو ببەن و، سەرئەنجام نەخۆش و گرفتاری ڕیسوایی و پەستیت بکەن. کوڕەکەم؛ بۆ هاوسەرەکەت ئەمەکداربە و، خۆشەویستی و عەشقی خۆت بە تەنیا پێشکەشی ئەو بکە.

- کوڕەکەم، گوناهی کەسانی خراپەکار هاوشێوی بەن لە دەوری خۆی گلۆلە دەبێت و گرفتاری دەکات. ڕابواردن و زێدەخوازی کەسی گوناهکار دەبێتە هۆی مردنی و، نەزانی بەرەو لەناوچوونی دەبات.

- کوڕی شیرینم، گوێ لە ئامۆژگاری و ئەزموونەکانم بگرە، هاوکاریت دەکەن کە ڕێگەی خواناسی و ژیانێکی شەرافەمەندانە و لێوانلێو لە ئەدەب و زانست فێرببیت، بۆ ئەوەی بتوانیت ژیانێکی باڵا و سەربڵندانە بژی. ئەوان فێرت دەکەن چۆن هەڵسوکەوتێکی خواپەسەندانە بگریتەبەر، تا ئاستی درککردن و زانایی تۆ زیاد ببێت و، بە بیستن و درککردنی ئەم پەند و ئامۆژگارییانە لە زاناکانیش زانەرتر بیت. کوڕم، ئەگەر بوویتە دەستەبەری کەسێک و بەڵێنتداوە کە ئەو قەرزەکەی دەداتەوە، لە ڕاستیدا بەم بەڵێنە خۆتت گرفتارکردووە. لە ڕاستیدا تۆ ئەسیری ئەویت و، دەبێت بە زووترین کات خۆت لەم گرفتارییە ڕزگار بکەیت. ئەم بەڵێنە نابەجێیە خەو و حەوانەوەت لێ دەستێنێت و ئارامی تۆ لەناو دەبات. تۆ هاوشێوەی ئاسکێک خۆت گرفتاری تەڵەی ڕاوچی، یان هاوشێوەی باڵندەیەک لە ناو قەفەسدا گرفتار بوویت. وریابە

Scanned with CamScanner

تەنیا دەستەبەری کەسانی لەخواترس و ڕاستکردار بکەیت، هەڵبەت بە لێکۆڵینەوە و ناسینی تەواو.

- کوڕی خۆم؛ تەمەڵی و بێکاری مرۆڤە بڕوادارەکان دەڕەنجێنێت، ئەوان بەردەوام حەز دەکەن خزمەتی خەڵکان بکەن و سەرقاڵی ستایش و خواپەرستی بن. ئارەزووی چاکەکاران هەمیشە بەراورد دەبێت، بەڵام بەو مەرجەی خۆڕاگر بن و، پشت بە خوا ببەستن و، لەزیکری خوا بێ ئاگا نەبن. هەروەها توورەیی و عەزابی خوایی بە کەسانی خراپەکار و ستەمکار دەبڕێت.

- کوڕی خۆشەویستم؛ زۆربڵەیی و قەشمەری و گاڵتەکردن بە خەڵک مرۆڤ بەرەو گوناە پەلکێش دەکات، کەواتە وریابە، سەرەتا تێڕابمێنە و دواتر قسە بکە بۆ ئەوەی ئاستی زانین و پێگەت بەرز ببێتەوە و، ڕۆحت ئاسوودە بێت. کوڕم؛ هەوڵ بدە بێدەنگی تۆ هاوڕێ بێت لەگەڵ زیکری خواوەند، و تێڕامان و ناسینی ئافرێنراوەکانی.

- کوڕم؛ سامانی کەسێکی بێبڕوا کە سامانەکەی بۆ ڕەزامەندی نەفسی خەرج دەکات، هاوشێوەی پاوانەی زێڕە لە قاچی بەرازدا.

- کوڕی خۆشەویستم؛ لە ژیانی مێروولەکان بڕوانە و وانە فێرببە، ئەوان ئاغا و لێپرسراو و سەرۆکیان نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوە بە درێژایی هاوین هەوڵ دەدەن و خواردنی زستان کۆدەکەنەوە،

Scanned with CamScanner

بـەڵام کوڕەکـەم تۆ هاوڕێیەتی کەسـانی تەمەڵ و تـەوەزەل مەکە. ئەوان تەنیا دەزانن بخەون و کاتێک پێیان دەڵێیت هەسـتە و ڕۆژی و بژێـوی ژیانـت دابین بکە، دەڵێـت با کەمێکی دیکەیـش بخەوم و بحەوێمـەوە. کوڕەکـەم بزانـە مرۆڤی تەمـەڵ و تـەوەزەل جگە لە هەژاری و دەسـتکورتی هەرگیز نابێتە خاوەنی هیچ شـتێک. مرۆڤی تەمـەڵ بـەردەوام سـەرقاڵی درۆکردنـە و بۆ فریودانـی خەڵک بیر لـە پیلان و نەخشـەی فریودەرانـە دەکاتەوە. کوڕی خـۆم، دڵنیابە خواوەنـد چەنـد شـتێک پەسـەند نـاکات: زمانـی درۆزن، نیـگای کەسـانی لەخـۆڕازی، ئەو دەسـتانەی خوێنی بێ گونـاە دەڕێژێت، ئـەو هزرانـەی بیر لە نەخشـەی خـراپ دەکاتـەوە، ئـەو قاچانەی بـۆ خراپـەکاری بە خێرایـی هەنـگاو هەڵدەگرن، شـایەتی درۆزن، ئـەو کەسـەی دووبەرەکی لە نێـوان هاوڕێکاندا دروسـت دەکات و سـەرقاڵی گاڵتەجاڕییە بە مەبەسـتی پێکەنین و گاڵتە و قەشـمەری کـردن بەخەڵـکان، بە گاڵتەکـردن بە خەڵکان بۆ ئـەوەی هاوڕێکانی بخاتـە پێکەنیـن، چونکە هەم خۆی شـوێنکەوتەی شـەیتانە و هەم هزری شـەیتانی بـۆ خەڵکان دەگوازێتەوە. کـوڕم، هەوڵ بدە لەگەڵ ئـەم کەسـانە پەیوەندی نەبەسـتیت، چونکە دەبنە هـۆی بەدبەختی و بەفیرۆچوونـی ژیانت.

- کوڕەکەم؛ سامانی ڕاستەقینە بەو کەسانە دەبڕێت کە خواپەرستی دەکەنـە پیشـە و، ڕێگەی ڕاسـت و چاکـەکاری دەگرنەبـەر و، ئەو کەسـانەی گوێڕایەڵـی فەرموودەکانـی نـاو کتێبـە ئاسـمانییەکانی خواوەنـد دەبن؛ ئـەوان بەختەوەری هـەردوو جیهانن.

Scanned with CamScanner

- کورەکەم؛ زۆر بە وردی سەرنج بە وتەکانم بدە، چونکە لەسەر فەرمان و بەزەیی خواوەند حەقیقەت و ڕاستییەکان دەڵێم و، ئەو فێرکارییەی بە تۆ و هاوڕێکانتی دەدەم لە زێڕ و خشڵەکان گرانبایترە. ناتوانین هیچ شتێک بە حەقیقەتی خواناسی و تێڕامان لە ئایاتی خواوەند بەراورد بکەین. ئەگەر کەسێک لەخواترس بێت لە خراپە و ناڕاستی بێزار دەبێت و، لە غرور و لە خۆرازیبوون و کردار و وتاری ناڕاست خۆی بەدوور دەگرێت. کورم؛ ئەو کەسانەی خواوەندیان خۆشبوێت و، ئەوانەی بە دوای خواوەندا بگەڕێن، دڵنیابە لە ڕێگەی تێڕامان و ناسینی ئایاتی خواوەندا هەست بە بوونی خواوەند دەکەن، هەر کەسیش هەستی بە بوونی خواوەند کرد ژیان و سامان و زێڕ و تەواوی گۆی زەوی و شتەکانی ناو زەوی لای بێبایەخ و کەم بەها دەبێت.

- کورم؛ کەسانی ستەمکار و زۆردار بەردەوام نابن، تەنها ماوەیەک دەژین ئەویش بە ڕیسوایی، بەڵام دوای ماوەیەک لەبەرچاوان نامێنن و، تەنانەت کەسیش ناویان نابات. کەواتە هەوڵ بدە خواپەرست و چاکەکاری بیت بۆ ئەوەی ناوت بۆ هەمیشە بە چاکە بمێنێتەوە. هەوڵ بدە لەخۆ بوردوو و بەخشەر بیت، تا ژیانی خۆت و بنەماڵەکەت بە ئارامی و ئاشتی بەردەوام بێت .

- کوڕی خۆم؛ منداڵی ژیر دبێتە خۆی خۆشحاڵی باوک و، ڕۆحی باوکی و ڕۆحی خۆیشی ئاسوودە و، دایکیشی شادومان

Scanned with CamScanner

و سەربلند دەکات.

- کورەکەم؛ دلنیابە خواوەند پاریزگاری لە کەسانی راستکردار و خۆپاریز دەکات و، فریشتەی رەحمەت بۆ پاسەوانیکرنی دەنیریت. کورم؛ مرۆڤی تەمەل و بیبڕوا هەژارن و ئیرادەیان لاواز دەبیت، بەلام کەسانی بڕوادار ئارەزوو دەکەن هەم هاوکاری خۆیان بکەن هەم کەسانی تر.

- کورەکەم؛ وریابە و ئەو سامان و مال و داهاتەی بەدەستی دەهینیت حەلال و بە پیی رەزامەندی خوا و، لە ریگەی راستەوە بەدەستی بهینیت، چونکە سامانیک لە ریگەی حەرامەوە کۆکرابیتەوە هیچ سوودیکی بۆ مرۆڤ نابیت و، تەنانەت رۆحی مرۆڤ پیس و گلاو دەکات و، ئەو مرۆڤەی بە ریگەی حەرام سامان و مال کۆدەکاتەوە هاوشیوەی نۆکەریکە و بەس. هەلبەت نۆکەری ئەو مندالانەی سامان و داهاتەکەی بۆ ئەنجامدانی گوناهەکان بەکاردەبەن؛ هاوار لەوان.

- کوری خۆشەویستم؛ کەسی ژیر و بڕوادار گوێ لە ئامۆژگاری و پەندەکانت دەگریت، بەلام کەسی نەزان و بیبڕوا لەخۆرازی و نەزانە و، تەنیا خۆی لەناو دەبات.

- ئەو کەسانەی لەم دنیایەدا سەرقالی زیکر و خواپەرستین، باشترین بەرهەم دەچینن و، دوای مەرگ باشترین بەرهەمەکان

Scanned with CamScanner

دەدوورنــەوە، بەلام ئەو کەســانەی خراپەکار و کوفــر و یاخیبوون دەکەنــە پیشــە، هــەم لەم دنیــا و هەم لــەو دنیا هیــچ بەرهەمێکیان بۆ هەلگرتنــەوە نابێت.

- کــوڕی خــۆم؛ کینە و نەفــرەت دەبێتە هۆی ئاژاوە و شــەڕ، بەلام موحیبــەت؛ هاوڕێیەتــی بــە دوادا دێــت و، دەبێتــە هۆی ئاشــتی و ئارامــی و یەککرتوویی.

- کــوڕم؛ لــەو کاتەوەی چاوم بە دنیــا هەلهێناوە و لە هەڕەتی لاوی تــا ئەمڕۆ کــە پیر بــووم، نەمبینیــوە خواوەند کەســانی چاکەکاری بەجێهێشــتبێت و، مندالەکانــی برســی و نیازمەنــد بووبێتن. مرۆڤی چاکــەکار بــە ڕاســتکرداری و پاراســتنی خواوەنــد، بەرەکــەت بە ژیانــی خــۆی و بنەمالەکــەی دەبەخشــێت، هەلبــەت دەبێــت مال و مندالەکانیشــی ڕاســتکردار و ســەرقالی پەرســتنی خواوەند بن؛ تا ژیانیــان بــەردەوام و بەبەرەکــەت بێــت و، هاوشــێوەی مندالەکەی نــوح دەرگای جەهەنەمییــان بــە ڕوودا نەکرێتەوە.

- کوڕە شــیرینەکەم؛ ئەگەر کەســێکی خراپەکار کــە بەردەوام گالتە بــە کەســانی دیکــە دەکات، ســزای بدەیــت و ئامــۆژگاری بکەیت؛ جگــە لەوەی ئیهانــەت دەکات هیچــی دیکەت دەســتناکەوێت. وازی لــێ بهێنــە، چونکە گــەر بتەوێت لە ڕێگــەی ئامــۆژگاری و پەندەوە هــاوکاری بکەیــت، لــە تۆ بێــزار دەبێت. بــەلام ئەگەر ئامــۆژگاری مرۆڤــی زانــا بکەیــت، تــۆی خۆشــدەوێت و، بــە ئامــۆژگاری و

Scanned with CamScanner

پەندەکانت خۆشحاڵ دەبێت. ئەگەر ئامۆژگاری کەسێکی زانا بکەیت، زاناتر دەبێت و، ئەگەر کەسێکی ڕاستکردار فێر بکەیت؛ کردەوەکانی باشتر و زیاتر دەبێت، چونکە لەخواترسان کۆڵەکە و بناغەی ژیری و وشیارییە و، بیرکردنەوە و تێڕامان لە ناسینی خواوەندی پیرۆز، مرۆڤ وشیار و زانا دەکات و، خواناسین و هاوکاریکردنی خواناسان، بەرەکەت و بەردەوامی بە تەمەن دەدات. بەڵام ئەگەر کافر ببیت بە خواوەند و عالەمی غەیب؛ زیانت بە خۆت گەیاندووە.

- کوڕم؛ لەگەڵ کەسانی خراپەکار و بێبڕوا هاموشۆ و هەڵسوکەوت مەکە، چونکە ئەوان شەو و ڕۆژ شمشێرەکانی خۆیان ئامادەکردووە تا هەژاران و نەداران تاڵان بکەن و بیانکەنە ئاماجی تیرەکانیان و، هەوڵ دەدەن چاکەکاران لە ناو ببەن، بەڵام نازانن شمشێرەکانیان لە دڵی خۆیان دەچەقێت و خۆیان لەناو دەبات.

- کوڕی خۆم؛ سامانی کەمی کەسانی چاکەکار و هەژار بابەخدارتر و بەهادارترە لە سامانی زۆری کەسانی ستەمکار، چونکە خواوەند هێزی خراپەکاران دەگرێت بەڵام پارێزگاری لە چاکەکاران دەکات. خواوەند لە ژیانی کەسانی ڕاستگۆ و ڕاستکردار پارێزگاری دەکات و، میراتێکی شیاویان پێدەبەخشێت. مرۆڤی چاکەکار و ڕاستکردار لە سەردەمی بەلا و قاتوقڕیدا تێر و بێ کێشە دەبن، چونکە ڕۆحیان لە زیکر و ڕۆح و نووری

Scanned with CamScanner

خواوەنـدی تێـرە، بـەڵام خراپـەکاران لەنـاو دەچـن و وەچەیـان نامێنێتەوە.

- کوڕەکـەم؛ بەهـۆی خراپەکارانـەوە خۆت مەڕەنجێنـە و ڕژدی و ئێرەیـی بەکەسـانی دەوڵەمەنـد مەبە، چونکـە ئەوانـە وەک ئالیکی هەرزەیـی کاتیـن و، بـە زووتریـن کات سـیس دەبـن و دەژاکێن. پشـت بەخـوا ببەسـتە و چاکـەکاری بکەرە پیشـە بۆ ئـەوەی لەم جیهانـەدا بە پارێزراوی بژیـن و لەو دنیا لە بـارەگای پەروەردگار ئاسـوودەبیت. بـە زیکری خواوەند و پەرسـتنی خواوەنـد لە ژیان بـەردەوام بـە و چێـژی لێوەربگـرە، چونکـە خواوەند بە سـەبر و خۆڕاگـری ئارەزووەکانـی تـۆ بەدیدەهێنێت.
خۆت بە خواوەند بسپێرە و پشت بەو ببەستە و، دڵنیابە خواوەند لە هەمـوو کاروبارەکاندا پارێزگاری و هاوکاریـت دەکات. خواوەند لە هەموو کارەکان پشـتیوانت دەبێت. خواوەند ڕاسـتی و ڕاستکرداری تـۆ بۆ هەمووان دەسـەلمێنێت. بـەردەوام و بە درێژایـی ڕۆژ و بە بێدەنگـی زیکری خواوەنـد بکە، جگە لەو کاتانەی دەتەوێت کەسـێ بـۆ ڕێگـەی ڕاسـت و ڕاسـتکرداری ڕێنوێنـی بکەیت. ئـەو کاتانە باسـی خواوەند و ئافرێنراوەکانی بکە و، خەڵکان بۆ ڕێگەی ڕاسـت ڕێنوێنـی بکـە. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسـانەی بـە فێڵ و تەڵەکە و سیاسـەتی فریودان و گاڵتەکردن بە خەڵکان و، بە زۆر و سـتەم بوونەتـە خاوەنـی پارە و سـامان؛ خۆت بەدوور بگـرە و ڕاوێژیان لەگـەڵ مەکە. هەوڵ بـدە ڕق و تووڕەیی لە خـۆت دوور بخەیتەوە و، ئەندێشـە و ڕۆحـی خـۆت بە بیرکردنـەوە لە سـامان و پێگەی

Scanned with CamScanner

دنیایـی نەڕەنجێنیـت، چونکـە گوناهبـار دەبێت. چاوەڕێـی بەزەیی و بەرەکەتـی خواوەنـد بکـە تا ڕۆح ئاسـوودە و ئۆقـرە بگرێت و، لـە بەرەکـەت و نیعمەتەکانی خواوەنـد سـوودمەندبێت. کوڕەکەم؛ ڕاسـتکرداران و ڕاسـتگۆکان و بـڕواداران لـە ژیـان بەهێـز و بە بڕشـت و لەبەمرابـەر سـەختی و دژوارییەکانـدا خۆڕاگـرن. بەڵام مرۆڤـە لاڕێ و بێبـڕواکان بـەردەوام لـە بەرامبـەر دژوارییەکاندا لاواز و ناتوانـا و بـێ ئیـرادەن. کـوڕم؛ شـاردنەوەی حەقیقـەت و شـایەتی درۆ، نـا ئارامـی ڕۆح و جەسـتەی لێدەکەوێتـەوە. بـەڵام وتنی حەقیقەت و خۆڕاگری لە بەرامبەر سـتەمکار و وەرگرتنەوەی حەقـی سـتەملێکراوەکان؛ دەبێتـە هۆی ئارامی و ئاسـوودەیی. دەم و زمانـی بڕوادار و لەخواترسـان سـەرچاوی ژیانە، بـەڵام زمانی کەسـانی خراپـەکار و گاڵتەچی و قەشـمەر، لێوانلێـوە لە نەفرەت و ئاگـری ڕق و دووبەرەکی نێـوان خەڵکان.

- کـوڕی شـیرینم؛ کەسـانی دانـا و ژیر و خوانـاس و لەخواترس، وتە و کردەوەکانیان دەبێتە هۆی ئەوەی لای مرۆڤ و فریشـتەکان خۆشەویسـت بن، بەڵام وتە و کردەوەی کەسـانی نـەزان و گومڕا دەبێتە هـۆی گومڕایی و نەزانی و پەسـتی ئەوان.

- کـوڕم؛ دوژمنانـی خوا وەک مێشـوولە لە تاریکدا دێنـەدەر و لە تاریکیشـدا لەناو دەچن، ڕووناکی نابینن و هاوشێوەی دووکەڵ ون دەبن. خواوەند ڕێنوێنی خەڵک دەکات بۆ ئەو ڕێگەیەی پێویسـتە و، بـۆ ڕێنوێنی ئەوان پێغەمبەرێکیان بۆ دەنێرێت، بەڵام ئەو کەسـانەی

Scanned with CamScanner

گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خواوەند دەکەن، پارێزگارییان لێدەکرێت و ڕێنوێنییان دەکات و، لە هەموو کاروبارەکاندا ڕێنیشاندەریان دەبێت. ئەگەر لە ژیاندا لە خراپە دووری بکەیت و چاکەکاری بکەیتە پیشە؛ ئەوا لە ژیاندا بەختەوەر و خۆشحاڵ دەبیت.

- لە زمان و دەمی کەسی دانا و خواناس، وتەی هەڵسەنگێنراو و ئارامبەخش دەبیستیت کە دەبێتە هۆی ئارامی خۆی و کەسانی دیکە، بەڵام کەسی نەزان و بێباوەڕ و خوانەناس بە قسە بێهۆ و زۆربڵەییەکانی شەڕ و ئاژاوە لە نێوان کەسەکاندا دەنێتەوە و، ئارامی و هێمنی لە کەسانی دیکە دەستێنێت و، کێشمەکێش دێنێتە ئاراوە و، خۆی و کەسانی دیکە ڕەوانەی جەهەننەم دەکات.

- باوەڕ و ئیمانی کەسی هەژار و چاکەکارییەکانی ئەو، لە دنیای کۆتاییدا دەوڵەمەندی دەکات و، دەیکاتە خاوەنی باخەکان و تەلارە ڕازاوە و بەهادارەکان.

- داهاتی کەسی چاکەکار و خواناس؛ ئارامی و شکۆ بە ژیان و گەورەیی دەبەخشێت، بەڵام کەسی دەوڵەمەندی خوانەناس و بێباوەڕ ژیانی خۆی بەفیڕۆ دەدات و، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ڕێگەی گوناه و گومڕایی و سزا و بێئابڕوویی و پەستی و تاریکی و، لە کۆتاییشدا بە جەهەننەم و سزای هەمیشەیی کۆتایی دێت.

- ئەو کەسەی سزادان و ئەزموونی تاڵی کەسانی دیکە

Scanned with CamScanner

دەبێتــە وانەیــەک بۆی، لە ڕێگــەی ژیــان و زیندووبوونــدا هەنگاو هەڵدەگرێــت، بەڵام ئــەو کەســەی غرووره‌کەی ڕێگەی چاکســازی پێنــادات و لەخۆبایی و بەرزەفڕە، ســەرئەنجامی گرفتاری گومڕایی و تاریکــی دەبێــت و، بــەرەو جەهەننــەم دەڕوات.

- ئــەو کەســەی بێبڕوایە، بەڵام بە درۆ و ڕیا خۆی وەک کەســێکی بڕوادار نیشــان دەدات و پڕوپاگەندە و قســەی بێهــۆ بڵاودەکاتەوە و، لــە نێوان بڕواداران دووبەرکی و ئــاژاوە دەنێتەوە -خوا ڕەحمی پــێ بــکات- هاوار لەو بەڵایانــەی لەو دنیا بەرۆکــی دەگرێت، هاوار بۆ ئەو ســزا مەترســیدارانەی لەو دنیا دەیانچێژێت.

- زۆربڵەیــی و قســەی بێهــۆی دنیایی و، قســەکردن ســەبارەت بە ســامان و چێژە دنیاییەکان مرۆڤ بــەرەو گوناە ڕێنوێنی دەکات و، کەســی ژیــر و دانا ئەو کەســەیە قســەکانی بۆ ڕەزامەنــدی خوا و ڕێنوێنــی خەڵک بــۆ چاکــەکاری و زیکر و پەرســتنی خواوەند بێت و، بتوانێــت لــە هەموو قۆناغەکانــی ژیاندا کۆنترۆڵــی زمانی بکات.

- وتــە و ئامۆژگاری کەســانی بــاش و بڕوادار و ڕاســتکردار هەم دەبێتە هۆی ســەربڵندی خۆیان و هەم دەبێتە هۆی زیندووبوونەوە و ژیانەوەی کەســانی دیکــە و بۆ ڕێگەی ڕاســت ڕێنوێنی دەکران.

- قسەی چاکەکاران و ئەوانەی مرۆڤەکان بۆ چاکەکاری و پەرستنی خواوەنــد ڕێنوێنی دەکەن؛ هاوشــێوەی زێڕ و زیــو بەهادارە، بەڵام

Scanned with CamScanner

قسـەی خراپەکاران و سـتەمکاران بـەرەو لەناوچوون پەلکێشـیان دەکات. کەواتـە کوڕی خۆشەویسـتم، وریا بە!

- بـە زیکـر و پەرسـتنی خواوەنـد و تێڕامـان لە خواوەنـد، فکر و هـزری مرۆڤ گەشـە و نوورانی دەکات و دەوڵەمەندی و شـکۆ و مەزنـی بـە مرۆڤ دەبەخشـێت، بـەڵام خەیـاڵ و وەهـم و نەزانی بێبـڕواکان و نەزانـان دەبێتە هۆی مەرگ و سەرشـۆڕی خۆیان و هاوڕێ و شـوێنکەوتەکانیان.

- کەسـی ژیـر و بـڕوادار بە وتنی زیکـری خـوا و تێڕامانی زیاتر لـە خـوا چێژ وەردەگرێـت و ئـارام دەبێتەوە، بـەڵام مرۆڤی بێبڕوا و کەسـی نـەزان لە کـردەوەی خراپی خـۆی چێژی دنیایـی تێپەڕ دەبینێـت و، ئـارەزووی بەدەسـتهێنانی سـامانێکی زۆر دەکات بـۆ تێرکردنی هەوا و هەوەسـەکەی، خواوەند خـۆی بەزەیی بە هەموو قۆناغەکانـی ژیانی ئەو کەسـەدا بێتەوە.

- ئـەوەی کـە خراپەکاران لـە کردەوە ناڕاسـت و هەڵەکانی خۆیان دەترسـن، بەسـەریان دێـت، بەڵام چاکـەکاران و خواپەرسـتان بە ئارەزووەکانی دڵیـان دەگەن.

- کـردەوەی قێزەونی خراپـەکاران و بێبڕواکان دەبێتە هۆی ئەوەی بـەڵا و کارەسـات وەک گێژەڵووکـە بگاتـە لایـان و ئـەوان لەگەڵ خـۆی بـەرەو جەهەننـەم پەلکێـش بکات، بـەڵام کار و کـردەوەی

Scanned with CamScanner

ڕاســتکرداران و خواناسە حەقیقییەکان وەک چیایەک بەسەقامیگری دەمێنێتــەوە و لــە هەردوو دنیــادا دەیانپارێزێت.

- کوڕی خۆشەویســتم؛ هەرگیز داوا لە کەســانی خراپەکار و بێبڕوا مەکــە ڕێنوێنیــت بکــەن. ئــەوان جگە لــە بەدبەختــی و خراپەکاری هیچــی تــر نازانــن، ئــەوان هاوشــێوەی دووکەڵن دەچنــە چاوت و گرفتــاری ســزات دەکەن، بۆیــە وریا بە!

- لە خواترســان و زیکر و پاڕانەوە و چاکەکاری ســاڵەکانی تەمەن درێــژ و بــە بەرەکــەت دەکات، بــەڵام خراپــەکاری دەبێتــە هــۆی گومڕایــی و ســەرشــۆڕی و تەمــەن کورتی و ژیان بەفیــڕۆ دەدات.

- هیوا و ئاواتی چاکەکاران و ڕاســتکرداران بە شادی و سەربڵندی کۆتایــی دێت، بــەڵام هیوا و ئارەزوویــی خراپــەکاران و بێبڕواکان ســەرئەنجام بە جەهەننەم و ڕیســوایی کۆتایی دێت.

- خواوەنــد بــۆ چاکەکاران و ئەوانەی زیکر و خواپەرســتی دەکەن؛ قەڵایەکــی پارێزراو و دژێکی بەهێزە، بەڵام خراپەکاران و بێبڕواکان هیچ ڕزگارکەرێکیان نییــە و خواوەند لەناویان دەبات.

- ڕاســتکرداران و بــڕواداران بــەردەوام لە ئارامی و خۆشــیدان و، بــە هۆی ســۆزی خواوەند و نووری ئیمانەوە هەمیشــە پارێزراون. بەڵام کەســانی بێبڕوا و ناڕاســت بەردەوام بە نیگەرانی و ســزاوە

Scanned with CamScanner

ژیـان بەسـەر دەبەن و، سـەرئەنجام لەناو دەچن و لەسـەر زەوی نامێننەوە.

- کـوڕم وریابـە! لـە هەمـوو کارەکانـدا هاندانـی شـەیتانی دەبنە لەمپـەر بـۆ ئـەوەی باشـترین کار هەڵبژێریت. دەبێت هـەر کارێک زۆر بـە وردی و تێرامـان و گـەڕان و لێکۆڵینـەوە و پشتبەسـتن بەخـوا ئەنجامـی بدەیـت. دڵنیابـە بـە کاری چاکە و ڕاسـتکرداری هەمیشـە تەندروسـت و تەمەندرێـژ دەبیـت. لەبەر ئـەوە بەردەوام دەبێـت زیکـری خواوەنـد بکەیت.

- ئـەو کەسـانەی خوازیارن بە باشـی ژیان بەسـەر ببـەن دەبێت لـە خواوەنـد و ڕاسـتکرداری و حەقیقـەت نزیکببنـەوە، چونکـە دوای ناسـینی خواوەنـد و دۆزینـەوەی حەقیقـەت خـەم و پەژارە و کێشـەکانیان چارەسـەر دەبێت، ئـەو کەسانەشـی خراپـەکاری دەکەنـە پیشـە، مـردوون و لەناوچـوون، ئـەوان لـە نەزانـی و گومڕاییـدا ماونەتـەوە، چونکـە نەزانیـن و گومڕایـی سـەرچاوەی هەمـوو بەدبەختـی و سـزاکانە.

- لەگەڵ کەسـانی چاکـەکار و لەخواترس بەردەوام لـە ئارامیدایت و، چـڕۆی حیکمـەت و خواناسـی ئـەوان ئارامـی و هێمنـی بە تۆ دەبەخشـێت، بـەڵام زمانـی خراپـەکاران و و بێبـاوەڕان بەردەوام لێوانلێـوە لـە قسـەی سـزادەری هاوشـێوەی گەسـتنی مارێکـی کوشـندە و، بەئازارە.

Scanned with CamScanner

- وریـا بن حەقایەتی دنیا هاوشـێوەی خواردنـە بەتام و چێژەکانە، ئـەو کاتانـەی خواردنـی بەتام و چێژتـان بۆ دێنن و لـەو خواردنە بەتامانـە دەخـۆن و زێدەڕۆیـی دەکـەن، دوای ئـەوە نەخـۆش دەکـەون و ناچار دەبن بـۆ چاکبوونەوە دەرمانی تـاڵ بەکاربهێنن، کەواتـە ئەگەر بە ئەندازەی پێویسـت بخۆن، هەمیشـە تەندروسـت و لەشسـاغن، وریـا بن شـەیتان دنیـا و گوناهەکان وەک شـتێکی بەتـام و چێژبەخـش نیشـان دەدات. وریـا بـن گرفتـاری دنەدانی شـەیتان نەبـن بـۆ ئەوەی تووشـی گوناهی گـەورە نەبـن، چونکە گوناهکاران و شـوێنکەوتەکانی شـەیتان دوای لـە مەرگ جەهەننەم دەبێتـە جێگەیان و، لە ئاوی تاڵی جەهەننـەم و میوەی زەقنەمووتی جەهەننـەم دەخـۆن، کـە هاوشـێوەی کردەوەکانـی خۆیـان تاڵـە، کەواتـە وریا بـە کوڕەکەم!

- کـوڕم بـاران، داوا لەخوا بکە فکر و ئەندێشـە و دڵی تۆ نوورانی و ئـاوەڵا بکات تا بتوانـی ڕەزامەندی خراپەکاران بەدەسـت بێنیت. هـەرکات فکر و ئەندێشـە و دڵت نوورانی بوو، ئەو کاتەیە هەسـت بەحەقیقـەت دەکـەی و لەهەمـوو کارەکان دادپـەروەری دەکەیتـە پیشە.

- باشـترین خۆشـبەختی و گەورەتریـن پێگـە، ئـەو زانسـتەیە کە تـۆ بـە ئەنجامدانـی کاری چاکـە و چاکـەکاری بـۆ خێزانەکەت و، بەرەوپێشـبردنی ژیانـی ژێر دەسـتەکان و مرۆڤەکانـی تر بەکاری ببەیـت. هەرگیـز بـە سـتەم ڕازی مەبـە و بـەردەوام هاوڕێـی

ستەملێکراوان بە، هاوکارییان بکە و ڕووبەڕووی ستەمکاران بینەوە.

- کوڕەکەم؛ خۆت بەدوور بگرە لە هاوڕێیەتی ئەو کەسەی ناتوانێت نهێنییەکانی ژیانی خۆی بپارێزێت، چونکە ناتوانێت نهێنییەکانت لای کەسێکی لەمشێوەیە بدرکێنێت، لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەدا بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکە کە هەرگیز پێویستت بە قازی و دادوەر نەبێت و، کردەوە و مامەڵەکانت بە جۆرێک بێت، ئەگەر لە کارەکانتدا ڕووبەڕووی دادگا کرایتەوە، سەرکەوتنت پێببڕێت.

- کوڕی خۆم وریابە؛ لە هەموو کاروبارەکاندا هەرچەندە پاسەوان و پارێزەر زیاتر بێت، بەهێزی و ئەمنیەتی زیاتر لە ئارادا دەبێت، بەڵام بۆ پاراستنی نهێنی و ڕازەکان هەرچەندە ژمارەی کەسەکان زیاتر بێت، نهێنییەکان ئاشکراتر دەبن، وریابە، گوتەیەک کە بێ هەڵسەنگاندن لە زارت بێتەدەر، بێ بایەخ و سووکت دەکات، ئەگەر وتەکانت تێڕامان و نییەتی خێری تیا نەبێت هیچ بەهایەکت لای خەڵکان بۆ نامێڵێتەوە.

- کوڕم وریابە؛ ئەگەر مەبەستت بەختەوەری و خۆشبەختی خەڵک و کۆمەڵگا بێت، زۆر باشترە لەوەی تەنیا بیر لە بەختەوەری خۆت بکەیتەوە، هەوڵ بدە بەختەوەری پێشکەش بە خەڵکان بکەیت، بۆ ئەوەی خواوەند لەم دنیا و لەو دنیا بەختەوەریت پێببەخشێت، دڵنیابە هەر کەس بە دوای خێر و بەختەوەری خەڵکانەوە بێت،

Scanned with CamScanner

سەرئەنجام بەختەوەرەی خۆی بەدەست دەهێنێت.

- هاورێیەتی کەسانی مەغروور و لەخۆڕازی مەکە، گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسانە مەکە وتە لۆژیکیی و ژیرانەکانی تۆ بە درۆ دەخەنەوە، قسە بۆ ئەو کەسانە مەکە کە گرنگی بە وتەکانی تۆ نادەن، دڵنیابە زاناترینی خەڵکان کەسێکە بێدەنگ و بیر لە ئایەتەکانی پەروەردگار دەکاتەوە.

- کورم وریا بە! گشتگیرترین جۆری نادادپەروەری ئەوەیە کە دادپەروەرانە بەرچاو بکەویت و، خۆت بەدادپەروەر نیشان بدەیت، ئەمە لە کاتێکدایە کە دادپەروەر نیت، کورم دڵنیابە تەنیا دادپەروەری دەتوانێت سەرکەوتن و سەربڵندیت پێببەخشێت و، بزانە بەخشش و چاکە و دادپەروەرییە کە دەتوانن بەهۆیەوە دوژمن بکەیتە هاورێی خۆت.

- کورەکەم وریا بە! ئەو کەسانەی بە دوای عەیبی خەڵکانەوەن و بەردەوام عەیب لە کەسانی دیکە دەدۆزنەوە، هاوشێوەی مێشێکە کە بەردەوام لە شوێنی پیس دەنیشێتەوە و پیسییەکان کۆدەکاتەوە و، لە پاکژی و خاوێنی خۆی بەدوور دەگرێت، وریا بە! هەموو زێڕەکانی سەرزەوی بە ئەندازەی زەڕڕەیەک باشی و ڕاستی بەهای نییە.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆم وریابە!

زۆر لــە مرۆڤەکان ڕوخســاریان جوانە، بەڵام لــە ناخەوە قێزەون و ناشــیرینن، وریابە! فریــوی ڕواڵەتیان نەخۆیت، بەهەمانشــێوە زۆر کەســیش هەن ڕوخساریان ناشیرین و ناحەزە، بەڵام کردەوەکانیان بە ڕادەیەک جوانە ڕوخســاری ناشــیرینی ئەوان دادەپۆشێت و لای خەڵک جوان دەردەکەون. هەمیشــە لە ئاوێنەی ڕوخســارت بڕوانە، ئەگەر ڕوخســارت جوانە، کارێکی شــیاوی جوانییەکەت ئەنجام بدە بــۆ ئەوەی ڕوخســارت قێــزەون نەبێــت، ئەگەر ڕوخســارت جوان نییــە، هەوڵ بدە ناشــیرینی ڕوخســارت بــە قێزەونــی کردەوەکانت ناشیرینتر نەکەیت.

- کــوڕم؛ خواوەنــد بــۆ گەیشــتن بە ترۆپکــی کەمال و پێگەیشــتن؛ ڕەنــج و کێشــەی زۆری دانــاوە، بــەڵام بزانــە ئەگەر لــە بەرامبەر کێشــەکان خۆڕاگر بیت و، پشــت بەخوا ببەســتیت و ســەختییەکان تێپەڕێنیــت؛ ئــەو کاتە پێگەی بەرز و شــکۆدارت بەدەســتهێناوە و، لەخــوا نزیــک بوویتەتــەوە. گەیشــتن بــە بەرزترین ئاســتی نزیکی بــە تێپەڕبوونــی کات بەدەســت نایــەت، بەڵکــو بــە زیکــری خوا و ڕاســتکرداری و پەرســتنی خواوەند بەدەســتدێت، دڵنیابــە؛ نزیکیت لــە خواوەندەوە ســەرچاوەی ئارامــی ڕۆحە.

- کوڕەکــەم؛ گوناه و کارە قێزەونەکان بە بچووک مەزانە و ئاگادار بە کارە قێزەونەکان لەســەر یــەک کەڵەکە نەبێت و تۆ لەناو ببات! ەروەها خۆشەویســتی و ڕاســتیش لەبیر مەکە و بە کەمی مەزانە،

Scanned with CamScanner

تـۆ لە خۆشەویسـتی زۆرەوە نزیک دەبیتـەوە و دەگەیتە نزیکترین ئاسـت و سـەربلندی، تـا ئـەو جێگەیـەی دەتوانیت خۆشەویسـتی ببەخشـە و ڕاسـتی بڵێ بۆ ئـەوەی نوورانی ببیت.

- لەگـەڵ هەر کەس بوویتە هاوڕێ و لـە کارە دنیایی و ڕۆژانەکان شـەریک بـوون، هەوڵ بـدە پێش شـەراکەت تاقی بکەیتـەوە و، لە کارەکانـی تێڕابمێنیـت و، بـە کار و کردەوەکانی تاقـی بکەرەوە و، هەوڵبـدە ئـەو بەڵێنانـەی دەیـدات هاوشـێوەی کاری ئەنجامـدراو بێـت، نـەک ئەوەی بەڵێـن بدات و قسـە بـکات و دوای کاتژمێرێک لەبیـر بکرێت. ئەو کەسـەی بەڵێـن دەدات و جێبەجێـی ناکات وەک مێشـهەنگی بێ هەنگوینە.

- کوڕی خۆم؛ هەرگیز هاوڕێیەتی کەسـانی ناشـوکر و ناسـوپاس مەکە و، تەنیا لەگەڵ ئەو کەسـانەدا پەیوەندی دۆسـتایەتی ببەسـتە کـە لە هاوڕێیەتـی و پاکیدا ڕازاوەن.

- کـوڕم؛ لـە تەندروسـتی و جوانی و هێز و سـامان و هەموو ئەو شتە باشـانەی خواوەند پێی بەخشـیویت، بۆ خێر و هاوکاریکردنی خەڵـک کەڵکیـان لێوەربگرە و، هەوڵ بدە تەنیا لـە ئەنجامدانی کاری چاکـە و خێـردا پەلە بکەیت، بەڵام لەو کارانـەی لە دەرئەنجامەکانی دڵنیانیـت، سـەبر و خۆڕاگـری بکـەرە پیشـە بۆ ئەوەی ڕاسـتی یا ناڕاسـتی کارەکـەت بۆ ڕوون ببێتەوە و دواتـر ئەنجامی بدەیت.

Scanned with CamScanner

- کورم؛ ئەگەر بە درێژایی ژیان بتەوێت پێکە و جێگەی هاوڕێکانت و کەسێک بناسیت، بۆ تاقیکردنەوە و ناسینی ئەو لە کارەکانت راوێژی پێ بکە تا هەست بە دادپەروەری و ڕاستی و ناڕاستی ئەو بکەیت و، بە تەواوی بیناسیت، هەڵبەت ڕاوێژکردنەکە تەنیا دەبێت بۆ ناسینی سروشتی ئەو بێت و، دوای ئەوەی بە جوانی ناسیت، تێدەگەیت کە دەتوانێت ببێتە هاوڕێی یا بەجێی بهێڵیت؟ بە خواستی خوا هاوڕێکانت بە وشیارییەوە هەڵدەبژێریت.

- کوڕی شیرینم فەرمان بکە بە چاکە و ڕێگری بکە لە خراپە و ئارامگربە لەسەر ئەو شتانەی تووشت دەبن.

- کوڕی شیرینم؛ ژیانم لە هەموو قۆناغەکاندا ئەزموون کردووە، بەلام لە کۆتاییدا تێگەیشتم ژیان بێ تێڕامان و بێ عەشق و پەرستنی خوا؛ بێ مانا و بێزارکەرە. کورم؛ تۆیش هەوڵ بدە بە بیرکردنەوە لە ئایاتی خواوەند و پەرستنی خواوەند، خۆت لە خوا نزیک بکەیتەوە، چونکە بێ خۆشویستنی خواوەند، دنیا و هەموو شتەکانی وەک گۆڕستانێکی بەربەرین و گەورەیە، کە ئەو گۆڕستانە کۆن و مێژینەیە و چەندین ساڵە کەس هاتوچۆی نەکردووە.

- کوڕەکەم؛ هەمیشە ڕووبەڕووی ناڕاستی و خراپەکاری ببەرەوە و، لە هەموو کارەکانت پشت بە دادپەروەری و ڕاستی ببەستە و، بزانە بیرکردنەوەی باش و تێڕامان و ئەندێشەکردن، بەسەر

Scanned with CamScanner

هێزی توانا جەستەییەکانی مرۆڤدا سەردەکەوێت. دڵنیابە زۆربەی کاتەکان شمشێر و دەستەڵات لە لایەن ئەندێشە و ڕێگەچارەی ژیرانەوە لەناو چووە، هەوڵ بدە هەموو کارەکان بە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و ڕاوێژکردنەوە ئەنجام بدەیت؛ بۆ ئەوەی لە هەموویاندا سەرکەوتوو و سەرفەراز بیت.

- کوڕی شیرینم بەلا بەکەم بزانە و لێپرسینەوەی خۆت بکە پێش ئەوەی لێپرسینەوەت لەگەڵ بکرێت.

- بزانە و ئاگادار بە! مرۆڤی چاکەکار دەبێت هەوڵ بدات و تێبکۆشێت بیرکردنەوە و تێڕامانی دەربارەی خواوەند بێت و، لە کار و کردەوەکانیدا پشت بە ڕێنوێنییەکانی خواوەند ببەستێت و، شوێنکەوتەی کتێبە ئاسمانییەکان بێت؛ بۆ گەیشتن بە دوایین وێستگە کە گەشەکردنی تەواوی ڕۆح و تەندروستی جەستەیە. کوڕم، لە دنیادا دوو هێز هەیە یەکیان ئیلاهی و ئەوی دی شەیتانی و، دڵنیابە هەمیشە هێزی ئیلاهی سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، چونکە لە ڕێگەی ڕاستکرداری و زیکری خواوەندەوە بەدەستدێت.

- کوڕم وریابە! کار و بژێوی ژیان و هاوبەشی تۆ لەگەڵ کەسانی بڕوادار، شادومانیت پێدەبەخشێت و، هاوبەشی لەگەڵ بێبڕواکاندا لە کەسایەتی و پێگەی تۆ کەم دەکاتەوە و، لای خەڵک بە کەسێکی سووک و کەم بایەخ دەردەکەویت. وریابە! تەمەن و ژیان هەرچەندە درێژبێت، تەواو دەبێت و هاوشێوەی پێڵو

Scanned with CamScanner

لێکدانێکـە، هەوڵ بـدە بە جۆرێک ژیان بەسـەربەریت هەم خواوەند و هـەم خەڵکەکـەی لێـت ڕازی بن.
- کوڕی ئازیزم هەڵخلیسـکان بناسـە، چونکە ئەگەر هەڵخلیسـکانت ناسـی لە ژیانتـدا کەمتەرخەمی ناکەیت.

- هـەوڵ بـدە ڕۆژەکـەت بـە نـاوی خواوەنـد دەسـت پێبکەیت و، ئەندێشـە و گوتـار و کردارت بە خوا بسـپێریت، تا لـەم ڕێگەیەوە سـەربڵندی بەدەسـتبهێنێت و ڕۆحت بەردەوام شاد و نوورانی بێت و، جەسـتەت بەهێـز و تەندروسـت بێـت. دڵنیابە هـەر مرۆڤێک لە ڕێگەی زانست و گوتار و کرداری دروستدا، ڕاستی و ڕاستکرداری بەدەسـتبهێنێت، ڕۆحـی ئارامییەکـی مەزنی پێ دەبڕێـت و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ درەوشـانەوە و ڕاسـتی ڕۆحی زیاد دەکات.

- کـوڕی شـیرینم هەرکەسـێک دەمەقاڵێ کەم بکات بێـوەی ئەبێت، هەرکەسـێکیش زیادەڕەوی تێدا بـکات تاوانباردەبێت.

- کـوڕی خـۆم؛ لە ئەنجامدانـی هەموو کارەکانـدا خواوەندت لەبیر بێـت، گرنگـی بە پەیمان و بەڵێنەکانت بـدە و، ئەرکە ئایینییەکانت بە باشـترین شـێوە ئەنجام بدە، هەوڵ بدە دەربارەی هەموو شـتەکان بـە تایبەت جیهانـی دوای مـەرگ لێکۆڵینەوە بکەیت، بـۆ ئەوەی لە هەموویانـدا زانایـی بەدەسـتبهێنیت، هەوڵ بـدە ڕق و تووڕەیی لە خـۆت بـەدوور بگریت و، خۆت لە شـەڕ و قێزەونی پـاک بکەیتەوە و، سـەبارەت بە بەڵا و شـەڕی کەسـانی تر لێبوردەبیـت و، لەگەڵ

Scanned with CamScanner

خراپەکاران و ستەمکاراندا پەیوەندی هاوڕێیەتی و هاونشینی نەبەستیت و، هاوکاری هەژاران و نەداران بکەیت و، لە جیهانی دوای مەرگ ئاگاداریان بکەیتەوە و پێیان بڵێت کە دوای مەرگ ژیان دەست پێدەکاتەوە.

- کوڕی خۆم هەق و ڕاستی بڵێ ئەگەر زەرەری خۆشتی تیابوو، گوێ بە تووڕەبوونی کەسیش مەدە.

- کوڕی ئازیزم خواردنت کەم بکەرەوە و بە دانایی و حیکمەت خۆت پڕ چەک بکە.

- کوڕم؛ دڵنیابە بە ئەنجامدانی کاری چاکە و خواپەسەندانە، دیوارێک لە ڕووناکی کە باشترین پارێزەر و دیاری و بەخششە لە لایەن پەروەردگارەوە بە تۆ دەبەخشرێت، دڵنیابە، سەرئەنجامی سەرکەوتنی هەر کارێک بە چاکەکاری و ڕاستییە. هەوڵ بدە بە چاکەکاری و زیکری خواوەند و بیرکردنەوەی لە ئایاتی خواوەند پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوەی هەموو باشییەکان ببەستیت کە خودی خواوەندە.

- کوڕی ئازیزم؛ ئەندێشەی ڕاست و بیرکردنەوەی باشە ئەوەیە کە لەسەر دووڕییانەکاندا هاوکاریت دەکات، بۆ ئەوەی هەست بەحەقیقەت بکەیت و گومڕا نەبیت، وریابە! لە هەر کارێکدا بیر بکەیتەوە و بە دوای حەقیقەت و ڕاستیدا بگەڕێیت. تەنیا بە

Scanned with CamScanner

بیرکردنـەوە دەتوانێـت پەیوەنـدی لەگەڵ خوا ببەسـتێت بۆ ئەوەی خـۆت هەسـتی پێبکەیـت. بـە ئەندێشـەکردن و تێڕامانـە خواوەند لـە هەمـوو کارەکانتـدا ڕێگـەت نیشـان دەدات و سـەرکەوتنت پێدەبەخشێت.

- کـوڕم، باشـترین ڕێگە ڕێگـەی خواوەندە، ئەویش یـەک ڕێگایە، ڕێگـەی ڕاسـتی و چاکەکارییـە و، دڵنیابـە خواوەنـد جەوهـەری ڕاسـتی و دروسـتییە، خواوەند جیهان و هەموو شـتەکانی جیهانی ئافراندووە تا مرۆڤەکان لە دەسـتەڵات و هێـزی خواوەند تێڕابمێنن و، بەڕاسـتی و دروسـتی و هەوڵـدان و دادپـەوەری بە باشـترین شـێوە ژیـان بەسـەر بـەرن و، نیازەکانی جەسـتە بـە ئەنجامدانی کارەکانـی ڕۆژانە و، نیازەکانـی ڕۆح بە زیکری خواوەند و بێدەنگی و تێڕامـان لـە ئافرێنراوەکانـی ئامادە بکەن، بۆ ئـەوەی بتوانن هەم لـەم دنیـا و هەم لەو دنیا دوای مەرگ، ژیانێکـی بەختەوەرانە بژین.

- کـوڕی خـۆم؛ ئـاوەزی تۆ تەنیـا ئامـرازی پەیوەندی تـۆ لەگەڵ خواوەنـدە کـە دیارییەکە لە لایەن پـەروەردگارەوە بـۆ مرۆڤەکان و، لـە کتێبـە ئاسـمانییەکاندا بە ڕۆح نـاوی هاتووە. لە سـوورەتی (الاسراو) (کۆتایی ئایەتی 60 تا 6 و سوورەتی (ص) کۆتایی ئایەتی 70 تـا کۆتایـی) سـەبارەت بەم دیارییـە فەرموودەکانـی خواوەند دەبینیـت. بە شـوێنکەوتن و پەیڕەویکردن لـەم دیارییە گەورەیە و، هـاوکاری وەرگرتـن لێـی لە ئەنجامدانـی کارەکان سـەرکەوتوو و سـەربڵند و سـەرفەراز دەبیت، بەڵام گوێڕایەڵی شەیتان و ئەنجامی

Scanned with CamScanner

کاره نەشیاوەکان، ئەم دیارییە گەورەیە واتە ڕۆح یان ئاوەز لەناو دەبات و بە درێژایی ژیان گومڕا دەبێت. کوڕم وریابە! لە هەموو کارەکانـدا پشـت بە ئاوەز ببەستێت، ئەندێشـە بکە بۆ ئـەوەی لە ڕێگـەی ئـاوەزەوە باشـترین و گونجاوترین ڕێگەچـارە هەڵبژێریت و ئەنجامی بدەیت. کوڕەکەم؛ مرۆڤی ژیر کەسێکە لە هەموو کارەکاندا پشت بە ئاوەز دەبەستێت و، خۆی بەجۆرێک پەروەردە دەکات کە بتوانێت و لە کارەکان تێڕابمێنێت و، لە پەیوەندی نێوان خواوەنـد و مرۆڤ کەڵک وەربگرێت.

- کوڕی شیرینم؛ خەم و خەفەتی دنیا و زیکرنەکردنی خواوەند پەیامهێنەری مەرگە، وریا بە! ئەو ساتانەی بە دنیاوە سەرقاڵ بوویت، بە ژیان و زیندووبوون بەراوردی مەکە، ئەو ساتە، کاتێکە سێبەری مەرگ و گومڕایی تۆی گرتۆتەوە و، دەبێت چاوەڕوانی سزا و کارەسات بیت.

- کوڕم وریابە! لە هەموو کارەکان و دادوەرییەکانتدا بەدرێژایی ژیان، دادوەرییەکانت لەسەر بنەمای وشیاری و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ کارەکان ئەنجام بدەیت، نەک ئەوەی لەسەر بنەمای قسەی خەڵک و پەلەکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای ئەو شتانەی لە خەڵکت بیستووە، وریابە! خەڵک گوێ لە کەسێک دەگرن کە دانا و ڕاستکردار و لایەنگری ڕاستی و حەقیقەت بێت.

- کوڕم لەبیرت بێت! کەسێک دەتوانێت لە نیعمەتەکانی پەروەردگار

Scanned with CamScanner

کەڵک وەربگرێت کە ڕێگەی ڕاست و ڕاستکرداری بکاتە پیشە و، بەردەوام خوا بپەرستێت و، خەڵک بۆ ڕێگەی ڕاست ڕێنوێنی بکات. مرۆڤ تەنیا بە زیکر و پەرستنی خواوەند بە ڕزگاری دەکات و، بۆ گەیشتن بە بەختەوەری و بەخشینەکانی خواوەند و نزیکبوونەوە لێی، دەبێت لە کاری چاکە بەردەوام بێت.

- کوڕی خۆم کۆڵی ئاسن و قورقوشمم زۆر کێشاوە و بارکردووە بەڵام لە قەرزاری قورسترم نەبینیوە.

- کوڕم؛ تێڕامان و بیرکردنەوە -بیرکردنەوە ئامرازێکە خواوەند لەناو مرۆڤدا جێگیری کردووە-، مرۆڤ بە بیرکردنەوە دەتوانێت لە ناسین و دەستەڵاتی خواوەند تێڕابمێنێت و، تێڕامان کە بیرکردنەوەی قووڵە، ڕێگەی ناسین و ئاگاداربوون لە ئافراندانەکانی خواوەند نیشانی مرۆڤ دەدات، هەر وەک بیرکردنەوەی پەیوەندییەکی کاتییە، بەڵام ئاوەز و عەقڵ پەیوەندییەکی ئەزموونی و ئەزموونی چەندین ساڵە دێنێتە ئاراوە، کەواتە وریا بە! هەمیشە و بە درێژایی تەمەنت بۆ ئەنجامدانی کارەکان پشت بە ئاوەز و عەقڵت ببەستیت، چونکە پەیوەندی نێوان تۆ و پەروەردگارە. ئەگەر بەردەوام پشت بە ئاوەز ببەستیت؛ ئەو کاتە کەسێکی ژیریت. هەوڵ بدە بۆ ناسینی خواوەند بەردەوام بیر بکەیتەوە و بە تێڕامانەوە کە بیرکردنەوەی قووڵە، درک بە فەرموودەکانی پەروەردگار بکەیت. ئەگەر لە ئایەت و فەرموودەکانی خواوەند تێڕابمێنیت، ئەو کاتە کەسێکی بیرمەندیت و، مرۆڤی ژیر و

Scanned with CamScanner

بیرمەنـد کەسـێکە بەردەوام لـە بیدەنگیدا بیـر لە ئایاتـی خواوەند دەکاتـەوە و، لـە زیکـری خواوەنـد نوقـم بـووە و، بە تـەواوی لە خواوەنـد نزیککەوتۆتەوە.

- ئەی کوڕی خۆم ئامادەی مردوو ناشـتنبە، بەڵام ئامادەی شـایی و ئاهەنـگ مەبە، چونکە مردوو قیامەتت بیردەخاتەوە، بەڵام شـایی خۆشی دنیات ئەخاتە دڵ.

- کـوڕی خـۆم نان مەخۆ بەسـەر تێریدا، ئەگەر ئـەو نانە بدەی بە سـەگ باشـترە لەوەی خۆت بیخۆیت و برسیت نەبێت.

- کـوڕم وریابـە! چـاو نەبڕیتـە سـامان و داهاتی کەسـانی دیکە، بـەوەی کـە خواوەند پێی بەخشـیویت ڕازی بە، ڕۆزی و سـامانی تـۆ وەک شـیری دایکـت پێـت حەڵاڵـە، بـەڵام سـامان و داهاتـی کەسـانی تـر کە لە ڕێگـەی جیـاواز کۆکراوەتەوە حەرامـە، وریابە بە پاشـکەوتی خـۆت ڕازی بیت بۆ ئەوەی سـامان و داهاتەکەت لە دەسـت نەدەیت. باشترین پاداشـت و گەورەیی ڕاستی و دروستییە لەکارەکانـدا و، خراپتریـن و قێزەونترینـی دۆخـەکان ناشـوکری خواوەنـدە. بـەردەوام ڕۆحی ڕاسـتیبێژ شـاد و خۆشـحاڵە، بەڵام ڕۆح و ناخـی ناسـوپاس و ناشـوکر گرفتـار و پڕ ڕەنـج و خەمە. ڕاسـتی و حەقیقـەت ڕێگـەی بەختـەوەری و، درۆ و ناشـوکری ڕێگـەی خراپـە و گومڕاییە.

Scanned with CamScanner

- کـوڕی خۆشەویسـتم؛ ئەو کەسـەی لـە خراپـەکاری تۆبە بکات و، لـە ڕێگـەی شـەیتان و گوێڕایەڵی شـەیتان پاشـگەز ببێتەوە و، پەیوەسـتی پەروەردگاری تاقانـە بێت، خوداوەند ڕۆحی پاسـەوان بـۆ پارێـزگاری ئـەو دادەنێـت. کـوڕم؛ ئەو کەسـانەی لـە ڕێگەی خـوا و کاروبـارە ئایینییەکاندا دووچاری شـک و شکسـت دەبنەوە حەقیقەتیـان بەتـەواوی نەناسـیوە. ئەوانـە لـە ژیانـدا زوو فریـو دەخۆن و خراپترین ئەندێشـە و بیرکردنـەوە تەنگیان پێهەڵدەچنێت و، دەرئەنجام بـەرەو هەڵچوون دەڕۆن و، ژیانی خۆیان و خەڵکانی دیکەیش بەفیـڕۆ دەدەن.

- کـوڕی خۆم ئـەوەی سەرزەنشـتی خۆی بـکات براوەیە، ئەوەی سـەرنجی ئەنجامی کارەکانی بدات سـەرکەوتوە.

- کـوڕی خـۆم ئەوەی شـوێنکەوتەی ئارەزوەکانی بێـت گومڕایە، ئـەوەی لەخـودا بترسـێت بـە بەزەیی دەبێـت، ئەوەی تێگەیشـتوو بێـت زانایە، ئـەوەی بینایی ڕۆشـن بێت تێگەیشـتووە.

- کوڕەکـەم؛ تـۆ دەبێـت پێـش ئەنجامدانـی هـەر کارێـک پشـت بـە ئـاوەز ببەسـتیت و، بیـر لەئەنجامدانـی کارەکان بکەیتـەوە تـا لە ڕێگـەی بیرکردنـەوە و پشتبەسـتن بـە خواوەند؛ باشـترین ڕێگەچـارەی کێشـەکان و سـەرکەوتن لە کارەکانت بۆ دەسـتەبەر ببێـت، ئەگـەر دەخوازیت خواوەند لـە هەموو کارەکانـدا هاوکار و پشـتیوانی تـۆ بێت؛ سـەرەتا دەبێت بۆ ڕزگاری بـەردەوام بە زیکر

Scanned with CamScanner

و پەرستنی خواوەند سەرقاڵ بیت و، هەوڵ بدەیت ئامۆژگاری و ڕێنشاندەری کەسانی دیکە بیت.

- کوڕی ئازیزم؛ لە ئەندێشە و بیرکردنەوە لە دنیا و شتە مادد‌ییەکان خۆت بەدوور بگرە کە دەبێتە هۆی خەم و خەفەت. لە گومڕایی و ڕەشبینی و لەخۆباییبوون خۆت بەدوور بگرە و، هەوڵ بدە لەهەموو قۆناغەکانی ژیاندا دەم بە پێکەنین و خۆشحاڵ بیت و، لەگەڵ خەڵکانی ژێردەستە بە نەرم و نیانی هەڵسوکەوت بکەیت، ئەوە بزانە لای خواوەند هیچ کەسێک گەورەتر و لەپێشتر نییە مەگەر کەسانی بڕوادار و ڕاستکردار!

- کوڕی خۆم وریابە! ئەو کەسانەی بە هۆی نەزانییەوە بیر لە فەرموودەکانی پەروەردگار ناکەنەوە و بەردەوام سەرقاڵی پاشەکەوتکردنی ماڵ و سامانی دنیان، تەماحەکەیان دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگەی خواوەند و ڕێگەی ڕاستی و حەقیقەت ون بکەن و، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی گرفتاری سزایەکی هەمیشەیی بن لە جیهانی دوای مەرگدا. کوڕم وریابە!

- کوڕم؛ ئەگەر بەردەوام ڕاستکردار بیت و، سەرقاڵی زیکری خواوەند و ڕێنوێنی کردنی خەڵکان بیت، هەر کەس بیەوێت خیانەتت لێ بکات، چ درۆزن بێت، چ فێڵباز، هەر کۆسپ و تەگەرەیەک بۆ تۆ دروست بکات، یان بخوازێت خیانەت لە سامانەکەت بکات، دڵنیابە خواوەند خیانەتەکەی بۆ تۆ ئاشکرا

Scanned with CamScanner

دەکات و، ئـەو کەسـە ڕیسـوا دەکات. تا دەتوانیـت لەگەڵ خواوەند ڕاسـتگۆ بـە و، خەڵـکان بـۆ ڕێگەی ڕاسـت ڕێنوێنـی بکە.

- کوڕم؛ بڕوادار و خۆپارێز کەسـێکە لە ژیان و لە خۆشـییەکان و لـە چێـژ و ئارامییەکانـی ژیاندا خۆڕاگر بێت و، لە کاتی سـەختی و دژوارییەکاندا زەلیل و ڕیسـوا نەبێت و، لە خۆشـی و چێژەکانیشدا سـەر مەسـت و لەخۆبایی نەبێـت و، بە نوێژ و زیکـر و پاڕانەوەی خواوەنـد، ڕۆحـی خۆی نوورانـی و چاوی بە ڕووی ڕاسـتییەکاندا بکاتـەوە و، بە بیرکردنەوە لەفەرموودەکانـی خواوەند دڵی ڕووناک بکاتەوە.

- کـوڕم؛ ئەگـەر ویسـتت هاوسـەرگیری بکەیـت، لەگـەڵ ژنێکـی لەخواتـرس و داوێنپـاک و بـە حەیـادا هاوسـەرگیری بکـە. ژنـی لەخواتـرس و داوێنپـاک سـەرچاوەی خۆشـی و ئارامـی و بەختەوەری ژیانە، ئەو کەسـەی خۆشەویسـتی بـە ژنی لەخواترس ببەخشـێت، ڕێزی لـە ژیان و ئارامـی ژیانی خۆی گرتـووە. هەوڵ بدە لە هەڵبژاردنی هاوسـەر گرنگی بە جوانی ڕوخسـار و سـامانی باوکـی نەدەیـت، بەڵکـو بیـر لـە داوێنپاکی ئـەو بکـەرەوە. کاتێک وەک هاوسـەری خـۆت هەڵتبـژارد، بـە جۆرێک پـەروەردەی بکە ژنـان و کچانـی دیکـە بـۆ داوێنپاکـی هـان بـدات و، منداڵەکانـت بـەرەو ڕزگاری و ڕاسـتکرداری ڕێنوێنـی بکات. هاوسـەرەکەت بە جۆرێـک پـەروەردە بکـە بـە ڕادەیـەک لەخواتـرس و داوێنپاک و ڕێنیشـاندەری ژنـان بێت کە هەموان وەک کەسـێکی ڕاسـتکردار

Scanned with CamScanner

بیناسـن و، بـه دلپاکییەوە وتەکانی ئەنجام بـدەن. ڕەحمەتی خوا بۆ ژنـان و پیاوانـی ڕاسـتکردار و لەخواترس.

- ئـەی کـوڕی خـۆم مەبە بە شـیرینیەک کە خێرا قـوت بدرێت و مەبە بـە تالیەک کە تـف بکرێتەوە.

- کـوڕی خـۆم هێندە دڵ بە دنیا مـەدە بەجۆرێک قیامەتت بدۆڕێنی و شـەرمەزاری لای خودا بیت، ئەوەندەش دەسـت لە دنیا بەرمەدە کە ببیت بە مشـەخۆر بەسەر خەڵکیەوە.

- کوڕی شیرینم؛ ئەگەر بتەوێت لە شەڕی شەیتان و شوێنکەوتەکانی و، هەروەهـا بەڵای مرۆڤە قێزەونـەکان و خراپەکاران ڕزگارت بێت کـە زیاتر لە هەموو جنۆکەکان کاریگەری لەسـەر مێشـکت دادەنێن و، بـۆ کاری خراپە هانـت دەدەن، دەبێت نـاوی خواوەند بەردەوام وێـردی سـەرزمانت بێت، چونکـە ئەو دەتوانێت هەمـوو بەڵا و بەد بەختییەکانت نەهێڵێت.

- کوڕەکەم؛ نابێت تۆ لەگەڵ مرۆڤی بێبڕوا و درۆزن پەیوەندی ببەستیت و، هاوڕێیەتییان بکەیت، نابێت قسـەی کەسـانی بێبڕوا کاریگەری لەسەر تـۆ دابنێت و ئیمانت لاواز بکات، چونکە کەسـانی بێ ئیمان و خوانەناس گیان و ماڵ و ڕۆحی تۆ لاواز دەکەن و، بە شـێوەیەکی نەشـیاو سـامانی تـۆ بەکاردەبـەن. هـەوڵ بـدە لـەو کەسـانە خـۆت بـەدوور بگریت و هاوڕێیەتی کەسـانی ڕاسـتگۆ و لەخواترس بکە.

Scanned with CamScanner

- کوڕەکـەم؛ دڵنیابـە ئەو کەسـەی ئەندێشـە و بیرکردنەوەکانی بۆ بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندی خواوەند بێـت و، تەنیا لەبەر ڕەزای خوا کار و کردەوەکانـی ئەنجـام بـدات و، بەردەوام بـە بیرکردنەوە لە خواوەنـد کارەکانـی ئەنجـام دەدات؛ ئـەوا ئـەم کەسـە لـە هەموو کارەکانیـدا پێشـکەوتن بەدەسـتدەهێنێت و ڕۆح و ناخـی لەگـەڵ ڕاسـتی و حەقیقـەت یـەک دەگرێتـەوە. ئـەو کات ئـەم کەسـە بە بەردەوامـی لـە ڕووی جەسـتەیی و ڕۆحییەوە لـە ئارامیدایە.

- کوڕەکـەم؛ دڵنیابـە ئـەو کەسـەی بە ڕاسـتی و دروسـتی ژیان بەسـەر دەبات زیانی پێناگات، چونکـە خواوەند لە هەموو کارەکاندا هـاوکاری دەکات و، لە بەرامبـەر هەموو خراپییـەکان دەیپارێزێت. دڵنیابـە هەرگیـز زیـان بەو کەسـە ناگات کـە هاوکاری هـەژاران دەکات و، چاکـەکاری و ڕاسـتکرداری بڵاو دەکاتـەوە و، خەڵک بۆ ڕێگەی ڕاسـت ڕێنوێنی دەکات.

- کـوڕی ئازیـزم؛ دڵنیابـە تەنیـا ڕێگـەی ڕزگاری و خۆپارێزی و نزیکبوونـەوە لـە خواوەند، لە ڕێگەی ڕاسـت و ڕێگـەی خواوەندە، دڵنیابـە هـەر کارێکـی دروسـت و، هەر تێڕمـان و ئەندێشـەیەکی پـاک و، هەر دوعـا و پاڕانەوەیەک لە دڵەوە سـەرچاوە بگرێت؛ بێ وەڵام نامێنێتـەوە. دڵنیابـە ئەوەی لە ئەندێشـە و بیرکردنەوەی تۆدا بێـت، خواوەنـد لەوەدا بەهرەمەندت دەکات و تۆی لای فریشـتەکان و لای مرۆڤـەکان گـەورە و ڕێـزدار دەکات. هەڵبـەت بـە مەرجـی

Scanned with CamScanner

بیرکردنـەوەی چـاک و بێگەرد.

- کـوڕی خۆم؛ هەوڵ بدە گوێ لە ئامـۆژگاری و پەند و ئەزموونی کەسـانی دیکە بگریت و، بە ئەندێشـە و تێڕامان هەڵیان بسەنگێنە و، هـەر کامی خواپەسـەندانە و عەقڵانی بوو بـە کاری ببە و ئەنجامی بـدە. تەنیا بیرمەندان و چاکەکاران باشـترین ڕێگـە هەڵدەبژێرن و، دڵنیابـە خراپـەکاران لەناودەچن. کوڕم، خۆڕاگری و سـەبر کاتێک گونجـاوە کە لە نـاو کێشـە و نەهامەتییەکاندا گرفتـار بیت، چونکە لـە ئەنجامدانـی کاری چاکـە و خێـردا سـەبرکردن هیـچ واتایەکی نییە.

- کـوڕی خـۆم؛ وریابـە لـە هەمـوو کارەکانـدا دادپـەروەری و ڕاسـتکرداری بکەیتە پیشـە و، لە ڕێگەی ڕاسـتدا داوای سـوود و قازانجـی کارەکانـت لـە خـوا بکە، نەک ئـەوەی سـوود و قازانجی کارەکانـت لـە ڕێگەی زیان گەیانـدن بە خەڵکان بەدەسـتبهێنیت. بە شـێوەیەک ژیـان بەسـەربەرە ئەگەر سـوود و قازانجـی کەمت لە ڕێگەی ڕاسـتەوە بەدەسـتهێنا باشـترە لـەوەی سـامانێکی زۆر لە ڕێگـەی زیـان گەیاندن بـە خەڵکان بەدەسـتبهێنیت.

- کـوڕی خۆشەویسـتم؛ خزمەتکردنـی خەڵکان ئەرک نییـە، بەڵکو چێژێکـی گەورە و ئاسـوودەییەکی هەمیشـەییە، ئەگـەر ئەو ڕێگەیە بەدەسـتبهێنیت؛ ئـەو کاتـە لەناو جەسـتە و ڕۆحی خۆتدا هەست بـە ئارامـی دەکەیـت. ئەو کەسـانەی لـە کارەکانیانـدا لەخۆبایی د

Scanned with CamScanner

خۆپەسەندن و، لە ڕووی سامان و جوانییەوە خۆیان بە گەورەتر لەهەمووان دەبینن؛ ژیانیان هاوشێوەی گێژەڵووکەیەکە کە ساتێک هەیە و، ساتێک یاخی دەبێت و بە خێرایی لەناو دەچێت و کۆتایی دێت. ئەم کەسانە بە هۆی جەڵتەوە دەمرن.

- ئەی کوڕی خۆم ئەگەر گەدەت پڕ کرد بیرکردنەوەت و نامێنێت و دانایت کەڕ دەبێت و ئەندامانی جەستەت هەموو لەکار دەکەون.

- ئەی کوڕی شیرینم زۆر یادی خودا بکە، چونکە گەر کەسێک یادی خودا بکات خودای گەورەش یادی ئەو کەسە دەکات.

- ئەی کوڕی خۆم با گوناهەکانت هەمیشە لەبەر چاوت بن، چاکەکانیشت پشت گوێ بخە لە گوناهەکانت پەشیمانبە و چاکەکانت بەزۆر مەزانە.

- ئەی کوڕی شیرینم هەرکاتێک گوناهبارێکت بینی قسەی پێ مەڵێ لەو کاتەدا گوناهەکانی خۆت بێنەوە یاد چونکە تۆ تەنیا پرسیاری کردەوەکانی خۆتت لێدەکرێت.

- ئەی کوڕی خۆم گوێڕایەڵی خودا بکە، چونکە هەرکەسێک گوێڕایەڵی خودا بکات هەرچی ئاوات و مەبەستی هەیە بۆی جێبەجێ دەکات و لە خراپەی خەڵکیش دەیپارێزێت.

Scanned with CamScanner

- ئـەی کـوڕی خـۆم گوێ بـە دنیا مـەدەو دڵت پێی خـۆش نەبێت چونکـە تۆ بـۆ ئەوە دروسـت نەکراویت.

- کـوڕی خـۆم خـودای گـەورە هەرشـتێکی لـە دنیادا دروست کردبێـت زۆر ئاسـانتر بووە لـەلای لە دروسـتکردنی خودی دنیا، چونکە هیچ خۆشـیەکی نەکردوە بە پاداشـت بـۆ چاکەکاران و هیچ ناخۆشیەکیشـی نەکردووە بە سـزا بـۆ خراپەکاران.

- ئـەی کـوڕی خـۆم ئـارام بگـرە و خـاوەن باوەڕبـە و جیهادی نەفسـت بکـە، بزانە کە ئارامگرتـن بڵندی و گەورەیـی و بەزەیی و دنیانەویسـتی و هەسـتکردن بـە چاودێـری خـودای تێدایە.

- کـوڕی خـۆم هەرکاتێـک لە بەرامبـەر حەرامدا ئارامگـر بویت و دنیـات بە کـەم گـرت و ناڕەحەتیەکانت لـەلا هیچ نەبـوو، ئەوکاتە هیـچ شـتێک لە مـردن بەلاتەوە خۆشـتر نابێـت و چاوەڕێی مردن دەکەیت.

- کـوڕی خـۆم لەیـادی خودا بـێ ئاگا مەبـە و لە خودا بترسـە و با کەسـیش پێـت نەزانێت و خەڵکـی لەخۆبایت نەکەن و بەقسـەی نـەزان نەخەڵەتێـی، چونکە بەڕاسـتی تـۆ مرواریت لە دەسـتدایە و وا دەزانیت پشـقلە.

- کوڕی شیرینم نەرم و نیان بە هەمیشە هاوڕێی چاکبە.

Scanned with CamScanner

- ئەی کوڕی خۆم هەرکاتێک خودای گەورە نیعمەتێکی پێبەخشـیت، با شـوێنەواری نیعمەتەکە ببینیت بەسـەرتەوە به سوپاسـگوزاری بـۆی و خۆ بەکەمزانینت بەرامبەری و چاکـە کردن لەگەڵ خەڵکیدا.

- کـوڕی خـۆم هەموو شـتێک بەڵای خۆی هەیە، بـەڵای کردەوەی چاکەش لەخۆڕازیبونە.

- ئـەی کـوڕی خۆم ئەنجامدانی نوێژە فـەرزەکان لە هەموو کارێک چاکترە.

- ئـەی کوڕی خۆم لەگەڵ کۆمەڵێکدا دابنیشـە کە یادی خودا بکەن، چونکـە ئەگەر زانابیت ئەوا زانسـتەکەت سـودت پێدەگەیەنێت، خۆ ئەگـەر نەزانیش بیت فێری شـتت دەکەن، ئەگـەر بەزەیی خودا یان ڕۆزی خودا داباری بەسـەریاندا ئەوا تۆش بەشـدار دەبیت تێیدا.

- کوڕی شـیرینم لەگەڵ کۆمەڵێکدا دامەنیشـە کە یادی خودا ناکەن، چونکـە ئەگەر نـەزان بیت ئەوا زیاتر نەزانت دەکـەن، ئەگەر زاناش بیـت ئەوا زانسـتەکەت سـودت پێناگەیەنیت، ئەگـەر نەفرەتی خودا یـان تووڕەیی خـودا داباریت بەسـەریاندا، ئەوا تۆش بەشـدار دەبی تیایدا.

- کوڕی خۆم سوپاسـی کەسـێک بکە کە چاکـەت لەگەڵدا دەکات و چاکە لەگەڵ کەسـێک بکە کە چاکـەت لەگەڵ دەکات.

Scanned with CamScanner

- کـوڕی خۆم نیعمەت بەهۆی سـپڵەییەوە لەنـاو دەچێت و بەهۆی سـوپاس کردنیشەوە دەمێنێتەوە.

- ئەی کوڕی شـیرینم بەڕاسـتی دنیا دەریایەکـی قوڵەو خەڵکانێکی زۆر تێیـدا خنکان، با کەشـتیەکەت تێیدا تەقوای خـودا و کردەوەی چاکـە ئـەو تێشـوەت بێـت کـە هەڵیدەگریـت، هەولبـدە بـا تێیـدا قازانـج بکەی، ڕۆژەکانی شـەپۆلی دەریاکـەن و کتێبەکەی خوداش ڕێنیشـاندەرە و گێڕانـەوەی نەفـس لـە ئـارەزوو حەبلەکانیەتی و مردنیـش کەنارەکەیەتـی و قیامەت سـەختە و تـۆ دەچیت بۆ ئەوێ و فەرمانـڕەواش لەوێ هـەر خودایە.

- ئـەی کوڕی شـیرینم تۆبـە کـردن دوامەخە، چونکـە لەپڕ مردن یەخـەت پێدەگرێت.

- ئـەی کـوڕی شـیرینم ئەگەر ویسـتت هاوڕێیەتی کەسـێک بکەی سـەرەتا تـوڕەی بکـە، ئەگـەر لەکاتـی توڕەییەکەیـدا ئارامی گرت ئـەوا باشـە ئەگەر نا ئـەوا هاوڕێیەتـی مەکە.

- ئـەی کوڕی خـۆم لەو ڕۆژەوە کە تۆ هاتویتەتە دنیاوە، تۆپشـتی تێدەکەیـت و لە قیامەت نزیک دەبیتـەوە و بەرەو لای دەڕۆیت.

- ئـەی کـوڕی خۆم خۆت لە قـەرز کردن بپارێـزە ، چونکە دەبێتە هۆی زەلیلی ڕۆژ و خەفەتی شـەو.

Scanned with CamScanner

- ئـەی کوڕی خۆم هەمیشــە بڵێ ئەی خودایە لێم خۆشــبە، چونکە هەنــدێ کات هەیە پاڕانــەوە تییدا گیرا دەبێت.

- ئـەی کـوڕی شــیرینم لــەو کەڵەشــێرە زیرەکتربــە لەکاتێکدا ئەو لەگـەڵ بەرەبەیانــدا دەخوێنێ و تــۆش لەناو جێگەکەتــدا خەوتویت.

- کوڕەکــەم وریابە و دڵنیابە! ئەو کەسـانەی لەســەر لووتکەی چیا وەســتاون، با دەیانجووڵێنێت و ســاتێک بە هۆی هەڕەشــەی با، لە بەرزایــی دەکەونەخــوار و لەت لەت دەبــن و لەناو دەچن.

- کــوڕم وریابــە! بــۆ گەیشــتن بــە خــوا کــە بەرزتریــن بڵندییــە، لــە کارەکانــی ڕۆژانــە وردبیــن بیــت و، هەمــوو کردار و ئــاکار و بیرکردنەوەکانت خواپەســەندانە بێت و، لەســـەر بنەمای ڕەزامەندی خواوەند و ڕێنیشــاندانی خەڵکان ئەنجامی بدەیــت. لە خوا داواکارم تــۆ و هاوڕێکانت لەناو ئەو کەســانەدا بن کە خەڵکان بۆ شــاڕێگەی ڕاســتی ڕێنوێنی دەکەن.

- کوڕم؛ دڵنیابە کاتێک ژیانت شــیرین و ڕووناک و نوورانی دەبێت و، زەمانێــک ڕۆحت ئۆقرە دەگرێت کە هەموو فکر و ئەندێشــەکانت و، هەمــوو گوتارەکانــت بە درێژایی ژیان ڕاســت و خواپەســەندانە بێــت، دڵنیابــە پێــش ئەنجامدانــی کارەکان بیریان لێبکەیتــەوە، ئەو کات تێدەگەیــت کــە باش و خــراپ کامەیە و، کارە باشــەکە ئەنجام دەدەیت.

- کـوڕی ئازیـزم؛ تەمەنی تۆ ئەوەندە درێـژ نییە کە جارێک ڕێگەی ژیـان ئەزمـوون بکەیـت و، جارێکـی دیکە بـۆ کەڵـک وەرگرتن لە ئەزموونەکانـت بگەڕێیتـەوە بۆ دنیـا. ئاگاداربـە! کات کەمە و ڕێگە کورت، دەبێت لەم ڕێگە کورتەدا کە نە چرا هەیە و نە ڕێنیشـاندەر؛ بەدڵنیاییـەوە هەنـگاو بنێیتە ئـەم ڕێگەیە کە ڕووناکییـەک نییە تاکو سـەرەتای ژیـان و ڕێگەکەتـی پـێ ڕوونـاک بکەیتـەوە. لێرەدایـە کـە دەبێـت پشـت بەخوا ببەسـتیت و، بـە ڕاسـتکرداری و زیکر و پاڕانـەوەی بـەردەوام، ڕێگەی ژیانت بە نـووری دوعاکان ڕووناک بکەیتەوە.

- کـوڕی خۆم؛ وریا بە شـەیتان لە ڕێگەی دنەدانی مێشـکت هەوڵ دەدات ڕۆحـت ناچـار بـکات لێکۆڵینەوە لـە چارەنووسـی داهاتوو بکات و، بەمشـێوەیە ببێتە هۆی لاوازی تۆ. شـەیتان هەرگیز لە تۆ دوور ناکەوێتـەوە و، بەردەوام لە ڕێگەی دنـەدان و هەڵخزاندنەوە، مـرۆڤ بـەرەو دنیای خەونـە دوورەکان پەلکێـش دەکات و، هەوڵ دەدات ڕۆحـی تـۆ بە خـەون گرفتار بـکات. کوڕم وریابـە! ڕۆحی تـۆ لە ڕێگـەی زیکر و ڕاسـتکرداری بۆ ڕۆحێکی گـەورەی ئیلاهی بگۆڕدرێـت کـە تەنیا و تەنیا بیر لـە ئایاتی خواوەنـدی بکاتەوە.

- کوڕەکـەم؛ ئـەو کەسـانەی بـە دوای گەشـەپێدانی ڕۆحیانەوەن و، دەخـوازن لـە گوناهـەکان پـاک ببنـەوە و، ڕۆحیـان نوورانی و گەشـاوە بێت؛ ڕۆحـی خەمباری ئەوان تەنیا لـە تەنیایی و خەڵوەت و لـە ڕێگـەی زیکری خواوەنـدەوە ئۆقرە دەگرێت و لـە مرۆڤەکان

Scanned with CamScanner

دەترسێت، چونکە ئەگەر مرۆڤەکان لێی نزیک ببنەوە شەیتان لە ڕێگەی ئەوانەوە ناچار بە زەمکردنی دەکات و، ڕۆحی تاریک و ڕەش دەبێت. کەواتە ئەو هاوشێوەی ئاسکێکی بریندارە کە لە ڕەوەکەی بەجێماوە، چونکە ئەگەری هەیە دڕندەکان (شەیتان و شوێنکەوتەکانی) پەلاماری بدەن. لێرەدا ئاسک پەنای بۆ ئەشکەوت بردووە بۆ ئەوەی لەوێ چاک ببێتەوە، یا بمرێت. کوڕم ئاگاداری دڕندەکان بە!

- کوڕم؛ جەستە و لاشەی تۆ هاوشێوەی کەشتییەکە کە دوو کەشتییەوان و ڕێنیشاندەری هەیە کاری تیا دەکەن و، ژیانی تیا بەسەر دەبەن و، ئەو کەشتییە کەشتیارێک (یا کەسایەتییەک) بەرەو ئامانج دەبات و، ئەو کەشتیارە دەخوازێت بەخاڵی کۆتایی بگات.

بەسەرهاتی ئەو کەشتییە جەستە و لاشەی تۆیە و، ئەو دوو کەشتیوانە یەکیان فریشتە و، ئەوی دیکەیان شەیتان و، کەشتیارەکە ڕۆحی تۆیە. ئەمەش پەیوەندیدارە بە بارودۆخی کەش و هەوا و تۆفانی دەریاوە و، کەش و هەوا و تۆفانی دەریا کار و کردەوەکانی تۆیە. کەشوهەوای دەریا دەبێتە هۆی ئەوەی کام لە کەشتییەوانەکان سوکانی کەشتییەکە بگرێتەدەست؟ ئەگەر کردەوەکانی تۆ ڕاست و پەسند بێت، بەردەوام فریشتەیەک پارێزگاری لە جەستە و ڕۆحی تۆ دەکات، بەلام بە پێچەوانەوە شەیتان هاوشێوەی کەشتییەوانێکی خراپەکار کەشتییەکە نغرۆ دەکات و، ناتباتە خاڵی کۆتایی کە گەیشتنە بە خواوەند.

Scanned with CamScanner

- کوڕەکەم؛ هەمیشە هەوڵ بدە هاوشێوەی چیایەک بیت کە بەفری لێ باریوە و، سەرچاوەیەکی ئاوی تیا دروست بووە و، لەو سەرچاوەیە هەزاران جووتیار و وەرزێر بۆ پەروەردەکردنی باخ و بەروبوم و مەڕومالات سوودی لێوەردەگرن. کەواتە جەستە و ڕۆحی تۆ هاوشێوەی چیایە و، زیکر و ئایەتەکانی خواوەند و، عەقڵ و تێگەیشتن و دەرکی تۆ هاوشێوەی بەفرە، لەبەر ئەوە تا ئەو جێگەیەی دەتوانیت لەم عەقڵ و وشیاری و دەرکەی خۆت کە خواوەند پێی بەخشیویت فەرمان بە چاکە بکە و خەڵکیش لە خراپییەکان دووربخەرەوە.

- کوڕی ئازیزم؛ هەوڵ بدە هاوشێوەی گۆی زەوی بەهێز و خۆڕاگر بیت؛ کاتێک بارانی ڕەحمەتی خواوەندی بەسەریدا دەبارێت و، بە فەرمانی خودا هەموو جۆرە ڕۆزی و بەرەکەت لە زەوی دەڕوێت و، خەڵکان سوودی لێوەردەگرن و، هەموان تێر و سەر زیندوو دەکات. وریابە! لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا هاوشێوەی چیا بەهێز بیت و، لە بەرامبەر کێشەکاندا خۆڕاگر و هاوشێوەی باران پاککەرەوە و زیندووکەرەوە بیت. پاککردنەوە و زیندووکردنەوەی تۆ واتە ڕێنیشاندانی خەڵکان و دوورخستنەوەیان لە خراپە و گوناهەکان. هەوڵ بدە خەڵک بۆ ڕێگەی خواوەند و ڕاستی ڕێنوێنی بکەیت بۆ ئەوەی هاوشێوەی باران پاککەرەوە بیت.

- کوڕی خۆشەویستم؛ هەوڵ بدە و وریا بە کە جەستەی تۆ

Scanned with CamScanner

هاوشێوەی قەڵایەکە و، ڕۆحی تۆ فەرماندەی قەڵاکەیە و، زمان و و چاو و گوێچکەت پارێزەرەکانی قەڵان و، خواوەند فەرماندەی گشتی هەموو فەرماندەکانە. تا ئەو کاتەی زمانی تۆ سەرقاڵی زیکری خواوەند و ڕاستی و ڕێنیشاندانی خەڵکانە و، چاوی تۆ بە گوناهەکان پیس نەبێت و، گوێچکەت زەم و خراپەکاری و تۆمەت نەبیستێت، پەیوەندی فەرماندەی قەڵا لەگەڵ فەرماندەی گشتی بەهێزە و، فەرماندەی گشتی (خودا) ڕێنوێنیتان دەکات بۆ ئەوەی پارێزگاری لە قەڵاکە بکەن، تاکو فەرماندەی قەڵاکە بە زیندوویی بمێنێتەوە و، هەمووتان تەندروست و سەلامەت بن، بەڵام کوڕم دڵنیابە شەیتان و شوێنکەوتەکانی دوژمنی قەڵا و فەرماندەی قەڵا و پارێزەرەکانی قەڵان و، چەک و تەقەمەنی شەیتان و شوێنکەوتەکانی پەلەکردن و تووڕەیی و شەهوەت و ئێرەیی و تەماح و ڕژدییە. وریا بە دەبێت ڕێگەی گەیشتنی چەک و تەقەمەنی بۆ شەیتانی و هاوەڵانی دابخەیت، چونکە ئەگەر ئەوان دەستیان بە چەک و تەقەمەنییەکان بگات سەرەتا پارێزەرەکانی قەڵا لەناو دەچن و، دواتر هێزەکانی شەیتان دێنە ناو قەڵاکە و فەرماندەی قەڵاکە و، دواتر خودی قەڵاکە لەناو دەبەبن. کوڕم وریای پارێزەرانی قەڵاکە بە!

- کوڕەکەم؛ هەوڵبدە کاتێک ڕۆحت گەورە و نوورانی و ئیلاهی بوو، لەبەر ئەوەی وزە لە خواوەندەوە وەردەگرێت، بە تێڕامانی گەورەی ئیلاهی ناچارت بکات، هەڵبەت بەو مەرجەی هاوکاری لێوەربگرێت و سوودی لێ ببینیت. لە ئێرەیی و بێزاری خۆت

بـەدوور بگـرە، چونکـە سـەرەتا ڕۆحی خـۆت بریـندار دەکات و، دواتر دەبێتە هۆی ناڕەحەتی کەسـانی تر. بۆ چارەسـەری جەسـتە سـەرەتا دەبێت ڕۆح چارەسـەر بکەیت. بیرکردنەوەی و نییەتی دڵی تـۆ جەوهـەر و بوونـی ڕۆحی تۆیـە، کەواتە هەوڵ بدە بـە نییەتی چاکـە و بیرکردنـەوەی ئیلاهی گەشـە بە ڕۆحی خـۆت بدەیت.

- کـوڕم؛ هەوڵبـدە ڕۆحت لەم دنیـا تێپەڕە بە نوورانـی بمێنێتەوە. چونکـە ژیان و تێپەڕینی تەمەن هاوشـێوەی تێپەڕین لە شـەوە، کە هەرچـی لە شـەودا زیاتر زیکری خـوا بکەین و بیر لـە ئایەتەکانی خواوەنـد بکەیتـەوە؛ زیاتر ئۆقـرە دەگریت و بەیانـی زووتر دادێت و شـادومانی بەدەسـتدەهێنیت، بـەڵام ئاگاداربـە! ئـەو کەسـەی خراپـەکاری دەکات و بەردەوام بە درێژایی تەمەن سـەرقاڵی کارە قێزەونەکانـە، دنیـای دوای مەرگی هاوشـێوەی کەسـێکە بەردەوام بـە ڕۆژ بیـری لە بیرکردنەوە شـەیتانییەکان کردووە و، سـەرقاڵی شـەهوەت و کارە شـەیتانییەکان بـووە. هـاوار لـە ژیانـی دوای مەرگی ئەو کەسـە کە هاوشـێوەی خۆرئاوابوونـی دنیایە، تاریک و سـارد و خەمبزوێن و ترسـێنەر.

- کوڕی ئازیزم وریابە! ئەو کاتانەی لە بێدەنگی بەسـەری دەبەیت، بێدەنگـی تۆ لەبەر زیکری خواوەند و بیرکردنەوە لە فەرموودەکانی بێـت، هەروەهـا بیـر لـە هـاوکاری کەسـانی دیکـە و چاکـەکاری بکەیتەوە، نەک ئەوەی بێدەنگی تۆ لە بێدەنگی بێزارکەری شـەیتانی بێـت، کە بـەردەوام لـە بیـری خراپـەکاری و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک

Scanned with CamScanner

و، ستەم و خواردنی ماڵی حەلاڵ و چەوساندنەوەی کەسانی دیکە بێت، چونکە ئەم بیرکردنەوەیە دەنگی زنجیری مردووەکانە و، ئەم دەنگی زنجیرە دەنگی زنجیرێکە دوای مەرگ لە ملی خراپەکار و بێبڕواکاندایە، وریای زنجیرەکانت بە!

- کوڕی خۆم ئاگادار بە! مردن کۆتایی ژیانی دنیاییە، بەلام مردنی ئەم دنیایە سەرەتای لەدایکبوونێکی ترە لە دنیایەکی تردا، کوڕی خۆم ئاگادار بە! بە کردەوەی چاک و بیرکردنەوەی چاک لەدایکبوونێکی نوورانیت هەبێت، وەکو لەدایکبوونی گژوگیا لە بەهاردا. کوڕەکەم؛ هەروەها ئەوەشت لەبیر بێت کە مردن بە نزاکردن و چاکەکاری باشترە لە ژیانی بێ نزا و قووڵبوونەوە. کەواتە کوڕی خۆم هەوڵ بدە مردنت لە لەدایکبوونت جوانتر بێت .

- کوڕم! ئاگادار بە! هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت کە جەستە و ڕۆحی مرۆڤەکان کاتێک ئاسوودە دەبێت کە زمانی خۆیان بەند بکەن و، زمانی خۆیان دوای مێشکیان بەکاربهێنن، واتە سەرەتا مێشکیان بەکاربهێنن و بیربکەنەوە، ئینجا دوای بیرکردنەوە زمانیان بەکاربهێنن و قسە بکەن. هەڵبەت بڕینی ئەم قۆناغانە دژوارە، بەلام لە ڕێگای نەختێک پڕۆڤە و وردبوونەوەوە دەکرێت. کەواتە بەردەوام هەوڵبدە بەر لەوەی قسە بکەیت جوان بیربکەیتەوە.

- کوڕی خۆم وریا بە! ئەگەر دەتەوێت لە هەموو کارەکانتدا

Scanned with CamScanner

بەختــەوەر و ســـەرکەوتوو بیــت خۆم بــەر لەوەی خــۆت بکەویتە هەڵــەوە و ببیــت بە پەندی عالــەم، هەوڵ بدە لە هەمــوو کارەکانتدا پەنــد لــە کارەکانی ئــەو خەڵکانە وەربگریــت وا بەر لە تــۆ ژیاون، یــان ئێســتا لەگەڵ تۆدا دەژین و، چاو لە بەســەرهاتی ســەرکەوتن و دۆرانــی خەڵــک ببڕیــت و، لــە ئەزموونەکانیان فێــری وانە ببیت خــۆم تاکــو بە ئومیــدی خوای گــەورە لــە کارەکانتدا ســەرفراز و ســەرکەوتوو بیــت و، دڵنیابە هەر کەسـێک لە کارەکانیدا پشــت بە خــوای گەورە ببەســتت هەرگیز تووشــی شکســت نابێت.

- کوڕەکــەم، بزانە لــەم دنیای فانی و کاتییــدا هەرچی بچێنیت هەر ئــەوە هەڵدەگریتــەوە. بەڵام مرۆڤــی باڵا و ڕاســتەقینە و مەزن ئەو کەســەیە وا باشــترینەکان هەڵدەبژێرێت و باشــترینەکان دەچێنێت، بــەڵام بێ ئەوەی چاوەڕوانییەکی لــە خەڵک بێت بەرهەمەکەی خۆی پێشکەشــی دنیــا و خەڵکەکــەی دەکات. ئەو مرۆڤێکــی ئازادیخوازە کــە ڕۆحــی مرۆڤــەکان ڕزگار دەکات، نــەک لە بەر ئــەوەی خەڵک ستایشــی بکــەن و چەپڵــەی بۆ لــێ بــدەن و خەڵاتی بکــەن، بەڵکو بــۆ نوورانییــەت و ڕزگاری و شــیفای ڕۆحــە مەزنــەکان و، ئــەو کەســانەیە وا لــەم ڕێگا چاک و پیــرۆزەدا شــایەنی نوورانیبوون و ســەرکەوتنن. هەر بۆیە خــوای گەورە لەم ڕێگا مــەزن و پیرۆزەدا لەگەڵیانە.

- کــوڕم ئــاگادار بــە! کاتێ کاری چــاک دەکەیت ڕۆح و جەســتەت ئاســوودە دەبێــت. کاتێکیــش ئاســوودە بوویــت ئارامی تــۆ دەبێتە

Scanned with CamScanner

هـۆی بیرکردنـەوەی بـالا، کاتێکیـش بـە شـێوەیەکی بـالا بیـرت کـردەوە لەبـەر چاوی خەڵـک گەورە دەبیـت و، دەگەیتـە پلەیەکی بـالا. کاتێکیش لەبـەر چاوی خەڵک گەیشـتیتە پلەیەکـی بالا خەڵک هەمـووی دەبێتـە خزمەتـکاری تـۆ، ئـەوەش ئـەو کاتەیـە کـە تۆ هـەم لـە ڕووی مادديیـەوە و، هەم لـە ڕووی مەعنەوییەوە گەشـە دەکەیـت، کاتـێ کـە لـە ڕووی مـاددی و ڕۆحییەوە گەشـەت کرد دەتوانیـت بە قووڵـی بیربکەیتەوە و، بە شـێوەیەکی باش کەڵک لەو سامانەی خوا پێـی بەخشـیویت وەربگریت.

- کـوڕی خـۆم وریا بـە! لە کاتـی هەڵبژاردنـی هاوبەشـی ژیانت زۆر ورد بیـت و بـە باشـی بیناسـیت، چونکـە هاوسـەری باش و ژیـر باشـترین دیاریـی خودایە، هاوسـەری ژیر و بـاش دەتوانێت بـە هەڵسـوکەوتی بـاش و، قسـەی شـیاو و کـردەوەی چـاک، کاریگـەری بخاتـە سـەر بیرکردنـەوەی پیـاو و، ببێـت بـە هـۆی ئـەوەی بیرکردنـەوەی پیاو گەشـە بـکات و، لە هەمـوو کارەکانیدا سـەرکەوتووی بـکات، بەڵام هاوسـەری نەزان و بێبـڕوا خراپترین دوژمنـی پیـاوە، ئـەو دەتوانێت بـە ئیرەییبـردن لە هەموو شـتێک و، دەسـتێوەردانی بێهـۆ لە هەمـوو کارەکاندا، بیرکردنـەوەی پیاو لەنـاو ببات و، ببێـت بە هۆی ئەوەی لە هەموو کارەکانیدا تووشـی شکسـت بێـت. کەواتـە زۆر وریا بە!

- کـوڕم وریـا بـە! ئیرەییکـردن لـە هەمـوو کارەکانـدا دەبێت بە هـۆی گەندەڵی و سەرشـۆڕی، چونکە ئیترەییبـردن وات لێ دەکات

Scanned with CamScanner

بــە باشــی بیــر نەکەیتــەوە و، کەســێک کە بیــر نەکاتــەوە دەچێتە ڕیــزی ئاژەڵانەوە. کەواتە ئــاگادار بە! نەکەویتە ناو داوی خواستە دنیاییەکانــەوە، چونکــە بیرکردنــەوە لــە شــتی مەحــاڵ توانــای بیرکردنەوەت ســەرقاڵی خۆی دەکات و، بەردەوام ئازارت دەدات و، لــە بیرکردنــەوەی ژیرانە دوورت دەخاتەوە و، لــە پڕ بە جەڵتەیەک دەتخاتــە نــاو دۆزەخەوە. کەواتە لــە دنیا و قیامــەت بێبەش دەبیت و، دوای مــردن لە ئاســوودەیی ڕۆح بێبــەری دەبیت.

- کــوڕی خۆشەویســتم؛ بە هۆی ئــەو شــتانەی نایانزانیت نیگەران مەبــە، بــەڵام بە شــێوەیەکی باش کەڵــک لەو شــتانەی وەربگرە کە دەزانیت و، لە کارەساتەکاندا ئارام و خۆڕاگر بە و، وەکو نەزانەکان خۆت تووشــی خەم و مەراق مەکە، چونکە ئەگەر خەم بخۆیت ئیتر ناتوانیــت بە باشــی بیربکەیتــەوە و بە درێژایی ژیان لــە کارەکانتدا تووشــی شکســت دەبیت، ئــەوەش بزانە ژیان و مەرگ لە شــەو و ڕۆژ دەچێــت، چــۆن دووری یەکێــک دەبێت بە هــۆی نزیکبوونەوە لــە ئەوی تر، کەواتــە بەم نزیکانە یان ڕۆژ دەبێتــەوە یان دەبێت بە شــەو. لــە چاوی خەڵکــی بێبڕوا و نەزانــەوە بەم زووانــە ڕۆژ ئاوا دەبێــت، بەڵام لەبەر چــاوی بــڕوادار و چاکەکارانەوە بــەم زووانە ڕۆژ هەڵدێت وَ ڕاســتییەکان دەردەکەوێت.

- کــوڕم وریا بــە! لە هەمــوو کارەکاندا پشــوودرێژی و خۆڕاگری دەبێــت بــە هــۆی ســەرکەوتن و دڵخۆشــیت. هــەر بۆیە لــە کاری خێــر و چاکــەدا پەلــە مەکــە، هەڵبــەت لــە ڕێــگای بیرکردنــەوە و

Scanned with CamScanner

وردبوونـەوەوە. گەورەتریـن پاداشـتی تـۆش بـۆ خزمەتـکاران و ئـەو کەسـانەی ژێردەسـتەتن ئەوەیە کە لـە کاتی خۆیدا پاداشـتی کارەکانیـان بدەیت، ئەمـە گەورەترین کەماڵ و نیشـانەی گەورەیی تۆیە و، دڵنیابە دڵخۆشـیی ئەو کەسـانەی ژێردەستەی تۆن، دەبێتە هۆی ئـەوەی بەخششـی خوای گـەورەت بەسـەردا ببارێت، بەڵام ئەگـەر خزمەتـکار و ژێردەسـتەکانت لە تـۆ ناڕازی بـن دەبێت بە هـۆی تووڕەیی و غەزەبـی خوای گەورە و، لە کارەکانتدا تووشـی کێشـە و گرفتـی زۆر دەبیـت. کەواتە ئـاگادار بە!

- کـوڕم؛ چـوار شـت هـەن کەمن، بەڵام کەمیشـیان هـەر زۆرە و دەبنـە هـۆی تاریکبوونـی ڕۆح و لاوازبوونی جەسـتە، ئـەو چوار شـتەش ئاگـر و دوژمـن و هەژاریی عەقـڵ و نەخۆشـییە. هەڵبەت ئەگـەر لـەم شتانەشـدا پشـت بە خـودا ببەسـتیت و زیکـری خوا بکەیـت و، لـە هەمـوو بابەتێکـدا بیـر بکەیتـەوە، خـوای گـەورە یارمەتیـت دەدات و ئـاگای لێـت دەبێـت. هەروەهـا ئـەوەش بزانە ئەمانەتداری و ڕاسـتگۆیی بەرەکـەت و ڕزق و ڕۆزیت زۆر دەکات و، لە هەموو کارەکانتدا هێزت پێ دەبەخشـێت و، وات لێ دەکات بە سـەر دوژمنەکانتدا زاڵ بیت. هەروەها ئـەوەش بزانە بەنرخترین و گەورەتریـن قۆناغی ژیری و ئەندێشـە، بیرکردنەوەیـە لە ئافراندنی مـرۆڤ. چونکـە لـە ڕێـگای بیرکردنـەوە لـە ئافراندنی مـرۆڤ لە توانای خـودای گـەورە تێدەگەین.

Scanned with CamScanner

- کورەکـەم وریـا بە! لە هەمـوو کارەکانتدا بەر لـەوەی ئەنجامیان بدەیـت بیـر بکەیتـەوە و عەقڵـت بـەکار بهێنیت و ڕاوێـژ بە خوای گـەورە بکەیـت، واتە هەر کەسـێک بەر لـە ئەنجامدانـی کارەکانی بیربکاتەوە لە ڕاسـتیدا عەقڵی کە نێوانگـری نێوان مرۆڤ و خودای خسـتووتە کار و، خـوای گـەورەش یارمەتـی داوە. کەواتە ئاگادار بـەڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بە ڕێگای بیرکردنەوە عەقڵـی خۆت نوورانی بکەیتـەوە. هەروەها وریابە وەک چۆن لە ماڵ گواسـتنەوەدا کتێبێک خێـرا بـزر دەبێـت هەر بـەو خێراییەش بـە هەڵگرتنـی هەنگاوێکی هەڵـە بیرکردنەوە و عەقڵیـش لەناو دەچێت.

- کـورِم وریـا بە، ڕۆح و ئارامـی و ژیانت وەکو تێپەڕین لە شـەو وایـە کە هەرچـی خێراتر بڕۆیت زووتر دەگەیت بە سـپێدە و ڕۆژ، کەواتـە کـورِم ئـاگادار بـە! بـە درێژایی ژیانـت هەرچی لـە خودا نزیکتـر بیـت و چاکـەکاری بکەیـت و بیر لـە دنیای پـاش مردن و ئایەتەکانـی خـودا بکەیتـەوە؛ بـە ئارامییەکی گـەورە و جوانییەکی گـەورە و، بـە خێراییەکـی ئاسوودەییبەخشـەوە ئـەم دنیـای فانی و لێوانلێـو لـە سـەختییە جێ دەهێڵیـت و پێیدا تێدەپەڕیـت، کەواتە ئـاگاداری چۆنیەتـی تێپەڕیـن لـە شـەو بە، چونکـە ئـەم دنیایە لە ڕوانگـەی بڕوادارانـەوە وەکـو تێپەڕینە لـە تاریکی.

- کـوڕی خۆم؛ بزانە مەبەسـتی خوای گەورە لـە ئافراندنی مرۆڤ گەشـەکردن و نوورانیبوونـی ڕۆحی ئـەو بووە و، گەشـەکردن و نوورانیبوونـی ڕۆحـی بنیـادەم لـە ڕێـگای چاکـەکاری و زیکری

Scanned with CamScanner

خـودای گـەورە و ڕێنوێنــی خەلکەوەیە، کـە بنیـادەم دەگاتە پلەی ئینسـانییەت و گەورەیـی لەبـەر چـاوی خـوای گـەورە و، هـەر کەسێک بگاتـە پلەی ئینسـانییەت دەگاتە پلەی بـالا، تەنانەت بالاتر لە فریشـتەکان، کەواتە ئاگادار بە دانەبەزیت و هیچ شـتیک هێندەی زۆر خـۆری و بێـکاری ڕۆحـی مـرۆڤ تاریک و لێـل ناکات.

- کوڕەکـەم؛ ئەگـەر دەتەوێـت لـە وەلامـی پرسـیارەکانی ڕۆحت تێبگەیـت، سـەرەتا دەبێـت لـە داگیرکردنـی هەمـوو بەشـەکانی جەسـتەت دەسـت پێبکەیت و، دەبێت ڕۆحت وەکو گولێک وا هێزی خۆی لە خاک دەگرێت و گەشـەدەکات و بە ناسـکی و بۆنی خۆش گـەورە دەبێـت، ژیـان و دنیـای جەسـتە لە ڕێـگای چاکـەکاری و زیکـری خـوای گەورە هێـز و توانا وەربگرێت و، بە گەشـاوەیی و عەتـر و بۆنــی خۆش و بە ناسـکییەوە لـەم دنیای خاکییـە بفرێت، وەکـو پـەڕەی گولـەکان کـە دوای ئەوەی بـوون بـە خونچە پاش ماوەیـەک بـە دەم شـنەی باوە لە هـەوادا بـلاو دەبنەوە.

- کـوڕم وریـا بـە! غـەزەب و توورەیـی و ڕق و کینـە ڕۆحت تاریک دەکـەن و، دەیپووکێننـەوە، کەواتە ئاگادار بە! ڕۆحـی مرۆڤ کائینێکە بـە کاری چاکـە نوورانی و ئاسـوودە دەبێت. هەروەهـا دلنیابە زەوی و هەمـوو ئەو شـتانەی تێیـدان دەگۆڕێن و لەناو دەچـن، بەلام خودا هەتاهەتاییـە و ڕۆحـی مـرۆڤ بە چاکـەکاری و گوتنـی زیکری خودا جاویدانـی و زیندوو دەمێنێت. وەکـو دارەکان و ئەو بوونەوەرانەی بە ئـاو زینـدوون و بێ ئاو وشـک دەبن و لەنـاو دەچن.

Scanned with CamScanner

- کـوڕم وریـا بــە! بیرکردنــەوە دەبێت وەهــا بێت کە هــەم بیر لە دنیـای ڕۆحـی و پاش مـردن بکەیتـەوە و، هــەم ئاگات لـە دنیای جەسـتەیی و ڕۆژانـە بێـت، چونکـە تـۆ جـاری هێشـتا لـە دنیای جەسـتەدا دەژیـت و، دەبێت بیرکردنەوەت وەها بێـت کە لە هەموو قۆناغەکانـدا، چ قسـەکردن بێت، چ کـردەوە و ئەندێشــە، لە ڕێگای ڕاسـت و دروسـتەوە گەشـە بکەیت تاکو بەمجۆرە بتوانیت بگەیت بـە ڕۆحێکـی بـاڵا و گـەورە. هەروەهــا ئەمــەش بزانە لەبـەر ئەم هۆکارەیـە مرۆڤەکان لـە دنیای ڕۆحەوە هاتوونەتە دنیای جەسـتە؛ دەنـا مـرۆڤ کائینێکی ئاسـمانی بووە.

- کـوڕم؛ بزانــە و ئـاگادار بــە دەبێـت تـۆ لە قســە و کـردەوە و ئەندێشــەی دروسـت لــە خەڵـک سـەرتر بێت، تاکـو بتوانیـت لەم ڕێگایــەوە ژیانـی خۆت خۆش بکەیـت، هەروەها کـوڕی خۆم وریا بـە! یەکێـک لــە خراپتریـن تایبەتمەندییەکانـی مـرۆڤ ئەوەیـە کە ئەرکەکانـی خـۆی بەرامبەر بەو کەسـانەی بەرپرسـە لێیان بەجێ نەهێنێـت (وەک یارمەتیدانـی بـاوک و دایـک و ...هتـد)، چونکە ئەو بەرامبەر بە کەسـانی تر بەرپرسـیاریێتی لەسەر شانە و، بە جێگەی نەهێنـاوە و پەیمانشـکێنی کـردووە. هەروەهــا هەوڵ بدە هەمیشـە جۆرێـک قسـە بکەیت کە لــە ئەندێشــە و بیرکردنەوەیەکـی پاکەوە سـەرچاوەی گرتبێـت و ئەمــە کارێکـە کە تۆ بە ئەندێشــەی پاک د هەوڵـدان کردووتە.

- کوڕەکەم وریا بە! وەها مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکەیت کە خۆت چاوەڕێی بەو شێوەیە مامەڵەت لەگەڵ بکەن. ئەوەش بزانە! کەسێک کە نەتوانێت دژی خواستە نەگونجاو و شەیتانییەکانی خۆی بوەستێتەوە؛ ناتوانێت بەسەر شتەکانی تردا زاڵ بێت. هەروەها ئەوەش بزانە! کە بەخششی خودا بۆ مرۆڤەکان، بە ئەندازەی نیاز و بیرکردنەوە مەعنەوییەکانی ئەوانە. هەروەها ئاگادار بە! کاتێک هەوری ئیرەیی بەسەرتدا باری ئەو کاتەیە کە ئیتر جەستەی تۆ دەگەنێت و لەناو دەچێت. هەروەها عیشق بە خوای گەورە هێز و توانا بە ڕۆح دەبەخشێت و، دەبێت بە هۆی تەندروستی و بەهێزبوونی جەستە.

- کوڕم وریا بە! وەک چۆن غەم و مەراق ڕۆح دەفەوتێنێت، زۆربلێیش دەتوانێت لەبەرچاوی خەڵک سووکت بکات، کەواتە ئاگادار بە! بێدەنگ بیت تاکو خەڵک لەگەڵ تۆ قسە بکەن و، ئەوسا تۆ سەرەتا بیر بکەیتەوە ئینجا قسە بکەیت باشترە لەوەی تۆ بەردەوام قسە بکەیت و قسەکانت بێهودە بن و، بە هۆی قسە بێهودەکانت خەڵک وەڕەس ببن و، بە توانج لێدان بێدەنگت بکەن. هەروەها دڵنیابە هەر کەسێک گوێ لە ئەزموون و ئامۆژگاری و قسەی خەڵک بگرێت و بە بیرکردنەوە سەرقاڵی فێربوون بێت فێری ئەزموونی بە نرخ دەبێت.

- کوڕی خۆم ئاگادار بە! چاکەکاری و زیکری خوای گەورە و کار و تێکۆشان ڕۆژەکانت کورت و تەمەنت درێژ دەکاتەوە. ئەو

کەسانەش کە دەڵێن کاتیان کەمە ئەو کەسانەن وا کەمتر کار دەکەن و، زیاتر سەرقاڵی چێژە شەیتانییەکانن، ئەوەش بزانە قسەکردن و ئامۆژگاری چاکەکاران باشترە لە کاری چاک و، قسەی خراپەکاران خراپترە لە کاری خراپ. دڵنیاش بە بۆ ئەو کەسەی بڕواداره کاری مەحاڵ بوونی نییە. هەوڵ بدە لە خەڵکەوە فێری زانست و عەقڵ و ئەندێشە و ئەزموون ببیت، بەڵام ژیرانە و لە ڕێگای بیرکردنەوەوە.

- کوڕی خۆم؛ چاکەکاری و قسەی چاککردن پارەیەکی زۆری ناوێت، بەڵام دەبێت بە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان خۆشیان بوێت و گەنجینەکانی ئاسمان دەبێت بە نسیبت، ئەوەش بزانە هەرچی بیرکردنەوەت باڵاتر و مەزنتر بێت بە هەمان ڕادە و، تەنانەت پتر لەوەش خوای گەورە لە دنیا و لە قیامەتدا بەختەوەریت پێ دەبەخشێت. گرنگ نییە چی دەخۆیت و چی لەبەر دەکەیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە قسە و کردەوە و بیرکردنەوەت چەندە پاک و خودایی بێت و، کاتێک قسە و کردەوە و ئەندێشەت خودایی بوو لە هەموو شوێنێکدا هەست بە هەبوونی خودا دەکەیت و، ئیتر پێویستت بەوە نییە بڕۆیتە ناو ئەستێرەکانەوە. هەروەها وریا بە ئەگەر هەموو سامانی خۆت ببەخشیت، بەڵام قسە و کردەوە و ئەندێشەت ناحەز و شەیتانی بێت، بەخششەکەت هیچ بایەخێکی نابێت و هیچ سوودێکی لێ نابینیت. ئەوەش بزانە ژیانی هەر کەسێک کە دوور بێت لە بیرکردنەوە هیچ بایەخێکی نییە. کوڕی خۆم؛ ئەگەر دەتەوێت لە لای خەڵک و خوا خۆشەویست و گەورە

Scanned with CamScanner

بیت، دەبێت عەقڵت بەسەرتدا زاڵ بێت و، بێ فەرمانی عەقڵ و ڕاوێژکردن بە خوا دەست بۆ هیچ کارێک نەبەیت. ئەوەش بزانە ژیان جوانە، بەڵام نەک هێندەی جوانیی حەقیقەت، هەروەها حەقیقەت تاڵە نەک بە ئەندازەی دۆزەخ؛ کەواتە ئاگات لە خۆت بێت!

- کوڕەکەم؛ چاکەکاری و زیکری خودا چێژێکی زۆری تێدایە و، مرۆڤ کە بە چێژەوە فێری شتێک بوو ئیتر هەرگیز فەرامۆشی ناکات. ئەوەش بزانە کە لە هەڵبژاردنی هاوڕێدا دەبێت زۆر وریا بیت و، هاوڕێ و هاونشینت دەبێت کەسێکی لەخواترس و خوداناس و چاکەکار و بیرکەرەوە بێت، هەروەها دەبێت هاوڕێکەت کەسێک بێت کە کاتێ کە لەگەڵ ئەویت هەست بکەیت لەگەڵ خۆتدایت. واتا قسە و کردەوە و بیرکردنەوەی هاوڕێیەکەت دەبێت وەکو خۆت بێت.
تۆ و من = زیکری خودا و چاکەکاری و بیرکردنەوە.

- کوڕم وریا بە! بە شێوەیەک بژیت کە لە ڕێگای چاکەکاری و زیکری خودای گەورەوە ڕۆحت بگەیت بە ئاستێکی باڵا، بۆ ئەوەی دوای مردن ڕۆحت بەرەو ئاسمان بفڕێت و، لە خودای گەورە نزیک ببێتەوە، چونکە کردەوەی چاک و زیکری خودای گەورە ڕۆح دەبات بۆ ئاسمان. جەستەیشت بە گۆڕ دەسپێردرێت و دەبێت بە خاک و، بە چاکەکردنەکە ناوت لە زەویدا دەمێنێتەوە و، هەمیشە گەورە و جاویدانی دەمێنێتەوە. کەواتە هەوڵ بدە

Scanned with CamScanner

چاکەکار بیت و بۆ یەک چرکەش لە یادی خودا غافل نەبیت، چونکە ئەگەر لە یادی خودا و چاکەکاری غافل بیت ناو و ڕۆح و جەستەت دەچنە ناو گۆڕ و هەموویان دەسڕدرێنەوە.

- کوڕی خۆشەویستم؛ ڕێگای پرۆڤەی بێدەنگی دوورکەوتنەوەیە لە قسەی بێهوودە و ناپێویست. ئەوەش بزانە ئەگەر هەوڵ بدەیت هەمیشە لە کاتی پێویستدا قسە بکەیت؛ ئەو کاتە دەتوانیت گوێ لەو ڕێنوێنییانە بگریت کە لە لایەن خوای گەورەوە پێت دەگریت، ئەو کاتەیە کە لە هەموو کارەکانتدا سەرفراز و سەرکەوتوو دەبیت. هەڵبەت بەو مەرجەی کەمتر قسە بکەیت و زیاتر بیر بکەیتەوە و، پشوودرێژ بیت و، زیکری خوای گەورە بکەیت.

- کوڕم وریا بە! بێدەنگی ساکارترین ڕێگایەکە کە دەتوانیت لەو ڕێگایەوە زەین و مێشک و هۆشت بەهێز بکەیت، بەڵام ئەگەر بێدەنگییەکەت لەگەڵ زیکری خودا تێکەڵ بکریت زەینت بەهێزتر و نوورانی تر دەبێتەوە؛ ئەوەش ئەو کاتەیە کە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک دەتوانیت بە باشی بیر بکەیتەوە و لە کاتی بێدەنگیدا توانای مەعنەوی و وزە ئافرێنەرەکانی جەستەت بەهێز دەبنەوە و، پێکەوە دەبن بە هۆی دروستبوونی ئارامییەکی سەیر لە جەستەتدا و، ڕۆحت نوورانی و گەورە دەکەنەوە و، ڕۆحت پەیوەست دەکەن بە دنیای بێدەنگییەوە و دەیخەنە ناو کارگەی ئینسانسازیی خودا و، دەتگەیەنن بە ئاستێکی باڵا.

Scanned with CamScanner

- کوڕی شیرینم ئاگادار بە! هەرگیز لەگەڵ نەزانەکان و ئەو کەسانەی لە ئیمان و عەقڵ و بیرکردنەوە بێبەشن نەکەویتە مشتومڕەوە، چونکە ئەو کەسانەی سەیری تۆ و ئەوان دەکەن لەوە نەزانترن ڕاست لە هەڵە جیا بکەنەوە و، لە ڕاستیی ئەو شتەی تۆ باسی دەکەیت تێبگەن؛ کەواتە ئاگادار بە و ئەوەش بزانە کاتێک کۆترێک لەگەڵ قەلەڕەشێک دادەنیشێت و دەبن بە هاوڕێ؛ باڵەکانی کۆتر سپی دەمێنن، بەڵام دڵی و بیرکردنەوەی وەکو قەلە ڕەشەکە ڕەش دەبێت. کەواتە کوڕی خۆم لە کاتی هەڵبژاردنی هاوڕێ و هاونشین و هاوبەشی کارەکانت وریا بە! چونکە ئەو دەتوانێت وا لە تۆ بکات بیرکردنەوە و کردەوە و قسەکردنت وەکو خۆی لێ بێت.

- کوڕەکەم وریا بە! هەرگیز فەرامۆشی مەکە کە مرۆڤەکان دوو گوێیان هەیە و زمانێک، کەواتە دەبێت دوو هێندەی ئەو شتەی باسی دەکەن، ببیستن. کەواتە گوێگرتن باشترە لە قسەی بێهوودەکردن، ئەوەش بزانە تێگەیشتن باشترە لە فێربوون. هەروەها مەبەستی سەرەکی لە ژیان فێربوونی زانست نییە، بەڵکو ئەنجامدانی ئەو شتانەیە وا فێریان بووین. هەروەها لە هەندێ کاتدا قسەکردن سەبارەت بە کێشەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی لە خودا دەترسن و متمانەپێکراون؛ دەبێت بە هۆی چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکان.

- کوڕی خۆم وریا بە! ئەگەر خەڵک نەتناسن کێشە نییە، بەڵام

Scanned with CamScanner

ئەگــەر تۆ خەڵک نەناسـیت دەبن بە هۆی خەم و مـەراق و دۆڕانی تـۆ. ئەگـەر دۆستەکانیشـت بیبڕوا بـن دواجار دەبن بـە دوژمنت، ئـەوەش بزانە کـە دۆسـتایەتی و دۆژمنایەتی کەسـانی هەسـتیار کاتییـە. ئـاگاداری ئەمــەش بـە چەنـد شـتێک هــەن شـارەوە بن باشـترە لەوەی ئاشـکرا و دیار بـن، وەک؛ پێویسـتی، یارمەتیدانی خەڵک، کێشــە و ئازار و کارەسـات. هەر شـتیک سـەرنجڕاکێش و دڵخواز بێت بۆ گەیشـتن پێیان نە ئاسـوودەیی هەیە و نە سـەختی، بەڵکـو سـەختی کێشـان دەبێـت بە هـۆی گەیشـتن بـە ئارامی و ئاسوودەیی.

- کوڕم ئاگادار بە! گشـت بوونەوەرەکان لـە نەبوونەوە دێنەبوون، واتــە خـودای گـەورە سـەرەتا دنیای ڕۆحـی و ڕۆحـەکان و ئەو بوونەوەرانــەی کـە بە چاو نابیندرێن خەلق کـردووە و، لە ڕۆحەوە بـۆ مـاددە جەریانی هەیە. هەروەهـا لێکۆڵینەوە و گـەڕان بە دوای دنیـای ئەبـەدی و بیرکردنـەوە لـە ئایەتەکانـی خـودا لـە حاڵەتـە شـکۆدارەکانی ڕۆحـی مرۆڤـە و، ئامانجـی ڕۆح لە فکـر و زەینیدا حەشـار دراوە و، لە ڕێگای نیشـانەکانی دەرەوە ناتوانین سەبارەت پێیـان قسـە بکەین و، لەسـەری حوکـم بدەیـن و، گەورەیی ڕۆحی هـەر کەسـێک لە ڕێگای قسـە و کرداریـەوە دەردەکەوێت.

- کوڕەکـەم؛ خەڵـک دوعاکـردن و زیکـری خـودا بـە کارێکـی بێزارکـەر دەزانـن، ئەمـە لـە حاڵێکدایـە کـە دڵـی مرۆڤـەکان بێ زکـری خـودا ئـازار دەچێژێـت. ئایا کەسـێک هەیـە دڵـە بێشوقرە

Scanned with CamScanner

و ئـازار چەشـتووەکەیان ئـارام بکاتـەوە؟ ئایا کـەس هەیە ڕۆحە پەرێشـانەکەیان ئـارام بکاتـەوە؟ ئایـا کـەس هەیە ڕۆحیـان وەکو شـنەی سـروەی کوێسـتانان سـووک و گەش بکاتەوە؟ ئایا کەس هەیـە لە کاتـی تووڕەییدا ئارام و دڵخۆشـیان بـکات و وەکو ئاوی زولاڵـی کانیاوەکانـی لـێ بـکات؟ کەواتـە کـوڕی خـۆم وریـا بە! هەمیشـە بـە بێدەنگـی و زیکری خـودای گـەورە و بیرکردنەوە لە ئایەتەکانـی دڵخـۆش بێت.

- کـوڕی شـیرینم؛ تـۆ هەمـوو شـەوێک بەر لـەوەی خـەوت لێ بکەوێـت بڕۆ و لە سـووچێکدا بـە بێدەنگی بیر لە خـوا بکەوە. ئەم سـووچە بێدەنگـە دەتوانێـت تەنانـەت دڵی تـۆ بێت. واتـە تەنانەت دەتوانیـت لەنـاو جەنجاڵـی و ژاوەژاوی خەڵکیشـدا لـە ڕێگای قووڵبوونـەوەی زەینـی و بیرکردنەوەوە، بـە بێدەنگی زیکری خودا بکەیـت و، دەتوانیـت هەمـوو نیگەرانییەکانـت؛ بـۆ نموونـە ئەگەر کارێکـت کردووە دڵی کەسـێکت ئێشـاندووە، یان شـتێکت گوتووە کـە بووەتـە هـۆی ئـازاری ویژدانت و هەسـت بە گونـاە دەکەیت، ئەمانـە هەموویـان لـە ڕێـگای بێدەنگـی و زیکری خـودای گەورە و، بیرکردنـەوە لـە فکـر و زەینی خۆت بسـپێریتە دەسـتی خودای گـەورە و، داوای لێخۆشـبوونی لێ بکەیـت، دڵنیابە خوای گەورەش بەخشندەیە.

-. کـوڕم؛ زیکـر کردنـی خـودا و بێدەنگی تاقـە ڕێگایەکـی متمانە بەخشـنە کـە دەتوانن لـە کاتی خـەم و کێشـەکاندا ڕزگارت بکەن،

Scanned with CamScanner

ئەگەر نیگەرانی شتێک بیت دەتوانیت لە ڕێگای زیکری خوای گەورە بیسپێریتە دەستی خوا و، ئەگەر هەست بە تەنیایی دەکەیت و پێت وایە کەس خۆشی ناوێت؛ دەتوانیت لە ڕێگای گوتنی زیکرەوە پەیوەست بیت بە خوای گەورەوە، ئەو کاتە دەزانیت هاوڕێیەتی لەگەڵ خوا باڵاترین دۆستایەتییە و، هەموو دۆستایەتییەکان مایەی سزا و سەرگەردانین، کاتێک لەگەڵ خوا بوویت بە هاوڕێ واز لە هەموو شتێک دەهێنیت، ئەو کاتەیە کە ئیتر دەگەیت بە ئارامشێکی مەزن.

- کوڕی خۆم ئاگادار بە! هەموو خەم و فشار و عەسەبییەتەکان لەبەر نەمانی زکری خواوەندی گەورە لە جەستەی مرۆڤەکاندا دروست دەبێت و، دڵەکان گرانبار دەبن و، فرمێسک لە چاوەکاندا قەتیس دەبێت و، سەرچاوەی هەموو ئەو ئازار و خەمانە کە هەمیشە لە دڵی مرۆڤەکاندا نیشتەجێ دەبن نەبوونی زیکری خودایە لە زەین و دڵەکاندا و، دووری لە خودا هۆکاری هەموو ئەم کارەساتانەیە، کەواتە کوڕی خۆم؛ هەوڵ بدە بەردەوام لە ڕێگای زیکری خوداوە ڕوو لە جوانیی ئەبەدیی خودا بکەیت بۆ ئەوەی تاهەتایە لە ڕەنج ڕزگارت ببێت.

- کوڕم؛ خودا بەردەوام لە ڕێگای زمانە جیاجیاکانەوە مرۆڤەکان بەرەو چاکەکاری و زیکری خودا و ڕێنوێنی خەڵک ڕێنوێنی دەکات، کەواتە کوڕم تۆش هەموو کێشەکانت یەک بە یەک بسپێرە بە دەستی خودا و، خۆت بە زیکری خوداوە سەرقاڵ

Scanned with CamScanner

بکە، تاکو خودا ڕێگای ڕزگاربوون لە کێشەکانت پیشان بدات، چونکە خودا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت وا بە تامەزرۆییەوە زیکری خودای گەورە دەکەن و، لە دڵ و هزر و بیری خۆیاندا هەست بە هەبوونی ئەو دەکەن. هەروەها باشترین کاتەکانیان ئەو کاتانەیە وا هەست دەکەن لە لایەن شەیتانەوە بە هیچ شێوەیەک وەسوەسەیان بۆ دروست ناکرێت.

- کوڕی خۆم؛ دڵنیابە گوتنی زیکری خوای گەورە لە هیچەوە دەتگەیەنێت بە هەموو شتێک، بەڵام دەبێت بە وریاییەکی تەواوەوە هزر و بیری خۆت پەروەردە بکەیت و، بە وردبوونەوە لە ناوە مەزنەکانی خوای گەورە نوری ئیلاهی لە خۆتدا هەڵبکەیت. هەر کاتێکیش ڕووبەڕووی شتێکی ئەستەم و مەحاڵ بوویتەوە هزر و بیری خۆت پڕ بکەیت لە ناوە مەزنەکانی خوای گەورە و، تەنیا پێویستت بە وردبوونەوە و ئیمانی تەواوە، هەروەها بەدڵنیاییەوە بە دووبارەکردنەوەی ناوی خوا دەبینیت هێزێکی گەورە لە ناختدا دروست دەبێت، ئەوەش لەو کاتەدایە کە بە بێدەنگی و بە زیکری بەردەوامی خوا دەگەیتە ئەنجامێکی باش.

- کوڕی خۆشەویستم؛ ئەوە بزانە کە هەتاو گەرما و ڕووناکیی خۆی بە ڕووەکێک دەبەخشێت کە سەری لە خاک دەرهێنابێت. کەواتە تۆش تەنیا زەمانێک دەتوانیی سوود لە ڕووناکی و ئارامیی خودا ببینیت کە بیر و ڕۆحی خۆت لەم زەوییە خاکییە بهێنیتە دەرەوە و، بیر لە دنیای ماددی نەکەیتەوە، ئیتر لەو کاتەدایە کە

ڕۆحی تۆ دەکەوێتە ژێر نووری خوای گەورە و، ڕۆحت ئارام دەبێتەوە و، سوود لە نیعمەتەکانی خودا دەبینیت.

- کوڕی شیرینم ئاگادار بە! دەرمانی هەر دەردێکت لە خودا بوێت و، لە هەموو باروودۆخێکدا سوپاسگوزاری خوای گەورە بیت و، هەوڵ بدە لە هەموو ساتەکانی ژیانتدا لە زیکر و عیبادەتی خودای گەورە غافڵ نەبیت و، لە هەر کار و هەر هەنگاوێک و هەر جووڵەیەکدا هەرگیز خوای گەورە فەرامۆش نەکەیت، ئەوەش بزانە تەنانەت لە کاتی ترس و نائومێدی و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و پەرێشانیدا زیکر و یادی خودای گەورە لە دڵ و ڕۆحت دوور نەکەوێتەوە، ئەوسا بۆت دەردەکەوێت کە چۆن سەرڕێژ دەبیت لە ئاسوودەیەکی گەورە. هەتاکو پێت دەکرێت هەوڵ بدە لە کاتە تاڵ و شیرینەکاندا لە خوای گەورە دوور نەکەویتەوە.

- کوڕی خۆم؛ هەوڵ بدە هەمیشە خاکەڕا و پشوودرێژ و خۆشکێن بیت، ئەوسا دەبینیت دوعاکانت هەورەکان شەق دەکەن و، دەگەیت بە عەرشی ئیلاهی و، هەموو دوعاکانت دێنە دی. ئەوەش بزانە! دێت لە هەموو کێشەکاندا ڕزگارت دەبێت. وریاش بە ئەو شتەی دنیادا بژیت و لێنەگەڕێیت دنیا ڕۆبچێتە ناو دڵتەوە و، دڵ بە دنیای فانی مەبەستە و، هەوڵ بدە کونترۆڵی بکەیت و، لە هەر ڕەنجێک کە ئازارت دەدات فێری وانەیەک ببیت و کامڵ ببیت.

ئەگەر یارمەتیی هەژاران بدەیت و ڕێزیان لێ بگریت، وات لێ دەبیەخشیت لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێت. هەوڵ بدە لە

Scanned with CamScanner

- کوڕەکـەم؛ هــەوڵ بدە لە هەمــوو کاتەکانی ژیانتـدا پەیژەیەک لە زیکـری خودا و ئارامی و بێدەنگی و بیرکردنەوە لە خودا دروسـت بکەیـت و، لـە هەمـوو کارەکانتدا بیربکـەرەوە و پشـوودرێژ بیت، تاکـو لـە ڕێـگای ئـەو پەیژەیەوە لـە پێش چـاوی خـودای گەورە بگەیـت بـە لووتکـەی ئارامـی و گەورەیـی. ئـەوەش بزانـە خودا دۆسـت و هاوڕێـی ئەو کەسـانەیە کـە تامەزرۆییانـە دڵ و هزر و بیـر و توانایـی و تـا ئـەو ڕادەیەی لە دەسـتیان بێت لـە دارایی و سـامانی خۆیـان لـە ڕێگای خـودا خــەرج دەکەن، ئەو کەسـانەش کەسـانێکن کـە لێوڕێژ بوون لە گەورەترین سـۆزی خـوای گەورە و، بـەردەوام لە ئاسـوودەییدان.

- کـوڕی خـۆم؛ ڕووم لە هەر شـوێنێک کرد و توێژینەوەم لەسـەر هەر خەڵکێک کرد، خەڵک هەموویان لێم دەپرسـن بۆچی چاکەکاران ئـازار دەچێـژن؟ هەروەها بۆچی پتر لە خەڵکی ئاسـایی کێشـە بۆ ئـەوان دروسـت دەبێـت؟ ئـەوان دەڵێن ئێمـە ڕاسـتگۆ و چاکەکار بوویـن و، بـە هەموو هێـز و توانامانەوە هەوڵ و کۆششـمان داوە و، ئازارمـان بـۆ کـەس نەبـووە و، خراپەمان بۆ کـەس نەبووە و، بـە پێی توانـای خۆمـان و تا ئـەو ڕادەیـەی توانیومانـە هەوڵمان داوە بـاش بیـن، بـەڵام سـەرەڕای هەمـوو ئەمانەش هێشـتا هەر ئـازار دەچێژیـن. بۆچی ئاوهایە؟ کوڕم؛ لە ڕاسـتیدا ئەو کەسـانەی چاکـەکارن و بەردەوام زیکری خوای گـەورە دەکەن هەرگیز ئازار ناچێـژن، بەڵکـو ئـەو ڕەنـج و ئازارانەی تووشـی کەسـانی چاک دەبێـت تاقیکردنـەوەی خـوای گەورەیە، خوای گـەورە دەیەوێت لە

Scanned with CamScanner

ڕێگای تاقیکردنـەوە جیاجیاکانیـەوە فێریـان بکات لە کاتی کێشـە و کارەسـاتەکاندا پشـوودرێژ و بەهێـز بـن، تاکـو لە ڕێگای ئەم تاقیکردنەوانـەوە گەورەیـی پلـە و پایـەی خۆیان بـۆ دەربکەوێت. ئەگـەر هـات و کەسـێکی چاکەکار تووشـی ئازار یان کارەسـاتێک یـان ڕووداوێـک هـات، لەبـەر ئەوەیە کە لە ڕاسـتیدا لە شـوێنێک لـە قوولایـی ناخیـەوە لاوازییـەک هەیـە کـە دەبێـت لـە ڕێگای ئازارەکانیـەوە پاک و خاوێـن و ڕووناک و تایبەت و بەهێز ببێتەوە. مرۆڤـی چاکـەکار تووشـی ڕەنـج دەبێـت تاکـو لـە ڕێگای ئـەو ئازارانـەوە ئـەو بەشـەی وجـوودی کـە لاواز و ناخالسـە پـاک ببێتـەوە و ببێت بـە چاکە و هێز و مەزنی. بەلام سسـتی و لاوازی و بێهێـزی چـۆن دەبێت بە چاکە و هێـز و گەورەیی؟ کوڕم وریا بە! وەک چـۆن ئالتـوون لە کـوورەدا دەتوێتەوە و قـاڵ دەبێتەوە تاکو پـاک و زولاڵ ببێتـەوە، هەر بەمجۆرەش ئەگـەر نەختێک خەوش و لاوازی لـە وجـوودی مرۆڤی چاکـەکاردا هەبێت دەبێـت بە ئاگری ڕەنج و کێشـەکاندا تێپەڕێت، تاکو عیشـق و سـۆز و نووری خودا بچێتـە ناخیەوە و بیـکات بە مرۆڤێکی گەورە و مـەزن. ڕووناکی و میهرەبانیـی خـودا لە هەموو شـوێن و هەموو کاتێکـدا هەیە، بەلام ژمارەیەکـی کـەم لە مرۆڤـەکان توانـای تێگەیشـتن و وەرگرتنیان هەیـە. ئەزموونـەکان، ئـازارەکان و ڕەنجـەکان تووشـی مرۆڤـی چاکـەکار دەبـن؛ تاکـو بتوانن بگەن بەو ئاسـتەی هەسـت بە چاکە و بەخشـندەیی خودای گـەورە بکەن. ڕەنج و کێشـەکان بەرەکەتن کـە خـوای گەورە بۆ گەیشـتنی مرۆڤـە چاکەکان بە ئاسـتێکی بالا دەینێرێـت بۆیـان، تاکـو لـە مانـای گەورەیـی نیعمەتەکانـی خودا

Scanned with CamScanner

تێبگـەن. کوڕەکەم خـودا دنیایەکی سەرسـووڕهێنەری ئافراندووە، خـوا دەیەوێت هەموو مرۆڤەکان دڵخۆش و بەختەوەر و سـەربەرز بـن و، چێـژ لـە هەموو باشـی و جوانییـەکان ببینن، بـەڵام بەر لە وەرگرتنیـان دەبێت بـە تـەواوی ئامادە بـن. کەواتە کـوڕی خۆم ئـەوە بزانە کە لە هەر ڕەنج و کێشـەیەکدا، وانەیەک حەشـاردراوە کـە بـە فێربوونـی ئـەو وانەیـە، ئـەو ڕەنـج و ئـازار و کێشـەیە فەرامـۆش دەکرێـت. "بۆ نموونـە بۆ بەدەسـتهێنانی گەوهەر دەبێت بچیتە قووڵایـی دەریاوە."

- کوڕی شـیرینم ئاگادار بە! خوای گەورە کەسانێکی خۆش دەوێت کـە بـە بڕوایەکـی بێخـەوش و تامەزرۆیانـەوە لە ناخـی خۆیاندا بـەردەوام لـە یادی چاکـەکاری و زیکـری خـودا و بیرکردنەوە لە ئافرێنراوەکانـی خـودان و، تا ئەو شـوێنەی پێیان بکرێـت، توانا و سـامانی خۆیان لـە ڕێـگای ڕەزامەندیی خوای گـەورە دەخەنەگەڕ و، لـە ڕێـگای بیرکردنـەوە لـە کـردەوەی چـاک و وتـاری چاک، تامەزرۆیـی بەرامبـەر بە خوای گـەورە لە ناخی خۆیاندا دروسـت دەکـەن و، لە ڕاسـتیی پەیوەسـت بوون بە خوای گـەورە تێدەگەن. کوڕەکەم؛ ئەو کەسـانەی ئـەم تایبەتمەندییانەیـان تێدایە دەگەن بە باڵاتریـن هێـزی ژیان و گەورەتریـن ئارامی.

- کـوڕم وریـا بە! ئەو کەسـانەی گەیشـتوونەتە پلەیەکـی باش لە تاقانەیی خودا؛ سـێ نیشانەیان هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە خۆشکێن و خاکەرا و پشـوودرێژن، دووەمیشـیان ئەوەیە پەیوەسـت نین بە

Scanned with CamScanner

دنیـا و چێـژە دنیاییـەکان و، سێهەمیشـیان ئەوەیـە کە بـە زیکری خـودا و بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی خودا و چاکەکاری سـەرقاڵن و، ئـەو کاتەیـە کە ئیتر ڕۆحی خـودای گەورە لە ڕۆح و جەسـتەیاندا بوونـی هەیـە و، بـەردەوام سـوود لـە نـووری خـودا دەبینـن و، بـەردەوام لـە ئارامیـدان و، باشـترین کاتەکانیان ئـەو کاتانەیە کە لـە ڕۆح و جەسـتەی خۆیاندا هەسـت بـە نووری خـودا دەکەن و، هـەوڵ دەدەن نـوور و ئارامیی خـودا بگوازنەوە بـۆ خەڵکیش.

- کـوڕی ئازیـزم؛ ئـەوە بزانـە کە ڕێـگای خـودا و فەرمانی خودا جوانترین و مەزنترین حاڵەتی ئارامی و عیشـق بە خودای گەورەیە و، بە ڕاسـتی گوتنـی زیکری خودا قووڵترین و باشـترین ڕێنوێنیی ژیانـە. بیرکردنـەوە لـە خـودا و گوتنـی زیکـری خـودا باڵاتریـن ئیلهامبەخـش و ڕێـگای جیاجیـا بـۆ ڕزگاربـوون لە کێشـەکان بۆ کەسـانی جیاجیا و بـە تایبەتمەندیـی دەروونیی جیاجیـا بە گوتنی زیکـری خـودا باڵاتریـن و گرنگتریـن هەنگاوەکانە بۆ گەیشـتن بە خـودا و، ڕزگاربـوون لە گوناهـەکان و نوورانیبوونـی مرۆڤەکان.

- کـوڕی خۆم ئـاگادار بە! کەس ناتوانێت لە ڕێـگای گوتنی زیکری خودا ڕێگای گەیشـتن بـە ئارامی و چێژبینین پێشکەشـی تۆ بکات. دەبێـت تـۆ خـۆت بگەیت بـەم ئارامی و چێـژە، کەواتە هـەوڵ بدە هەمـوو ڕۆژێک پڕۆڤە بکەیت بۆ ئەوەی بگەیـت بە ئارامی، هەڵبەت بـەو مەرجەی زیکری خـودای گەورە بکەیـت. هەروەها کوڕی خم کاتـێ هەسـتت بـە تەنیایـی کـرد و خۆتت تەنیـا و غەریـب زانی؛

Scanned with CamScanner

ئەوسا ئیتر کاتی تیداچوونی تۆیە و هەوڵ بدە هەمیشە لەوە دڵنیابیت لەگەڵ هێزێکی مەزندا لە پەیوەندیدایت و، ئەو کاتەیە کە هێز و توانایەکی زۆر گەورە بەدەستدەهێنیت و، بە تێگەیشتن لە هەبوونی وەها هێزێک لە ژیانتدا دەکەویتە ناو ئارامییەوە.

- کوڕەکەم؛ تەنیا لە ڕێگای بێدەنگی و گوتنی زیکری خوداوە دەتوانیت لە بێدەنگیدا فێر ببیت، تاکو لە ڕێگای ئەوەوە ناخت بە زمانی دڵ لەگەڵتدا قسە بکات. کەواتە ئەگەر بێدەنگ بیت و بیر لە ئایەتەکانی خودا بکەیتەوە و، زیکری خودا بڵێیتەوە لە ڕێگای نوور و ئیلهامەوە ئاگادار دەکرێیتەوە و، ئەوسا ئیتر ڕۆحت دەگات بە ئاستیکی باڵا و لە هەموو پلەکانی ژیانتدا یارمەتیت دەدات و، بەردەوام ئاگادارت دەکاتەوە کە کامە ڕێگا ڕاست و دروستە و، کامە ڕێگا هەڵەیە، چونکە ڕۆحت گەیشتووەتە ئاستێکی باڵا و لە دنیای نووری خوداوە ڕێنوێنی دەکرێت.

- کوڕی شیرینم؛ مێشک و هزری تۆ ئەندامەکانی ڕۆحی تۆن و، تەنیا لە بێدەنگیدا و بە گوتنی زیکری خودا بیر و هزری تۆ نوورانی و ڕووناک دەبێتەوە و، بیر و هزری ڕووناک و نوورانی بە پاکیی خۆیان دەتوانن لە دنیای پاکژی خودای گەورەوە هێز وەربگرن، ئەو کاتەی بیر و هزرت پەیوەست بوو بە دنیای بێگەردەوە ئیتر تۆ هەمیشە لە نووری خودا فەرمان

Scanned with CamScanner

وەردەگریت و، هیچ کاتێک گومڕا نابیت و، تا کۆتایی ژیانت لە شادی و ئارامیدایت و، بە عەقڵێکی نوورانی لە هەموو کارەکانتدا سەرکەوتوو دەبیت و دەکەویتە ناو ئارامییەوە.

- کوڕەکەم ئاگاداربە! هەمیشە ئامۆژگاریت دەکەم بە زیکری خودا و، بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی، ئەمە بالاترین و باشترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە خودای گەورە. هەروەها بیرکردنەوە لە ئافرێنراوەکانی خودا خۆی زیکرێکی زۆر گەورەیە و، ئەمە ڕێگای کەسانێکە کە جگە لە خودا پشت بە کەسی تر نابەستن و، جگە لە خوا داوا لە کەسی تر ناکەن و، هەر ئەمانەشن دەکەونە ژێر سایەی ڕەحمەت و پشتگریی خوای گەورە و، لە ڕێگای زیکری خوداوە لە شەڕی شەیتان ڕزگار بوون.

- کوڕی خۆم ئاگاداربە! بەندە تایبەتەکانی خودا ئەو کەسانەن کە بە ڕاوەستاوی و بە ڕاکشاوی و لەو کاتانەشدا وا لە جووڵەدان لە یادی خودا غافڵ نابن و، لە هەر حاڵەتێکدا سەرقاڵی زیکر و بیرکردنەوە لە ئافرێنراوەکانی خودای گەورەن و، ئەوەش بزانە ئەگەر خواستی خودا لە ڕێگای گوتنی زیکری خودا نەبوایە بە دڵنیاییەوە شەیتان تۆی بەرەو لەناوچوون و بەدبەختی دەبرد، کوڕی خۆم ئەوەش بزانە هەنگاونان لە ڕێگای خودا بێ یارمەتیدان و خواستی خودای گەورە ناکرێت. کەواتە هەمیشە هەرچییەکت دەوێت لە خوای گەورە داوای بکە و، بزانە ئەوە خودایە هەر کەسێکی بوێت لە خەوشەکان پاکی دەکاتەوە.

Scanned with CamScanner

- کوڕەکەم؛ بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی خودا دەتگەیێنیت بە بڕوایەکی تەواو و قۆناغی ئینسانییەت. هەروەها بیرکردنەوە لە ئافراندنی مرۆڤ و بیرکردنەوە لە ئاسمان و زەوی بالاترین عیبادەت بە شوێن خۆیاندا دێنن، ئەوەش بزانە زەوی و ئاسمان هەموویان پەرجووی خودان، بەڵام هاتنە دەرەوەی جووجک بە ڕەنگە جیاجیاکان زۆر سەرسووڕهێنەرترە لە دەرهاتنی وشتر لە ناوەڕاستی کێو. کەواتە بە نەختێک بیرکردنەوە، هەموو ئافرێنراوەکانی خودا بە پەرجوو دەزانیت. هەروەها لە ڕێگای بیرکردنەوەوە زووتر دەگەیت بە خوداناسی.

- کوڕم؛ لە کارەکانتدا پشوودرێژ و خۆڕاگر بە و، بەر لە کردنی هەر کارێک و گوتنی هەر قسەیەک سەرەتا بیر بکەرەوە، ئەوەش بزانە ململانێ لەگەڵ خووە شەیتانییەکان پێویستی بە سەبر و تاقەت هەیە. کەواتە لەو ڕێگایەدا پشت بە خودا ببەستە و، بزانە لەم ڕێگایەدا دەتوانیت بەندە چاکەکانی خودا بناسیت. (دوای بیرکردنەوە و زیکر کە هەموویان دەروونین و تۆ ناتوانیت بیرکردەنەوە و زیکری ئەوان ببینیت، چونکە لە ناو بیر و هزری ئەواندا ڕوودەدات) تۆ تەنیا لە ڕێگای بیرکردنەوە و هاونشینی و ژیان لەگەڵ ئەواندا لە گەورەیی و ئاستی باڵای ئەوان تێدەگەیت. ئەوەش بزانە بەندە تایبەتەکانی خودا هەمیشە لە حاڵی نوێژکردندا بە قووڵبوونەوەیەکی تەواو سەرقاڵی عیبادەتی خودا دەبن و، ئەمانەتدارترینی مرۆڤەکانن و، باوک و دایکیان و شوێنکەوتووە ڕاستەقینەکانی خوایان خۆشدەوێت و، هەمیشە

Scanned with CamScanner

کـەم قسـە دەکـەن و خۆیـان لـە مشـتومڕی بێهـوودە بـە دوور دەگـرن و، لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی بە دوای شەڕەقسـەوەن شـەڕ ناکـەن و، کاتێک بـاس و گفتوگۆ دەکەن بە ئارامی و پشـوودرێژی و بـە وردییەوە قسـە دەکـەن و، بە کەمی داوای شـتێک دەکەن و، لـە هەموو شـوێنێکدا خەڵک بـەرەو چاکەکاری ڕێنوێنـی دەکەن و داوایـان لێ دەکەن لـە خراپـەکاری دوور کەونـەوە. هەروەها لەو شـوێنانەش کە یادی خـودای تێدا ناکرێت و شـەیتانیان بەسـەردا زاڵـە دوور دەکەونـەوە. هەروەهـا بۆ یارمەتیدانی هـەژاران ڕەزیل نین. خەرجـی بێهوودەش ناکەن، وەها دەبەخشـن کە دواتر خۆیان سـەرکۆنە نەکەن و، لەگەڵ خەڵک هەڵبکەیت و لە کارە بێهوودەکانی نەزانـەکان خۆش دەبن و، هەمیشـە بە دوای بەدەسـتهێنانی ڕزقی حەلاڵـن و، لە بێهوودەییەکان دوور دەکەونەوە و، لەگەڵ دۆسـتانی خـودا میهرەبانـن و، دڵـە پاکەکانیـان لێوڕێـژە لە زیکـری خودا و بیرکردنـەوە لـە ئایەتەکانی خـودا و، لە هەموو دۆخێکـدا دڵ و بیر و هزریان سـەرقاڵی خـودای عالەمیانە.

- کوڕم ئاگادار بە! هەموو ئازار و نەخۆشییە جەستەیی و نیگەرانییە ڕۆژانـەکان لەبەر نەبوونـی ئارامیی ڕۆحە. کەواتـە ئەگەر ڕۆحت لە ئارامیـدا نەبێـت و ناخت تاریک و لێڵ بێت لە ئەنجامدا جەستەیشـت هەمیشـە نەخۆش و لاواز دەبێت. کوڕم وریا بە! بۆ شـیفای جەسـتە سـەرەتا دەبێـت ڕۆحـت شـیفا بدرێت. شـیفای ڕۆحیش لـە ڕێگای زیکـری خودا و چاکـەکاری و ڕێنوێنی خەڵکەوە دەبێـت. ئاگادار بە! مەبەسـتی ناخ و هزری تۆ، جەوهـەری ڕۆحی تۆیە.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆم؛ بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە لە ئایەتەکانی خودا یەکێکە لە گەورەترین و بەشکۆترین حاڵەتەکانی ڕۆحی مرۆڤ. کەواتە لە ڕێگای بیرکردنەوە لە ئافرێنراوەکانی خوداوە دەتوانیت گەشە بە ڕۆحت بدەیت و، مەبەست و گەورەیی ڕۆح لە بیر و هزردا حەشار دراوە و، دەبێت لە ڕێگای هزرەوە بگاتە ئاستێکی باڵا و، ناکرێت بە پێی ڕواڵەت بڕیاریان لەسەر بدەیت. کەواتە هەر کاتێک گەیشتیتە ئاستێکی باڵا ڕۆح و جەستەت دەبن بە یەکێک و، جەستەشت هاوشێوەی ڕۆحت نوورانی و پاکژ دەبێت. ئەوسا ئیتر دەتوانین بڵێین جەستە هەمان ڕۆحە.

- کوڕە شیرینەکەم وریا بە! کاتێ تاریکی و تووڕەیی و غەزەب هەموو گیانی داگرتیت جەستە و ڕۆحت تووشی عەزاب دەبێت و، تۆ تەنیا بۆ ساتێکیش ئوقرە و ئارامیت نابێت، ئەگەر بێت و لەو کاتانەدا لەناو بێدەنگیدا زیکری خودای گەورە بکەیت، زیکر و هێنانی ناوی خودا وەک ڕووناکییەک لەناو دڵتدا دادەگیرسێنێت کە وەکو تیشکی خۆر ناخت ڕووناک دەکاتەوە، لەو کاتەدایە کە ئیتر ساتەکان و تێپەڕبوونی کات لە فکر و دڵ و چاوەکانت بە ئارامی تێدەپەڕن. کەواتە هەوڵ بدە لە ڕێگای تووڕەیی و غەزەبەوە ناخی خۆت تاریک نەکەیت.

- کوڕی ئازیزم؛ ئەو کاتانەی تۆ لە ناو بیر و ئەندێشەی خۆتدا هەوڵی ناسینی خودا دەدەیت؛ خوداش بارودۆخێکت بۆ دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بتوانیت باشتر خودا

Scanned with CamScanner

بناسیت. کوڕی خۆم تۆ ناتوانیت لە ڕێگای فەلسەفەوە خودا بناسیت، بەڵام لە ڕێگای بیرکردنەوە لە ئافرێنراوەکانی خوداوە دەتوانیت بگەیت بە تێگەیشتن و بڕوایەکی تەواو و، تێدەگەیت کە خودا وڵامی هەموو پرسیارە ڕۆحییەکانتە. ئەوەش بزانە کە خودا داوای کارێکت لێ ناکات کە لەبەر شانت قورسە و پێت ناکرێت، بەڵام تۆ خۆت دەبێت لە ڕێگای زیکر و ڕێنوێنیکردنی خەڵکەوە خۆت بگەیەنیت بە ئاستێکی باڵا.

- کوڕەکەم؛ بە دڵنیاییەوە و بە ڕاستی خودا هەمیشە لەگەڵ تۆیە و، لەپشت دڵتەوە ڕاوەستاوە و لە دەرگای دڵت دەدات و، ئیزنی داخڵبوونت لێوەردەگرێت، کەواتە ئەوە تۆی دەبێت لە ڕێگای زیکری خودا و چاکەکاری و ڕێنوێنیکردنی خەڵک دەرگای دڵت بکەیتەوە و، ڕێگای بدەیتە ناو دڵ و بیر و هزرتەوە. ئەوسا ئیتر خوداش دێتە ناو دڵ و ناختەوە و سەرڕێژ دەبیت لە هێزێکی مەزن. ئەوسا ئیتر بیر لە ئارەزووە دنیایی و کێشە زۆرەکان ناکەیتەوە و سڵ دەکەیتەوە لە بردنی تاریکی و عەزاب بۆ ناو دڵت.

- کوڕی خۆم وریابە! ماڵ و سامان و چێژە دنیایی و فانییەکان و هێز و ناوبانگ، سامانی ڕاستەقینە و هەتاهەتایی نین، بەڵکو سامانی ڕاستەقینە نوورانیبوونی ڕۆح و گەشەسەندنیەتی؛ کە ئەویش تەنیا لە ڕێگای زیکری خودا و چاکەکارییەوە دەستدەکەوێت. ئەوەش بزانە بۆ گەیشتن بە ئارامی و ئاستی

Scanned with CamScanner

بـالای ڕۆح دەبێـت لە دنیادا بژین، بەڵام هۆگـری دنیا نەبین، ئەگەر دەتەوێت بکەیت بە ئاسـتێکی بالای ڕۆحـی، تەنیا لە ڕێگای زیکر و چاکەکارییـەوە ڕۆحت نوورانـی دەبێت. کاتێ بە هەمـوو بوونتەوە و لـە ناخـی خۆتەوە بە دەنگـی بەرز زیکری خوای گـەورەت کرد؛ ئەوسـا ئیتر ڕۆحـت نوورانـی دەبێتەوە.

- کوڕەکـەم وریـا بـە! قسـە بەنرخەکانـت لـە دەرمـان دەچـن و دەرمانیـش ئەگـەر بـە ڕێژەیەکـی کـەم بەکاربێت بەسـوودە، دەنا زۆری کوشـندە و ژاراوییـە، کەواتە هەوڵ بدە کـەم بدوێیت، بەڵام بـە وردی و بـە بیرکردنەوەیەکـی قووڵـەوە قسـە بکەیـت، ئەگەر نەتتوانـی قسـەی بەنـرخ بکەیـت باشـترە بێدەنـگ بیت و قسـەی بێهـوودە نەکەیـت. کەواتـە لـە بێدەنگیدایـە کـە خودا ئەندێشـەی مـرۆڤ نوورانی دەکات و، قسـەی زۆر بەنـرخ و بەبایەخ دەنێرێت بۆ هزرت و ئەوسـا دەتوانیت قسـەی بەسـوود بە خەڵـک بڵێیت و لـە ڕێگای قسـە بەنرخەکانتەوە دەبیت بە کەسـێکی بەنرخ و مەزن.

- کـوڕم بزانـە! لـە بێدەنگیدایـە کـە مـرۆڤ بیـر دەکاتـەوە و لـە سـەرچاوەی تاریکیـی ڕۆح و گیانـی تێـدەگات، هەروەهـا هـۆکاری تاریکـی و بـێ ئۆقرەیـی و عەزابـە ڕۆحییەکانـی چی بووە. هـەر لەو کاتەشـدایە کە تێدەگات چارەسـەری هەموو ئازار و ئەشـکەنجە ڕۆحی و جەسـتەییەکانی زیکـری خودای گەورەیە کە خێراترین و سـادەترین ڕێگایـە بـۆ گەیشـتن بە ئارامـی و چێـژی ڕۆحی. هـەر کاتێکیش ڕۆح گەیشـتە ئارامـی نەخۆشـییەکانی جەسـتەشـی چارەسـەر دەبن.

- کـوڕی خـۆم؛ هەوڵ بدە هەمیشـە وەها خۆت پـەروەردە بکەیت کـە هیـچ کاتێـک نیگەرانـی سـبەی نەبێـت و، لـەوەش دڵنیابە ئەو خودایـەی بـە درێژایـی ژیانت ئـاگای لە تۆ بـووە و ڕزق و ڕۆزی پێ بەخشـیویت؛ سبەی ڕۆژیش ئاگای لێت دەبێت و ڕزق و ڕۆزیت پـێ دەبەخشـێت. ئەو خودایـەی وا تاقانەی نەگۆڕە، ئـەو خودایەی دوێنێش وەکو ئەمڕۆ و سـەدە و سـەدان سـەدە و هەمیشـە و هەمیشە هەر هەیـە و هەر دەبێت؛ هەمیشـە لەگـەڵ تۆدایە و هەمیشـە ڕێنوێنیت دەکات. کـوڕی خـۆم ئەگـەر تۆ بـەردەوام زیکری خـودای گەورە بکەیـت و، لـە هێزی خودا دڵنیا بوویتەوە؛ ئەوسـا ئیتر ترسـەکانت لە داهاتوو لەنـاو دەچن.

- کـوڕم؛ ئەگەر دەتەوێت هەسـت بە چێژی زیکری خودا و ئارامیی ڕۆح و چێژ و دڵخۆشـیی تێگەیشـتن لە قووڵایی ناخی خۆت بکەیت؛ دەبێـت هەوڵبدەیت سـەرەتا بێدەنگی ئەزموون بکەیـت و لە ڕێگای بێدەنگییەوەیـە کـە دەتوانیـت لـە قووڵایـی ناخی خـۆت بگەیت بە لوتـف و ئارامیـی ڕۆح و، دەبێت ئـاگادار بیت خـۆت دوور بگریت لـە ڕەخنەگرتنی خەڵـک و، ئەگەر ڕەخنە لە خەڵـک بگریت هیچکات ناگەیـت بە ئارامـی ڕۆح و، هەرگیـز ئارامیی ڕاسـتەقینە ئەزموون ناکەیـت. هەروەهـا هەوڵ بدە لە هەموو کاتەکانی خۆشـی و چێژ و دۆڕان و سـەرکەوتن و، لـە کاتـی چێـژ و لە بەر هەتـاودا و لەژێر بارانـدا دڵـت بـە لای خـوداوە بێت؛ ئەوسـا ئیتر هەسـت بە چێژی زیکری خودای گـەورە دەکەیت.

- کوڕی خۆشەویستم ئاگاداربە! بە دوای چێژە دنیاییەکاندا مەچۆ، چونکە چێژە دنیاییەکان تووشی نەخۆشیت دەکەن. مەکەوە شوێن ماڵ و سامانی زۆر، چونکە دەتکات بە بەندەی خۆی و، هەوڵ بدە بە دوای دەسەڵاتدا نەڕۆیت، چونکە دەسەڵات دەتفەوتێنێت و تەنیا هەوڵ بدە ئەم چەند ڕۆژەی ژیانی دنیای فانییە فێری ڕێگای چۆنیەتی گەیشتن بە ئارامیی ڕۆح و جەستە ببیت؛ کە ئەویش تەنیا لە ڕێگای گوتنی زیکری خوا و بیرکردنەوە لە هێز و ئافرێنراوەکانی خودا و چاکەکاری و، ئەگەر بتوانی ڕێنوێنی خەڵکەوەیە و، ئەمەش دەبێت بە هۆی پاشەکەوتکردنی بالاترین گەنجەکان بۆ تۆ لە ئاسماندا.

- کوڕم؛ هەوڵ بدە بە درێژایی تەمەنت هەموو کارەکان بە باشترین شێوە و بە تەواوی ئەنجام بدەیت، واتە هەموو کارەکان بە پشت بەستن بە خوای گەورە و بە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەبەر چاو گرتنی هەموو لایەنەکان ئەنجام بدەیت، پاشان ئەنجامی کارەکە بسپێریت بە دەستی خودای گەورە. واتە سەبارەت بەوە ئەگەر هەر ڕووداوێک ڕوو بدات بزانە حیکمەتێکی تێدا بووە و، حیکمەت دارێکە بنچی لە دڵ (بیر و ئەندێشە)یە و، میوەی لە سەر زاردایە. واتە بە بیر و ئەندێشەوە قسە بکە، تاکو لە کاتی قسەکردندا باشترین میوە و سەمەرەکان هەڵبگریتەوە.

- کوڕم وریا بە! ئەدەب و مەعریفە هیچ خەرجییەکی نییە، بەڵام دەتوانێت هەموو باشییەکانی پێ بکڕیت. تۆ دەتوانیت بە

Scanned with CamScanner

کاری چاک و گوتنی قسەی چاک سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆت ڕابکێشێت و، وایان لێ بکەیت خۆشیان بوێت و، لە ڕێگای گوتنی ڕاستییەکانەوە بەرەو لای خودا ڕێنوێنییان بکەیت. بە درێژایی تەمەنت ببێت بە هەر شتێک بەرهەمی بیرکردنەوە و ئەندێشەیەکە کە پێشتر یان ئێستا هەتبووە. تۆ لە ڕێگای بیرکردنەوە و ئەندێشەی دروستەوە دەتوانیت هەم لە پێش چاوی مرۆڤەکان بگەیت بە پلەیەکی باڵا و، هەم لە لای فریشتەکان بژیت، بەڵام بە بیرکردنەوە و کردەوەی نەشیاو هەردوو دنیات دەفەوتێنیت.

- کوڕی خۆم؛ ئەوە بزانە گەورەیی و ڕێزی تۆ لە پێش چاوی خەڵک لەوەدایە کە تۆ پێویستت بە کەس نەبێت، بەڵام خودا ئەو کەسەیە کە هەموو پێویستییەکانت بۆ دابین دەکات، کەواتە تۆش پێویستییەکانت لە خوا داوا بکە. سامانی ڕاستەقینە میهرەبانبوونە لەگەڵ خەڵک و، ڕێنوێنیکردنیانە بەرەو لای خودا و چاکەکاری. هەروەها ساکارترین و جوانترین وانەی ژیان ئەوەیە کە هەرگیز هیچ بوونەوەرێک ئازار نەدەیت و، هەوڵ بدە لەگەڵ هەموو بوونەوەرێکدا بە باشی و میهرەبانی مامەڵە بکەیت، ئەوەش بزانە گەورەترین و بەبایەخترین گەوهەرەکان دڵێکی لێوانلێوە لە زیکری خودا و بیرکردنەوە لە چاکەکاری و خزمەت بە خەڵقی خودایە و ئەو دڵەی لێوانلێو لە زیکری خودا هەمیشە لە ئارامیدایە.

- کوڕم؛ تۆ دەبێت بۆ گەیشتن بە پلەیەکی باڵا و نوورانیبوون لە کەموکوڕییەکانی خۆت ورد ببیتەوە و، ئازایانە و بە دڵێکی

Scanned with CamScanner

گەورەوە لە کەموکورییەکانی خۆت تێبگەیت. ئەوەش بزانە زانینی کەموکوری بچووکی نییە، بەڵکو هێزێکی گەورەیە و، زانینی عەیبەکان ئاسان نییە مەگەر ئەوەی تۆ داوا لە خوای گەورە بکەیت پاکژت بکاتەوە و کارەکانت بۆ ئاسان بکات. کورم بڕوای تەواو دوو بەشە؛ بەشێکی سەبر و بیرکردنەوە لە کارەکانە و، ئەوەکەی تریشی عیبادەت و زیکری خودایە.

- کوڕی شیرینم؛ ڕێکوپێکی و وردبوونەوە لە کارەکان گەورەترین یاسایە و، هەر لەبەر ئەوەشە خوا هێندە بە ڕێکوپێکی سروشتی ئافراندووە. ئەوەش بزانە جوانیی مرۆڤ بە قسە و کردەوەیەتی، کەواتە تا پێت دەکرێت هەوڵ بدە قسە و کردەوەت ڕێکوپێک و دروست بێت، تاکو لە دنیای دوای مردن هەموو جوانییەکانت بە نەسیب بێت و، هەوڵ بدە لە هەموو کارە ڕۆژانەکان و بە درێژایی ڕۆژ و، لە هەموو گەشتەکان و هەموو هاوبەشیکردنەکاندا هاوڕێ و دۆستت چاکەکار و لەخواترس بێت، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمەوە بێت خۆت بۆ لەناوچوون و سزا ئامادە بکە.

- کورم؛ هەوڵ بدە لە هەموو کارەکانتدا هاوڕێیانێک هەڵبژێریت کە چاکەکار و لە خواترس بن، چونکە هاوڕێی باش دیارییەکی گەورەیە کە لە هەموو کارەکانتدا یارمەتیت دەدات، هاوڕێیانێک کە تەنیا چاویان بڕیوەتە سامانەکەت لەگەڵ یەکەم دۆڕانت بەجێتدەهێڵن. هەروەها هەوڵ بدە لە کارەکانتدا نائومێد و دڵشکاو نەبیت، چونکە خودا لەگەڵ تۆدایە و باشترین پلان بۆ

Scanned with CamScanner

کارەکانی داهاتووت کەڵک وەرگرتن و ئەزموون وەرگرتنە لە ئێستا و، ئەوەش بزانە زیانبارترین عەیب و کێشەکان نەبینینی کەموکورییەکانی خۆتە؛ کەواتە هەموو شەوێک بەو کارانەدا بچۆرەوە کە بە درێژایی ڕۆژەکەت ئەنجامت داون.

- کوڕی ئازیزم؛ دڵنیابە ئەو کەسانەی لەبەر ڕەزای خودا بە دڵگەرمی و چێژەوە یارمەتیی هەژاران دەدەن و دەست و دڵکراوەن زۆر دەوڵەمەند و گەورە دەبنەوە، بەڵام ئەو کەسانەی زیاتر سەرقاڵی کۆکردنەوەی سامانن و هەوڵ نادەن لەبەر ڕەزای خودا فلسێک لە سامانەکەیان خەرج بکەن؛ لە کۆتاییدا بە هەژاری و بەدبەختی دەمرن و، منداڵەکانیان موڵک و سامانەکەیان لە ڕێگا شەیتانییەکانەوە خەرج دەکەن و، خۆیان هیچ سوودێکی لێ نابینین نە لەم دنیا و نە لە قیامەتیشدا و، تەنیا خزمەتکاری و حەنباڵییەکەیان بۆ ماوەتەوە.

- کوڕی خۆم؛ هەر کەسێک دەست و دڵکراوە بێت و، موڵک سامانی خۆی لە ڕێگای ڕەزامەندی خوای گەورە خەرج بکات؛ لە ئاکامدا هەم تینوویەتی خۆی دەشکێنێت و، هەم تینوویەتی خەڵکیش، کەسێک کە دەست بە ماڵی خۆیەوە بگرێت و بەخشش نەکات دواجار تێدا دەچێت، هەر کەسێک پشت بە خودا ببەستێت وەکو داری سەوز هەمیشە سەوز و زیندوو دەمێنێت. بەهرەی کاری خواناسان چێژبەخشە و هەموو ئەو کەسانەی خەڵک بەرەو ڕێگای ڕزگاری ڕێنوێنی دەکەن، بە ئارامییەکی گەورە دەگەن.

ئەگەر لە بیری بەدەستهێنانی چاکە بیت دەبیت بە خۆشەویستی خوای گەورە و، ئەگەر بکەویتە شوێن خراپە جگە لە خراپە هیچت بە نەسیب نابێت و، دواجار تێدا دەچیت.

- کورم؛ ئەوەش بزانە کەسی چاکەکار هەرگیز تووشی بەلا و خراپە نابێت. سامانی کەسی چاکەکار پڕبەهرەترین سامانە و، ژیانی کەسی چاکەکار وەکو چرایەکی ڕووناک شەوق دەداتەوە، بەلام ژیانی گوناهکارەکان و ئەو کەسانەی سامانی خۆیان لە ڕێگای حەرامەوە کۆکردووەتەوە وەکو چرایەکە کە بەرەو کز بوون دەچێت و، زۆر زوو دەکوژێتەوە و لەناو دەچێت. هەژاری و ڕسوایی تووشی کەسێک دەبێت لە ڕێگای حەرامەوە سامانی کۆکردبێتەوە و، دواجار تووشی عەزابی ڕۆحی و جەستەیی دەبێت و، خۆی و ئەو کەسانەی کەڵکیان لە سامانەکەی وەرگرتووە لەناو دەچن.

- کوڕی شیرینم؛ ئەوە بزانە کە ڕێگای ئارامیی زەین گەورەترین ڕێگای ڕزگاربوونە لە هەموو داڵغەکان و، باشترین گەنجینەی ژیانە. هەر بۆیە ئارامیی ڕۆح و زەین بەبایەخترین سامانەکانە. کەس ناتوانێت وەها ئارامییەک بە پارە و پلەی دنیایی بکڕێت. کەسیش ناتوانێت وەها ئارامییەک تێک بدات و، ژیانی مرۆڤەکان لە ژێر کاریگەری کار و کاردانەوەدایە و هەرچییەک بچێنیت هەر هەمان شت، یان باشتر لەوە هەڵدەگریتەوە. هەر شتێک وەربگریت سەمەرەی کارەکانی ڕابردووتە. کەس ناتوانێت فێڵ

له یاساکانی سروشت بکات. کەواتە هەوڵ بدە چاکەکار بیت و گەورەیی بنوێنیت؛ تاکو چاکە و گەورەییت بەرامبەر بکرێت.

- کوڕم وریا بە! توانایی گەورە و بێسنوور لە ناخی هەموو مرۆڤەکاندایە و، ڕێگای گەیشتن بەو هێزانە زیکری بەردەوام و ناوی پیرۆزی خودایە و، تۆ هەوڵ بدە شەو و ڕۆژ، لە بێداری یان خەو، لە ماڵەوە یان لە بیابان، بە بێدەنگی یان لە کاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەکانت بەردەوام ناوی خودا بهێنیت و، بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە ناوی خودا دووبارە بکەیتەوە و، بزانە دوای هێنانی ناوی خوا هەزری لێوانلێو لە دڵەفەت ئارام دەبێتەوە و، پڕ دەبێت لە ئارامی و شادییەک کە وەسف ناکرێت، بە شێوەیەک کە بە سەختی دەتوانیت لەو ئارامی و بێدەنگییە دەربچیت.

- کوڕم؛ ڕەنجبردن بەشێکە لە ژیان و وانەت فێر دەکات، ئەگەر ڕەنجت بە نەسیب نەبێت ناتوانیت فێری باشترین وانەکانی ژیان بیت، بەڵام مخابن زۆربەی مرۆڤەکان لەم ڕاستییە تێ ناگەن و، هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنە گەڕ تاکو لە ئەزموونە بە ڕوواڵەت بە ئازارەکانی ژیان دوور بکەونەوە. دوورکەوتنەوە لە کێشەکان بێهوودەیە. خۆبەدەستەوەدان لە بەرامبەر کێشەکانیش نەزانییەکی گەورەیە. کەواتە باشتر وایە فێربیت هەر کام لە کێشەکان بە هاوڕێیەکی خۆتان بزانن؛ کە پەیام و وانەیەکی گرنگی پێیە بۆتان و، لەم ڕوانگەیەوە بچنە پێشوازی کێشەکانەوە.

چونکە هەر کام لەو کێشانە وانەیەکی گەورەی پێیە بۆتان و، خودا لە ڕێگای ئەو کێشانەوە دەیەوێت واتان لێ بکات پێبگەن و کامڵ بن.

- کوڕی خۆم؛ ئەوە بزانە کە تەنیا لە ڕێگای زیکری خودای گەورە و چاکەکارییەوەیە کە دەتوانیت لە خودا نزیک ببیتەوە، ئەوسا خوداش دێتە ناو هزرتەوە و ڕێنوێنیت دەکات. کوڕم تۆ موحتاجی خودایت. وەک چۆن ڕووەک و بوونەوەرەکانی تر پێویستیان بە ئاو و هەوایە. دوعا و زیکری خوداش بەهێزترین وزەکانن کە مرۆڤەکان دەتوانن لە ڕۆحی خۆیاندا دروستیان بکەن. کوڕم؛ هێزی دوعاکردن و زیکری خودا وەکو هێزی ڕاکێشان و هێزی با ڕاستەقینەن.

- کوڕەکەم؛ گەورەترین سەرچاوەی ژیان بڕوا و ئیمان بە دنیای ئەبەدییە و، گەورەترین سەرچاوەی دنیا دوعا و زیکرکردنی خوایە، کەواتە لە بیر و هزری خۆتدا ناوی خودا بهێنە ڕێک وەکو عاشقێک کە بانگی مەعشووقەکەی دەکات و، وەکو هەژارێک کە لە هەوڵی کار و کۆششدایە و، وەکو کەسێک کە خەریکە نوقمی دەریا دەبێت و پێویستی بە تۆسقاڵێک هەوایە. هەروەها کوڕم لە ناو دوعاکانتدا هەموو باری سەرشانت و خەم و نیگەرانییەکانت بسپێرە بە خوا و، دڵنیابە خودا بارە قورسەکان لەسەر شانت لا دەبات.

Scanned with CamScanner

- کـورِم؛ تـۆ لـە کاتی دوعـا و گوتنـی زیکری خـودا و، لە هەموو کاتەکانی ژیانت کێشـەکانت بسـپێرە دەسـتی خودای گـەورە و لە هەمـوو کاتەکانـی شـەو و ڕۆژ ئەو کاتـەی لـە بێدەنگیدایت و بیر و ئەندێشـەت لای خـودای گـەورەوە بێـت لەو کاتەدایـە کە هزری نائارام و پڕ لە داڵغەت نوقمی نوور و عیشـقی خودا دەبێت و ئارام دەگرێت و/ پەیوەندیت لەگەڵ خودا کە سـەرچاوەی تەندروسـتی و ئارامییە و/ سـەرچاوەی هێز و دڵخۆشـی و هاوسەنگی و جوانی و ژیـری و ئەندێشـە و ئارامییە دروسـت دەبێت و/ تـۆ دەکەویتە ناو ئارامییەکی چێژبەخشەوە.

- کورِەکـەم؛ خودا چارەسـەری هەموو کێشـە و گرفتەکانە. ئەگەر هـات و تـۆ لـە بیابانێکی وشـک یـان لە شـاخەکاندا سـەرگەردان بێـت، ئەگـەر خودات لەبیـر بێت دڵنیابە هەرگیز تووشـی شکسـت نابێـت. هەروەهـا کـوڕی خـۆم ئـەوەش بزانـە باشـترین کات بۆ دوعاکـردن ئـەو کاتانەیە کـە بـە بیرکردنـەوە و قووڵییەکی تەواو داواکارییەکانـت بـە خـودا بڵێیت و، باشـترین شـوێن دڵتـە (بیر و ئەندێشـە)، چونکـە لە هەموو شـوێنێک دەتوانیت لە ڕێـگای دڵتەوە بانگـی خـودای گەورە بکەیـت و عیبادەتـی بکەیت.

- کـوڕی خـۆم؛ هەمیشـە هـەوڵ بـدە بە وردییـەوە قسـە بکەیت، چونکـە وشـەکانی تۆ دەتوانـن وەکو تێـغ بەرامبەرەکـەت بریندار بکـەن، دەشـتوانن مەرهـەم بن، دەتوانـن ببن بە هـۆی بێئوقرەیی، دەتوانن ئاسـوودەییش ببەخشـن. دەتوانن ببن بە هۆی نەخۆشـی،

Scanned with CamScanner

دڵێک بشکێن، دەشتوانن شیفابەخشیش بن. وشەیەک دەتوانێت کەسێک بگەیەنێت بە میعراج و، وشەیەک دەتوانێک ژیان تاڵ و بێزرخت بکات. هەوڵ بدە وشەی جوان بڵێیت؛ تاکو دڵێک ئارام بکەیتەوە. هەر بۆیە کوڕی خۆم ئەگەر لە هەموو قۆناغەکانی ژیانتدا بە وردی و بە بیرکردنەوەوە قسە بکەیت دڵنیابە وشەکانت پڕ دەبن لە ئارامی و وزەی بە بایەخ.

- کوڕم؛ هەوڵ بدە بەردەوام زیکری خودا بکەیت و، تا پێت دەکرێت کێشەکانت بسپێریت بە خودا و، هەوڵ بدە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانتدا چ لە کاتی کارکردن و، چ لە کاتی نانخواردن و، بە درێژایی تەمەنت لەگەڵ خودا قسە بکەیت و، هەوڵ بدەیت تەنانەت لەو کاتانەی کێشەکانت زۆرن بۆ ساتێک چاوەکانت لێک بنێیت، تاکو دنیا لەپێش چاوت دوور بکەوێتەوە، ئینجا بە هێنانی ناوی خودا دەبینیت خودا لێت نزیک بووەتەوە و، هەرگیز تەنیا نیت.

- زۆرێک لە خەڵک پێیان وایە هێندە خراپ و گوناهکارن کە ناتوانن لە خودا نزیک ببنەوە، بەڵام خودا زۆر بەخشندە و میهرەبانە. تەنانەت میهرەبانترە لە دایک.

- کوڕی ئازیزم وریابە! ئەوانەی بە دوای چێژی دنیای فانییەوەن بە گەیشتن بە هەر کام لەو چێژانەی دنیای خاکی ناگەن بە شادی و ئارامی و، دڵنیابە هەرگیز شادی و ئارامی نابینن،

Scanned with CamScanner

بەلام ئەو کەسانەی بە دوای زیکر و عیبادەتی خوای گەورە و کردەوەی چاک و ڕێنوێنی خەڵکەوەن بە دڵنیاییەوە دڵخۆشترین مرۆڤەکانن و، بەردەوام لە ئارامی و چێژێکی زۆر گەورەدان کە هەرگیز وەسف ناکرێت و، تەنیا لەڕێگای زیکر و عیبادەتی خوا و چاکەکاری و ڕێنوێنی مرۆڤەکان ئەزموون دەکرێت و دەست دەکەوێت.

- کوڕی ئازیزم؛ تۆ بە درێژایی شەو و ڕۆژ و لە هەموو کاتەکانی ژیانتدا و، لە هەموو کارەکانتدا بەردەوام گرفتاری وەسوەسە و ئەزیەت و ئازاری شەیتان و شوێنکەوتووەکانیت. کاتێک کە بەردەوام سەرقاڵی زیکری خوا بیت و، بەر لە ئەنجامدانی هەر کارێک بیر بکەیتەوە دڵنیابە شەیتان و شوێنکەوتووەکانی ناتوانن بە سەرتدا زاڵ بین و، لەو کاتانەی تۆ سەرقاڵی زیکری خودا و بیرکردنەوەی خودا لە بەرزایی ئەبەدییەتەوە فریشتەکانی دەنێرێت بۆ یارمەتیدان و ڕێنوێنیکردنت و، لە هەوڵ و تێکۆشانەکانت بۆ ململانێ لەگەڵ شەیتان سەرت دەخات و بەهێزت دەکات. کەواتە کوڕی خۆم هەمیشە هەوڵ بدە زیکری خودا بکەیت و، بەر لە ئەنجامدانی هەر کارێک بیربکەیتەوە، تاکو لە هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانت دژی شەیتان سەربکەویت. هەڵبەت لە ڕێگای زیکری خودا و بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی خودا تۆ لە هەوڵ و تێکۆشانێکی گەورەدایت و، دڵنیابە تەنیا نیت و خودات لەگەڵە و، تۆ لەگەڵ کۆمەڵێکی گەورە لە فریشتەکان لە ململانێیەکی گەورە و شەریفدایت دژی شەیتان.

Scanned with CamScanner

- کورم! دەبێت تۆ لە ڕێگای بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی خودا ئافرێنراوەکانی خودا بناسیت و، هەوڵ بدە بە درێژایی ژیانت چاکە و کردەوەی چاک و زیکری خودای گەورە بکەیت بە ڕێگای خۆت و، هیدایەت و ڕێنوێنی خەڵک بە ئەرکی سەرشانی خۆت بزانیت، تاکو ئینشاڵلا لەم ڕێگایەوە بە درێژایی تەمەنت لە تەندروستی و ئارامیدا بژیت و، دوای مردنیش ڕۆحت لە خودا نزیک بێت و، هەمیشە لە خۆشی و شادیدا بێت.

- کوڕی شیرینم وریا بە! هەوڵ بدە لە هەڵبژاردنی هاوڕێ و هاونشین و هاوبەشی کارەکانت و تەنانەت لە هەڵبژاردنی هاوسەر زۆر ورد بیت و، هەوڵ بدە لە کەسێک کە لە خۆبایی و خۆبەزلزانە و، گوێ لە ڕێنوێنی ناگرێت و، تێناگات و نازانێت و ئەوەش نازانێت کە ئەزموونی نییە و نازانێت، نزیک نەبیتەوە ئاگاداری خۆت بە و هەوڵ بدە بە درێژایی ژیانت لەو کەسانەی هیچ ئەزموونێکیان نییە و دانی پێدا دەنێن کە دەزانن کە نازانن نزیک ببەوە و، فێریان بکە و ڕێنوێنییان بکە. کوڕی خۆم ڕێنوێنی ئەو کەسانەش بکە کە دەزانن و چاکەکاری دەکەن و، ئاگاداری ئەوەش نین کە دەزانن، هەوڵ بدە ئاگاداریان بکەیتەوە. هەروەها هەوڵ بدە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەزانن و بە زانیارییەکی تەواو تێدەگەن و لە هەموو کارەکانیاندا وردبینن و، خۆیشیان دەزانن ئاگایان لە هەموو کارەکانە و، دەزانن کە دەزانن چی بکەن و، بە باشترین ڕێگا کە ڕێگای خوداپەرستی و چاکەکاری و گوتنی زیکری خودایە تێدەپەڕن، ببیت بە هاوڕێ و هاونشین و هاوبەش

و شـوێنی بکـەوە و، پـرس و ڕای پـێ بکـە، تاکـو لـە کارەکانتدا سەربکەویت.

- کـوڕم وریابە! بە درێژایی تەمەنت هۆگـری چێژەکانی دنیا نەبیت و، هەرگیـز لە ڕێـگای هۆگربوون بە چێژەکانی دنیـا خۆت نەکەیتە بەنـدە و کۆیلـەی دنیـا، چونکە خودا تـۆی ئازاد ئافرانـدووە و، تۆ نابێـت بـۆ ئـەو چەند ڕۆژەی لـە دنیا دەژیـت خۆت بکەیتـە کۆیلە و بەنـدەی ئـەو زەوییـە خاکییـە و، هەوڵ بـدە هێنـدە زیکری خوا بکەیـت و هێندە چاکەکار بیت کە ڕۆحت گەشـە بـکات و ئازاد بێت و، بتوانێـت دوای مردنیش لە ئاسـمانەکاندا بفڕێت.

- کـوڕم؛ هەرگیـز جەسـتەی خـۆت ئالـوودەی چێـژە دنیاییەکان مەکـە، چونکـە چێـژە دنیاییـەکان دەبن بە هـۆی ئەوەی لـە یادی خـوا و چاکـەکاری غافـڵ بیـت و، کاتێ جەسـتەت ئاوێتـەی چێژە کاتییەکانـی دنیـا بوو ئەوسـا ئیتر ڕۆحـت تاریک دەبێـت و، چێژە دنیاییـەکان دەبـن بە هۆی ئـەوە خۆراکی ڕۆحت کـە زیکری خودا و چاکەکارییـە نەگات بە ڕۆحـت و، ڕۆحت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاواز و بـێ تیـن بێت و، دوای مـردن ڕۆحت تاریک و ڕەش و ناشـیرین و خەمبـار و لاواز و حەیـران و سـەرگەردان لە زەویـدا بمێنێتەوە و، نەتوانێت بەرەو ئاسـمان هەڵبکشـێت.

- کوڕەکـەم؛ تۆ لە ڕێگای زیکری خودا و بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی خـودا دەگەیـت بە ئاسـایش و ئارامییەکی مەزن و، بۆ گەیشـتن بە

ئارامی پێویستە لەسەرت زیکری خودا بکەیت، بەڵام بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی دەبێت لە هەموو کارەکانی ژیانتدا بە پێی داهاتی رۆژانەت رێژەیەک پارە پاشەکەوت بکەیت تاکو بۆ سەردەمی پیری و لاوازیت بتوانیت بە ئاسوودەیی بژیت. هەروەها ئەگەر ئێستا لە ئاسوودەیی و دەوڵەمەندیدا دەژیت هەوڵ بدە هەندێک پارە پاشەکەوت بکەیت بۆ کاتی پیریت، چونکە توانایی و هێزی مرۆڤەکان وەکو هەتاوی بەرەبەیان لە تەواوی سەعاتەکانی رۆژدا پایەدار نییە.

- کوڕی خۆم؛ بە درێژایی تەمەنت دەکەویتە بەر پەلاماری بێڕەحمانەی شەیتان و شوێنکەوتووەکانی و، شەیتان بەردەوام لە رێگای وەسوەسە و شەپۆلی ئاژاوە و توندوتیژی پەلامارت دەدات و، هەندێ جار دەتخاتە ناو دەریایەک لە گومان و دوو دڵی و دەرماندەیی و شکستەوە. کوڕی خۆم؛ لەم کاتانەدا بێدەنگ بە و لە ناو بیر و زەینی خۆتدا بیر لە ئافرێندراوەکانی خودایەک بکەوە کە سەرچاوەی هەموو بوونەوەرەکانە و، لەو کاتەدا لە رێگای گوتنی زیکری خودا لە ناختدا هەست بە ڕووناکییەک دەکەیت کە ئەو ڕووناکییە نوورانیت دەکاتەوە و بیرکردنەوەت دەگۆڕێت.

- کوڕم وریابە و ئاگاداربە! کاتێ دەوڵەمەند بوویتەوە ماڵ و سامان نەتکاتە کۆیلەی خۆی؛ چونکە ئەگەر پارە و سامان کردتی بە کۆیلەی خۆی؛ ئەو کاتە ئیتر ستەم لە کەسانی ژێر دەستی

Scanned with CamScanner

خـۆت دەکەیـت و، هـەوڵ بدە پارە و سـامان لەخۆباییـت نەکات و وات لـێ نـەکات لە ناخی خۆتدا هەسـت بـە توانایی و دەسـتەڵات بکەیـت، چونکـە ئەگەر بێت و هەسـت بە هێز و دەسـتەڵات بکەیت سـامان وات لـێ دەکات هەم دنیا و هەم قیامەتـی خۆت بفەوتێنیت. هەروەهـا کـوڕم چەند جوانە ئەگـەر تۆ دەوڵەمەنـد بیت و ئەوەش بزانیـت کە سـامانی خۆت لـە ڕێگای چاکـەوە بەکاربهێنیـت، تاکو هـەم لـە پێش چاوی خـوا و هـەم خەڵکی خوا گـەورە بیت.

- کـوڕم؛ زیکر و عیبادەتی خـودا و بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی خودا سـەرچاوەی عەقڵ و ئەندێشـەی مەعنەوی و دنیایی و، دنیایەک لە عیشـق و سـۆز بەرامبەر بە دنیای دوای مردن و، ئۆقیانووسێک لە خزمـەت و فیداکاری بەرامبـەر بە خەڵـک و ئافرێندراوەکانی خودا لـە تۆدا دروسـت دەکات و، کاتێ گەیشـتیت بە وەهـا قۆناغێک ئەو کاتەیە کە هەم گەیشـتوویت بە گەورەترین ئاسـوودەیی و، هەم لە پێش چاوی خەڵک دەبیت بە کەسـێکی گەورە و بەڕێز و، هەمیشـە ڕووبەڕووی ئەو کێشـانە نابیتەوە کـە خەڵک ڕووبەڕووی دەبنەوە، بـەردەوام لە ترسـی داهاتوو و مردن و هـەزاران داڵغەی تر نابیت کە هەموویان لە لایەن شـەیتان و شـوێنکەوتوانیەوە دێن.

- کـوڕی شـیرینم؛ تۆ بـە گوتنی زیکـری خودا و کـردەوەی چاک لێوڕێـژ دەبیـت لـە ئیمانێکـی نـاوازە و خۆشەویسـتی و عیشق بەرامبـەر بە عالەمی ئەبـەدی و، ئارامییەکی هەمیشـەیی. هەروەها لە سـەرچاوە شـاراوەکانی هێزی ناخی خۆت تێدەگەیت و هەستیان

Scanned with CamScanner

پێدەکەیت. هەروەها کوڕی خۆم تۆ زۆربەی کات گرنگی بە بیر و ئەندێشەی خۆت نادەیت، بەلام ئەگەر بێدەنگ بیت و سەرقاڵی زیکری خودا بیت ئەوسا تێدەگەیت کە بیرکردنەوەت چ توانایەکی هەیە و، هەر ئەم بیرکردنەوانەن دەتوانن ژیانت ڕزگار بکەن، ئەگەر تۆ لە کارەکانتدا بیر نەکەیتەوە ناتوانیت باشترین و سەرکەوتووترین ڕێگا هەڵبژێریت و تێدا دەچیت.

- کوڕم؛ هەوڵ بدە لە قۆناغەکانی ژیان و بە درێژایی تەمەنت لە دنیای فانیدا تووڕە نەبیت و، تووڕەبوون لە خۆت دوور بخەرەوە تاکو تەمەنێکی درێژت هەبێت، چونکە تۆ دەتوانیت لە ڕێگای تەمەنێکی پڕ بەرەکەت و درێژترەوە وا لە ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک بکەیت تاکو لە خوداترس و چاکەکار بن و، سۆز و دۆستییەکی زیاتر لەناو خەڵکدا دەکەیتە باو. کوڕم هەوڵ بدە واز لە بڕیاردانی بە پەلە لەسەر خەڵک بهێنیت و، هەوڵ بدە بە وردی و ناسین و بە ئارامی و بەخششەوە ڕووبەڕووی هەموو لایەنەکانی ژیان ببیتەوە.

- کوڕەکەم؛ هەوڵ بدە تەنیا سەبارەت بە کاری چاک و باش باوەڕبەخۆبوونت هەبێت، ئەگەر بەرامبەر بە کاری خراپ باوەڕبەخۆبوونت هەبێت هەرگیز باوەڕبەخۆبوونی ڕاستەقینەت نابێت، چونکە باوەڕبەخۆبوونت بەرامبەر بە کاری ناشیرین لە بایەخی تۆ کەم دەکاتەوە و، لە پێش چاوی خەڵک ئاست نزم و بێنرخ دەبیت. هەمیشە خەڵک بە دوای باوەڕبوخۆبوونەوەن

Scanned with CamScanner

تەنانــەت ئەو کەســانەی باوەڕیان بە خۆیان هەیــە لە کەمووکوڕی ئــەم تایبەتمەندییــە لــە خۆیاندا ئــازار دەچێــژن. (هەروەهــا کوڕم باوەڕبەخۆبــوون بــە مانای توانــای ئەنجامدانی هەمــوو کارێک و، هەڵبــەت دەبێــت باوەڕبەخۆبوونــی تــۆ لەســەر ئەساســی عەقڵ و بیرکردنــەوە و لێکۆڵینــەوە و ڕاوێژکــردن و زانیاری ســەبارەت بە هەر چەشــنە کارێــک بێت).

- کــوڕی ئازیــزم ئــەو شــتەی دەبێــت بــە هۆی ئــەوەی تــۆ هەم لــە دنیــا لە ئاســوودەییدا بیــت و، هــەم دوای مــردن لــە ئارامیدا؛ تەنیــا شــوکرانەبژێری خــودای گەورەیــە کــە دەتوانیت لــە ڕێگای وتنــی زیکر و چاکەکــردن بە خەڵــک و ئافرێندراوەکانــی ئەو کارە بکەیــت و، هەرچــی زیاتــر بتوانیت لــە ڕێگای گوتنــی زیکری خودا و چاکــەکاری نــووری ئیلاهــی وەربگریــت، پتــر دەتوانیــت هێزی جەســتەی خــۆت گەشــە پێبدەیــت و وزەی حەیاتیــی خــۆت زۆر بکەیــت؛ ئەوســا ڕوانگــەی هزری تــۆ بەرینتر دەبێتــەوە و دەگەیت بــە بەختەوەریی دەروونی و، ئەوەش ئــەو کاتەیە کە بیرکردنەوەی ناســک و هەســتە مەزنەکان زاڵ دەبن بەســەر مێشــک و ڕۆحی تۆ و، دەکەویتــە ئاســوودەییەکی ناوازەوە.

- کــوڕم؛ بزانــە ژیر ئەو کەســەیە وا لــە هەمــوو کارەکانیدا خۆی لــە زێدەڕەوی و خەرجــی بێهوودە بە دوور دەگرێت و، دەست بە شــتەوە دەگرێت کــە یەکێکە لــە ســەرچاوەکانی داهــات. هەروەها هــەر کەســێک لــە کار و لــە ژیانیــدا میانــەڕەو بێت و، بۆ هەموو

شتێک هەوڵ بدات هاوسەنگی ڕابگرێت و، هەموو کارێک بە باشترین شێوە ئەنجام بدات؛ کەسێکی تەواو و کامڵە. هەوڵ بدە لە کارەکانتدا بڕوات بە تواناییەکانی خۆت هەبێت، چونکە هەبوونی بڕوا وات لێدەکات بگەیت بە ئامانجەکانت. هەروەها لە برسان مردن باشترە لەوەی لەگەڵ کەسانی بێ ئیمان ببیت بە هاوبەش و، هەوڵ بدە بە درێژایی ژیانت دوور بکەویتەوە لەو کەسانەی لەگەڵ تۆ هاوبیر و ڕا نین و، متمانەت پێیان نییە.

- کوڕی ئازیزم؛ ئەو دیارییانەی بەرامبەر بە شوکرانەبژێری و زیکری خودا و چاکەکاری پێشکەش بە تۆ دەکرێت زۆرن. ئەم دیارییانە ژیانت لێوانلێو دەکەن لە ئارامی و دڵخۆشی و ئاسوودەیی و سەنگینی و گەورەیی و، لەمپەڕێکن بۆ ئەوەی بەر بەو بیرکردنە شەیتانییانە بگرن کە دێنە ناو مێشک و بیرتەوە. چونکە عیبادەت و سوپاس و شوکرانەبژێریی خودای گەورە و، سوپاس و سکاڵا و نیگەرانی و تووڕەیی و دڵەڕاوکێ و سەرگەردانی ناتوانن پێکەوە و لە تەنیشت یەکەوە بن، چونکە سکاڵا و گلەیی و نیگەرانی و تووڕەیی و دڵەڕاوکێ، وەسوەسە و فێڵ و فریوی شەیتانن و، لە ڕێگای بیرکردنەوەی نەرێنی و خراپەوە دروست دەبن. کاتێکیش تۆ سەرقاڵی زیکری خودا دەبیت و دەست دەکەیت بە سوپاس و ستایشی خوای گەورە هەموو بیرە نەرێنی و خراپ و شەیتانییەکان لێت دوور دەکەونەوە. هەروەها کوڕم هەوڵ بدە لە هەر بارودۆخێکدا پەیژەیەک لە زیکری خودا و چاکەکاری بۆ خۆت دروست بکەیت؛ بۆ ئەوەی کە بتوانیت پێیدا

Scanned with CamScanner

سەربکەویت و بچیتە عالەمی بالاوە و، بگەیت بەوپەڕی ئارامی و ئاسوودەییەوە. کاتێکیش سەرقاڵی شوکرانەبژێریی خوا دەبیت دڵت (بیر و ئەندێشەت) بەرین دەبێتەوە، پێکهاتەی تەندروستی جەستە و ڕۆحت بەهێز دەبێتەوە و پەروەردە دەبێت و، جەستەت بەرامبەر بە نەخۆشییە ڕۆحی و جەستەییەکان پارێزراو دەبێت و، وەکو کورێکی پۆلایین دەتپارێزێت.

- کوڕەکەم؛ گەورەیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بتوانیت بەسەر نەفسی خۆتدا زاڵ و سەرکەوتوو بیت و، ئەگەر کەسێک بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ بێت بە دڵنیاییەوە لە هەموو کارەکانیدا سەرفرازە و، لە دنیای پاش مردنیش ئارامییەکی ڕاستەقینەی دەبێت. هەروەها کوڕی خۆم ئەوەش بزانە ساتێک بچووک و بێنرخ بوونەوە لە پێش چاوی خەڵک باشترە لە هەموو ئەو چێژە کاتییانەی دنیا و کەسێک کە بەر لە کردنی کارێک بیر نەکاتەوە و، پێی وا بێت ژیان بەخت و ئیقبالە شکست دەخوات.

- کوڕی خۆم؛ ئەوە بزانە کێوە بەرزەکان پڕن لە کانی و داری بەرز. وجوودی مرۆڤە مەزنەکانیش هاوشێوەی کێوە مەزنەکان لێوانلێوە لە لێبووردەیی و میهرەبانی و ژیری و ئیمان. لەبەر ئەو عەقڵ و بڕوایەی هەیانە دنیایان پڕ کردووە لە ئاسوودەیی و گەورەیی و دڵخۆشی و، ئاسوودە بوون لە تەنیشت ئەوانەوە هاوشێوەی ئاسوودەبوونە لە تەنیشت باخێکی پڕ لە گوڵ و میوەوە کە تۆ کاتێک دەچیتە ناو باخێکی پڕ لە دار و درەختەوە هەست بە ئارامی دەکەیت.

- کوڕی ئازیزم؛ ئەگەر دەتەوێت هەمیشە بە سەربەرزی و ڕێز و گەورەیی و سەرکەوتووییەوە بژیت؛ دەبێت لە هەرەتی لاویدا کە بە هێز و گەش و بە توانایت بە چاوبڕین لە ئەزموونی خەڵک ژیرانە بژیت، بۆ ئەوەی؛ یەکەم: تەمەنێکی درێژ و بێ دڵەڕاوکێت هەبێت و، دووەمیش: لە کاتی پیریدا حەسرەتی سەردەمی لاوی نەخۆیت و، ژیان کاتێک جوان و دڵڕفێن دەبێت کە تێیدا هیچ خەم و پەشیمانییەکت بە هۆی کارەکانی ڕابردووەوە نەبێت و، گەنجێتی خۆت بە چاکەکاری و زیکری خودا و ئەو قسانەی مایەی ڕەزامەندی خودایە بەڕێ کردبێت.

- کوڕەکەم ئاگادار بە! بە درێژایی تەمەنت و لە کاتی گەنجیدا تووشی هەڵە و گوناه نەبیت، چونکە ئەگەر بێت و تێکەڵ بە گوناه ببیت؛ ئەوا ئەو گوناهەی کردووتە لە کاتی پیریدا بەرۆکت دەگرێت و، ئارامی و چێژت لەناو دەبات و، دەتخاتە ناو وەسوەسە و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەوە. هەوڵ بدە وەها خۆت پەروەردە بکەیت کە نەکردنی گوناه بۆ تۆ لە تۆبەکردن چێژبەخشتر بێت و، ئەوەش بزانە کەسانێک کە بەڵێنی خۆیان بەرامبەر بە خودا جێبەجێ دەکەن لە گەورەترین مرۆڤەکانن.

- کوڕم؛ هەوڵ بدە بە درێژایی شەو و ڕۆژ بیر لە هەموو ئەو کارانە بکەیتەوە کە کردووتە؛ تاکو لە ڕێگای بیرکردنەوە لە هەڵەکانی خۆت ئاگادار بیت و، ئەگەر هەڵەکانت ڕاست نەکەیتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دووبارەیان بکەیتەوە و، لە ئەنجامدانی

Scanned with CamScanner

کارەکانی ڕۆژانەت لاواز بێت و، لاوازی و ناتوانایی تۆ دەبێت بە هۆی دۆڕان و فەوتانت لە ژیاندا و، کەسی بەختەوەر و سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە پەند لە ئەزموون و بەسەرهاتی خەڵک وەردەگرێت.

- کوڕی شیرینم؛ ئەگەر لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانت بیر بکەیتەوە؛ ئەوا ئەو بیرکردنەوەیە دەبێت بە هۆی ئەوەی تووڕە نەبیت و، هەر کاتێک تووڕە نەبوویت بیرکردنەوە و تێگەیشتنێکی باڵات دەبێت و، کاتێک کە بیرکردنەوە و تێگەیشتنێکی باڵات هەبوو دەگەیت بە ئارامی و ئاسوودەییەکی گەورە. ئەو کاتە ئیتر ئیرادەیەکی بەرزت دەبێت و، کاتێکیش لە کارەکانتدا ئیرادەی بەرزت هەبوو دڵنیابە بە درێژایی ژیانت سەربەرز و سەرکەوتوو دەبیت.

- کوڕی خۆم؛ توانین و ئەنجامدانی هەر کارێک و سەرکەوتن لە هەر کارێکدا دەبێت لە ڕێگای زانیاری و ئەزموون و ویستەکانی تۆوە بێت. واتە زانین و ئەزموونی تۆ بۆ ئەنجامدانی کارەکان بێ ویستی تۆ هەرگیز ناتوانێت سەرکەوتووت بکات. لە ڕێگای بیرکردنەوە و ئەندێشە و ئیرادەوە لە کارەکانتدا کردنی هیچ کارێک مەحاڵ نییە و بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت.

- کوڕم؛ زۆربەی ئەو کەسانەی تووشی بەدبەختی و چارەڕەشی و حەسرەت و مەرگە ناخۆشەکان دەبنەوە ئەو کەسانە بوون

کە لەخۆبایی و خۆبەزلزان بوون و، پێیان وابووە پێویستیان بە کەس نییە و، هیچ هۆکارێکیان نییە بۆ ئەوەی شوکرانەبژێریی خوای گەورە بە جێ بهێنن و، پێیان وابووە ئەو سامانەی بەدەستیان هێناوە ئاکامی زانین و تەدبیر و بیری خۆیان بووە و، هەمیشە لە ڕێگای تیجارەت و قازانجی زۆرەوە دەگەیشتن بە ئارامی و، ئەو کاتەش لە پڕ مردن بەرۆکیان دەگرێت پەی بە بێنرخی سامانەکەیان دەبەن.

- کوڕەکەم؛ لە ڕاستیدا ئەو کەسەی بە دوای خودا و ڕاستیدا دەگەڕێت بە هەر هۆکارێک بێت هەم لە کێشەکاندا و هەم بە درێژایی ژیانی شوکرانەبژێریی خوا بەجێدەهێنێت و، دەزانێت هەبوونی مرۆڤ گەورەترین دیاری خودایە، چونکە لە ڕێگای جەستەوە دەتوانێت لە خودا نزیک ببێتەوە و بیناسێت، خودای گەورەش بە کاملترین شێوە هەموو بوونەوەرەکانی ئافراندوو.

- کوڕم؛ تۆ هەر کاتێک گەیشتیت بە ئیمان بە خودا هەرگیز هەست بە تەنیایی و نیگەرانی ناکەیت، ئەوەش بزانە کاتێک لە خەڵوەت و بێدەنگیدا هەستت بە تەنیایی کرد لەبەر ئەوەیە کە هێشتا لە خوای گەورە نزیک نەبوویت و بێ ئەزموون بویت و هەوڵ بدە بەر لە کردنی هەموو کارێک سەرەتا بیر بکەیتەوە پاشان ئەنجامی بدەیت، چونکە ئەنجامدانی هەر کارێک بێ ئەوەی بیری لێ بکەیتەوە وەکو تیر هاویشتنی بێ نیشانەیە کە هیچ نیشانەیەک نییە تاکو بیپێکێت.

Scanned with CamScanner

- کوڕەکەم؛ ژیان لەدایکبووی بیر و ئەندێشەی تۆیە و، کاتێ تۆ بە باشی بیر نەکەیتەوە دەدۆڕێیت و تێدا دەچیت، کاتێک کە زۆر قسە دەکەیت ناتوانیت بیر بکەیتەوە و، ئەو کاتەش ڕۆحت وەڕەس و ماندوو دەبێت و، پتر لە هەموو شتێ لە بیرکردنەوە بێزاریت، کەواتە هەوڵ بدە کەمتر قسە بکەیت تاکو بتوانیت پتر بیر بکەیتەوە و، بیرکردنەوەی تۆ بە مانای گەیشتنی تۆیە بە ئارامی.

- کوڕی ئازیزم؛ کاتێ لە ڕووی فکرییەوە ئاسوودە و دڵخۆش دەبیت کە زیاتر بیر بکەیتەوە و، ئەو بەهرە زۆرەی خودا لە ناخی تۆدا دایناوە بە کاریبهێنیت؛ کەواتە هەوڵ بدە تێبکۆشیت، چونکە خودا لە سەفەری پڕ مەترسیی ژیان ئاگاداری تۆیە و دەتپارێزێت. باشترین خووەکانیش بیرکردنەوەیە.

- کوڕم وریا بە! چونکە بە درێژایی ژیانت هەر شتێکی ناخۆش بێتە سەر ڕێگات ئەنجامی بیرکردنەوە و ئەندێشەی نەرێنی و ناڕاستە و، ئەگەر لە ژیانتدا بە بیرکردنەوەی چاک و خوداپەسەندانەوە بجووڵێیت ژیانت پڕ دەبێت لە ئارامی و چێژ و بەرەکەت و، ئەگەر بیرکردنەوەی نادروست و نەرێنیت هەبێت ژیانت بەردەوام لە داڵغە و سزا و نیگەرانی و ترس و خەمدا دەبێت.

- کورم؛ هەر کاتێک بینیت هەرچی دەنێریت هەر ئەو شتەت بۆ دەگەڕێتەوە؛ ئەو کاتە بزانە تووشی گوناە نەبوویت و ئەوەش بزانە بیرکردنەوە و کردەوەی تۆ درەنگ یان زوو بە وردییەکی سەرسوورهێنەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆت و، هەوڵ بدە بۆ کردنی کارەکانت هەرگیز گلەیی و سکاڵا نەکەیت و، تەنیا داواکارییەکانی خۆت لە خودا بوێت، کاتێ هەر یەک لە ئارەزووەکانت دێنە دی نیشانەی هێزی خودایە و، هەر سەرکەوتنێکت و لە هەر (بیچمێک)دا بێت چ بچووک بێت چ گەورە سەرکەوتنی خودایە؛ کەواتە سەرکەوتن لە هەر شتێکدا دەبێت وانەی خاکیبوون و خواپەرستیت پیشان بدات، نەوەک ببێتە هۆی ئەوەی لەخۆبایی بیت و لە یادی خودا غافل بیت.

- کورم؛ ئەگەر بەر لە ئەنجامدانی کارەکانت بیربکەیتەوە ژیانت شیرین و دڵڕفێن دەبێت، هەتاکو پێتدەکرێت دەبێت چاکەکار بیت، چونکە تەنیا لە ڕێگای چاکەکاری و زیکری خودایە کە دەتوانیت چێژ لە ساڵەکانی ژیانت ببینیت و، ئەوەش بزانە لە ئەنجامدا هەموومان دەمرین، بەڵام هەر کەسێک کاری خراپ و ناشیرین بکات دوای مردن دەکەوێتە ناو تارکییەوە. کوڕی خۆم هەولبدە بە چاکەکاری و ڕێنوێنی خەڵک ڕۆژەکانی گەنجیت بەڕێ بکەیت، تاکو بەمجۆرە بکەویتە ناو ئارامی و ئاسوودەییەوە. ڕۆژانی گەنجی خێرا تێدەپەڕن کەواتە هەوڵ بدە گەنجیت بە گومرایی و ناشیرینی تێپەڕ نەبێت و، لە ڕۆژانی گەنجیدا ستایشی ئافرێنەری خۆت بکە بەر لەوەی ڕۆژانی سەختی ژیان دەست

Scanned with CamScanner

پێبکات، ڕۆژانێـک کە ئیتر نەتوانیـت چێژیان لێ ببینیت. سـەرقاڵی بیرکردنـەوە ببـە و عیبادەتـی ئافرێنـەری خـۆت بکە؛ بـەر لەوەی هـەورە ڕەشـەکان گەمـارۆی ژیانت بـدەن و، ئیتر مانـگ و هەتاو و ئەسـتێرەکان تێیدا نەدرەوشـێنەوە. عیبادەتـی ئافرێنەرەکەت بکە بـەر لـەوەی دەسـتەکانت بلـەرزن و پێیەکانـت لاواز و چاوەکانت کـز و گوێیەکانـت گـران ببـن و نەتوانیت ئـاوازی دڵڕفێنـی باڵندە و تاڤگـەکان ببیسـتیت و، تـۆ بە سـەختی لاواز و نەتوانـا ببیت و، نەتوانیـت بڕۆیـت بەڕێـوە و، لە بەرزایی بترسـیت و هێـز و تینت لەنـاو دەچێـت، کەواتـە هەوڵ بـدە سـتایش و زیکـری ئافرێنەری خـۆت بکەیت بـەر لـەوەی داوی زیوینی ژیانت بپچڕێـت و، جامی زێرینی ژیانت بشـکێت و، گۆزەکەت لە لای کانییەکەوە ورد بێت و، ئاشـەکەت بێ خاوەن بمێنیت و هەڵبوەشـێتەوە و، جەسـتەت ببێت بـە خاکـی زەوییـەک کە لێی دروسـت بوویت و، ڕۆحت تـا هەتایە لـە تاریکی و چارەڕەشـی و بەدبەختی سـەرگەردان بێـت. کەواتە کـوڕی خـۆم لە ڕێگای گوتنی زیکری خـوا و ئەنجامدانی کردەوەی چاکـەوە ڕۆحـی خۆت بگەیەنە بە ئاسـتێکی بـاڵا و نوورانی و وای لێ بکـە بفڕێت.

– کوڕی شیرینم؛ لەخواترسی بناغەی حیکمەت و ئاگاییە و، ناسینی خـوای گـەورە و پیـرۆز دەبێتـە هۆی ئـەوەی کە زانا و گەشـبین بیت، هەروەهـا بیرکردنـەوە لـە ئایەتەکانـی خـودا و چاکـەکاری دەبێتـە هـۆی تەمەنێکـی درێژ و پـڕ بەرەکـەت، بیرکردنـەوە بەر لـە ئەنجامدانـی هـەر کارێـک سـوود و بەرەکـەت و ئارامیـت

پێدەبەخشێت، ئەگەر لە ئەنجامدانی کارکانتدا بیر نەکەیتەوە زیان بە خۆت دەگەیەنیت، ئەوەش بزانە ئەگەر ماڵ و سامانی زۆرت هەبێت بەڵام بیرکەرەوە و خواناس نەبیت هیچ بایەخێکی نابێت و، لە هەر شوێنێکدا بیر و یادی خودا هەبێت تەنانەت نانی وشکیش بەنرخترین خۆراکە.

- کوڕم؛ پشت بەستن بە خوای گەورە دەرمانێکە کە یارمەتیت دەدات بەرگەی ئازارەکان بگریت و، لە کارەکاندا پشوودرێژ و بەهێز بیت و، هەوڵ بدە ئالوودەی ئارەزووی دوور و درێژ نەبیت و، هەرگیز تووسی وەسوەسە نەبیت، چونکە ئارەزووی مەحاڵ و دوور و درێژ دەبێت بە هۆی ئەوەی بیرت تاریک و ڕەش ببێت و، گومڕات دەکات و لەناوت دەبات و، ئەگەر تۆ بەر بە هەڵەکانت نەگریت دڵنیابە هەڵەکانت بەرت پێ دەگرن و، لە هێنانی ناوی خودا و چاکەکاری دوورت دەخەنەوە، باشترین خەڵک ئەو کەسانەن کە لە خۆشحاڵی خەڵکدا دڵخۆش دەبن.

- کوڕم وریا بە! سەبارەت بە داهاتووت بە فیزەوە قسە نەکەیت، چونکە نازانیت لە داهاتوودا چی ڕوودەدات. هەروەها هەرگیز وەسفی خۆت مەکە و تا پێت دەکرێت هەوڵ بدە بە چاکەکردن وا لە خەڵک بکەیت ئەوان وەسفی تۆ بکەن. ڕاوێژ بە خەڵکی ژیر و بڕوادار وەکو عەترێکی بۆنخۆش و دڵڕفێنە. وەک چۆن مێشی مردوو دەتوانێت شوشەیەکی بۆنخۆش پیس بکات؛ ئەوا بێ فکری و بیرنەکردنەوە لە ئەنجامی کارەکانیش دەتوانن لە

Scanned with CamScanner

گەورەیی و کەسایەتیت کەم بکەنەوە.

- کورەکەم؛ تۆ بە کردەوەی چاک و زیکری خودای دلۆڤان دەتوانیت ناوێکی باش بۆ خۆت دروست بکەیت و، ناوی باشیش بۆنخۆشتر و دلڕفێنترە لە باشترین عەترەکان. هەروەها بە کردەوەی چاک و زیکری خوای گەورە دەتوانیت وا بکەیت ڕۆژی مردنت لە ڕۆژی لەدایکبوونت جوانتر بێت. ڕۆیشتنی تۆ بۆ ماڵێک کە تێیدا تازییە دەگێڕن باشترە لە ماڵێک کە تێیدا ئاهەنگ دەگێڕن و، هەمووان سەرقاڵی گوناه کردنن. چونکە دەبێت مرۆڤ هەمیشە ئەوەی لەبیر بێت کە دواجار ڕۆژێک هەر دەمرێت. خەم لە پێکەنین باشترە، چونکە هەرچەندە دەموچاو خەمبار نیشان دەدات، بەلام دەبێتە هۆی پاکژبوونەوەی دل.

- کوڕی خۆم؛ ئەگەر بێت و بەر لە ئەنجامدانی کارەکانت بیر نەکەیتەوە شەیتان لێت نزیک دەبێتەوە، ئەگەر بیرنەکردنەوەت هەمیشەیی بێت دەبێتە هۆی ئەوەی نەزان بیت و دنیا و قیامەتت دەفەوتێت. کوڕم ئەو شتانەی خراپەکاران لە ڕێگای کردەوە و قسە ئەنجامیان داوە وەکو گێژەبا و بە خێرایی لە (بیچم)ی بەلا و کارەسات دەردەکەون و، دەیانخاتە عەزابەوە و، ئەو شتەی چاکەکاران ئەنجامی دەدەن لە (بیچم)ی ئارامیدا دێن و دەیانلاوێنن.

Scanned with CamScanner

- کوڕم؛ پشت بەستن بە خوا ئومێد و کارسازی چاکەکارانە و، بە دڵنیاییەوە ئەنجامەکەی شادی و سەرکەوتنە، بەڵام خراپەکاران کە پێیان وایە هەموو شتەکانیان بە هۆی عیلم و فیکر و تەدبیری خۆیانەوەیە هەرگیز ئاسوودە نابن. خودا باشترین پارێزەرە بۆ چاکەکاران و وەکو قەڵایەکی پارێزراوە و، وەکو سەرابیش خراپەکاران نابوود دەکات. چاکەکاران هەمیشە لە ئاسوودەیی و ئارامیدا دەبن، بەڵام خراپەکاران و ناحەزان هەمیشە لە خەم و عەزاب و ترس و مردندا دەبن.

- کوڕی شیرینم؛ زار و دەمی چاکەکاران هەمیشە پڕە لە حیکمەت و زانایی و ئەزموون و ئارامی و، هیچ چەشنە فریو و فێڵ و مەکری خراپیان بۆت نابێت؛ هەڵبەت بەو مەرجەی بڕوایەکی تەواوت هەبێت. بەڵام زمانی خراپەکاران و دنیا پەرستان هەمیشە پڕە لە فێڵ و فریو، کەواتە کوڕم ئاگادار بە!

- خەڵکی چاکەکار بە قسە و کردەوەیان ئاسوودەییت پێ دەبەخشن، بەڵام زمانی فێڵبازان پڕە لە قسەی ئازاربەخش و هاوشێوەی مار ژەهری هەیە و ئازاربەخشە.

- کوڕم؛ ئەوە بزانە ئەگەر بیر و ئەندێشەت جوان بێت، نوورانییەت و جوانی بە ڕوخسارت دەبەخشێت. هەرچی زیاتر بیر لە هەموو کارەکان بکەیتەوە پتر دەتوانیت بگەیت بە ئامانج، ئەو ئەمەش ئەو کاتەیە کە باشترین چارەسەرەکانت دەست

Scanned with CamScanner

دەکەوێت. هەروەها خۆبەزلزانی و فیز و زیکر نەکردنی ناوی خودا ئافاتێکە بۆ لەناوبردنی عەقڵ و بیری تۆ.

- کوڕی ئازیزم ئاگادار بە! مرۆڤی خۆبەزلزان و لەخۆبایی هێندە مەغرووره کە هەرگیز گوێ لە دەنگی عەقڵ ناگرێت. لەخۆباییبوون بە هۆی عەقڵ و زانیاری و تەدبیر و ڕاوێژنەکردن بە خەڵک لە کارەکاندا جۆرێکە لە نەزانی و گومڕایی.
کەواتە بیرکردنەوە لە کارەکان + زانین و عیلم لە کارەکان + ڕاوێژکردن لەگەڵ خەڵکی ژیری بڕوادار = سەرکەوتن و ئارامی و نوورانییەت و ڕۆح و سلامەتی جەستە.

- کوڕم وریا بە! غەیبەتکردن و زمانلووسی و پاشەملە قسەکردن و، قسەی نەشیاو و بێهۆ، هەم دەبێتە هۆی گەندەڵبوونی ئەو کەسەی قسەکە دەکات و، هەم دەبێتە هۆی گومڕابوونی بیسەرەکەی، کەواتە ئاگاداربە نەچیتە ناو ئەو جۆرە کۆڕانەوە. تەندروستی و سەلامەتی جەستە لە گوتنی زیکری خوا و، کەم خواردن و، بە ڕێک و پێکی نانخواردنە. پڕکردنی بەردەوامی سک، مرۆڤ بەهەڵپە دەکات و، مرۆڤی بەهەڵپە هەمیشە موحتاجە تەنانەت ئەگەر هەموو دنیاش هی ئەو بێت.

- کوڕەکەم؛ هەوڵ بدە بە درێژایی تەمەن و ژیانت لە کارەکانتدا چاوچنۆک و بە هەڵپە نەبیت، چونکە چاوچنۆکی و بە هەڵپەیی تووشی سەرگەردانی و نەخۆشیت دەکات و، هەمیشە لە نەخۆشێک

Scanned with CamScanner

دەچێت کە لە مردن نزیکە، نە چاک دەبێتەوە تاکو بگەیت بە ئارامی و، نە دەمرێت، تاکو لە ڕووی جەستەییەوە ئاسوودە بێت، لە ڕاستیدا مرۆڤی چاوچنۆک و بە هەڵپە هەمیشە نەخۆشە.

- کوڕی خۆم؛ کەسی حەسوود هەمیشە ئازار دەچێژێت و خۆی بە سووک دەزانێت و، بە هۆی ڕق و کینەوە ڕوخساری ناشیرینە و، ئیرەیی وەکو تیرێکە کە لە لایەن مرۆڤە حەسوودەکانەوە دەهاوێژرێت؛ کە سەرەتا خۆیان دەپێکێت، پاشان خەڵک بریندار دەکات. ڕق و کینە و ئیرەیی زیاتر لە میهرەبانی و عیشق و پاکی بەسەر مرۆڤی حەسووددا زاڵە. کەواتە ئاگاداربە کەسانی حەسوود نەبن بە دۆست و هاوبەشت، چونکە تووشی عەزابت دەکەن.

- هەروەها کوڕم وەک چۆن مۆرانە بەرەبەرە بەهێزترین و پتەوترین دارەکان لەناو دەبات؛ ئیرەییش وەکو مۆرانە بیر و ئەندێشەت لەناو دەبات و دڵت (ڕۆح) ڕەش و تاریک دەکات. ئەوەش بزانە خراپترین دوژمن ئەو کەسەیە کە ئیرەییت پێ دەبات. هەڵبەت هەموو ئیرەییەکان و دوژمنییەکان لە ڕێگای چاکەکاری و زیکری خودا و یارمەتی خوای گەورە و یارمەتیدانی هەژاران لەناو دەچێت، هەڵبەت بە فەرمانی خوای گەورە.

- کوڕم؛ بزانە کەسانی پارەپەرست هەرگیز تێر نابن و، بەردەوام لە بیری کۆکردنەوەی پارە و سامانن و، هەرچی سامانەکەیان

Scanned with CamScanner

زیاتـر ببێتەوە خـەرج و خەمەکانیشـیان زیاتـر دەبێتـەوە. پارە و سـامانی کەسی سـاماندار لێناگەڕێت ئاسوودە بژی، بەڵام باشترین سـامان ئەوەیـە کـە بتوانیت ئەو سـامانەی هەتـە بیخەیتە خزمەت خەڵـک و چاکـەکاری و ڕەزامەنـدی خـودا، نەک ئـەوەی لە ڕێگای پـارە و سـامانەکەتەوە تووشـی گونـاه بیـت و ڕۆحت سـووک و سـەرگەردان بکەیت.

- کـوڕی شـیرینم؛ ئەگـەر خـودا پـارە و سـامانی بـە کەسێک بەخشـی، دەبێـت ئەو سـامانە لە ڕێـگای چاکـە و ڕەزامەندیی خوا بەکاربیهێنێـت، ئەگـەر پـارە و سـامانی خـۆی لە ڕێگای باشـەوە بەکارهێنـا؛ ئـەوا بـە درێژایی ژیانی تووشـی خەم و مـەراق نابێت و، هەمیشـە لـە ئاسـوودەییدا دەبێت، بـەڵام ئەو کەسـانەی پارە و سـامانی خۆیان لە ڕێگای خراپە و چێـژە دنیاییەکانەوە بەکاردێنن؛ سـامانەکەیان تەمەنیـان بێهـوودە و باتڵ دەکاتـەوە و، بە درێژایی تەمـەن و ژیانیـان لـە کۆرپەلەیەکـی لەبارچـوو دەچـن کـە بێهۆ لەدایـک دەبێـت و، دەچێتە نـاو تاریکییەوە و، هیچ ناو و نیشـانێکی لـێ بـە جـێ نامێنێـت و، چـاوی ناکەوێتـە هەتـاو و، ئـاگای لە هەبوونـی خۆرەتاو نییە، بەڵام سـەرەڕای ئەمەش ئاسـوودەییەکی زیاتری هەیە و، ئاسـوودەیی ئەو زیاترە لە کەسـێک کە ساڵەهای سـاڵ ژیـاوە و، هەموو هـەوڵ و تێکۆشـانەکانی بۆ چێـژە پووچە دنیاییـەکان بووە. کەواتە ئەو سـاماندارەی سـامانێکی زۆری هەبێ و لـە ڕێـگای گوناهـکاری و چێـژە بێهـۆکان خەرجـی دەکات؛ چ جیاوازییەکـی لەگەڵ کەسـی هـەژار و نەزانـدا هەیە.

Scanned with CamScanner

- کوڕم؛ باشتر وایە مرۆڤ بەو شتەی هەیەتی قانع بێت نەوەک بەردەوام لە حەسرەتی بەدەستهێنانی شتێکدا بێت کە نییەتی.
هەروەها کێ دەزانێت لەم تەمەنە کورت و کاتییەدا کە هاوشێوەی سێبەر بزر دەبێت چی بۆ مرۆڤ باش و بەسوودە. هەروەها کێ دەزانێت چەند ساڵ دەژیت و لە ژێر ئاسمانی شیندا چی ڕوو دەدات. کەسێک بەردەوام بیری لە ڕابواردن و تێپەڕکردنی کات بێت نەزان و جاهیلە و، کەسی زانا بیر لە چاکەکاریی بۆ دوای مردن دەکاتەوە و، مرۆڤی نەزانیش بیر لە بێهوودەیی و ڕابواردن دەکاتەوە.

- کوڕم؛ گوێگرتن لە ستایشی گەمژەکان وەکو خراپەکاری بێهودەیە. هەروەها پێدان و وەرگرتنی بەرتیل کەسی زانا نەزان و بێنرخ دەکات و، دەبێتە هۆی ئەوەی دڵی گەندەڵ و ڕەش ببێت. هەروەها بیرکردنەوە و حیکمەت و زانایی و گوتنی زیکری خودا و چاکەکاری لە هەموو سامانێک بەنرختر و بەسوودترە.

- کوڕی خۆم؛ بەسەر توورەیی خۆتدا زاڵ بە، چونکە توورەیی تێکت دەدات و، توانای تێگەیشتنت لەناو دەبات. هەروەها حەسرەتی ڕۆژانی ڕابردوو مەخۆ و، بیر لە داهاتوو مەکەوە و، هەموو کارەکانت بسپێرە دەستی خودا. زانست و سامان هەردووکیان پێکەوە بەسوود و بەبایەخن، بەڵام سامان کاتێک بەسوودە کە لە کاتی بەکارهێنانیدا کەڵک لە حیکمەت و زانست و بیرکردنەوە و چۆنیەتی باش بەکارهێنانی وەربگیرێت. کەواتە

کاتێک بەختەوەری ڕووت لێ دەکات کە لە کارەکانتدا تێبکۆشیت و، سامان و داهاتی خۆت لە ڕێگای ڕەزامەندیی خودا و چاکەکاری بەکار بهێنیت.

- کوڕم ئاگاداربە! جگە لە ڕێگای حەڵاڵەوە نابێت لە ژنان نزیک نەبیتەوە، چونکە لە گەورەترین گوناهەکانە و، هەم لە دنیا مرۆڤ سووک دەکات و، هەم لە دنیای پاش مردنیش تووشی گەورەترین عەزابەکانی دەکات. کەواتە وریا بە! ژنانی سۆزانی و زیناکار زۆر فێڵبازن و، فێڵبازیی ئەوان تاڵترە لە خراپترین جۆری مردن و، پیاوان تووشی خراپترین دۆخ دەکەن و، قۆڵەکانی ژنی زیناکار وەکو کەمەند پیاوان بەند دەکات، هەروەها ئەگەر کەسێک بە شوێن ڕەزامەندی خوداوە بێت بە دڵنیاییەوە ڕزگار دەبێت، بەڵام مرۆڤی گوناهکار گرفتار دەبێت. کوڕم چەند باشە ئەگەر مرۆڤ زانا بێت و بەر لە کردنی هەر کارێک بیر بکاتەوە و، فەرمانەکانی خودای گەورە کە لە ڕێگای کتێبە ئاسمانییەکانەوە نازڵ بوون جێبەجێی بکات و، سەرپێچی لە فەرمانەکانی خودا نەکات.

- کوڕەکەم؛ قسەی کەسانی ئیماندار و ژیر دڵنشینە و پڕە لە ئارامی و ئەزموون، بەڵام قسەی کەسانی نەزان دەبێتە هۆی فەوتانی خۆی و ئەو خەڵکانەی کە پشتگیری لێ دەکەن. سەرەتای قسەی کەسی نەزان گەمژەییە و کۆتاییەکەی شێتی و گومڕایی و تاریکی و چارەڕەشییە. مرۆڤی نەزان تەنانەت لە ئەنجامدانی

Scanned with CamScanner

بچووکترین کاریشدا گۆشەگیر و ماندوو دەبێت. هەروەها کورم بە دەستکراوەیی و گەورەیی و بە بڕوایەکی تەواو سامانەکەت لە ڕێگای خودا خەرج بکە و، دڵنیابە خوا لە بەرامبەردا چەند قات پێت دەبەخشێتەوە. وەک چۆن نازانیت چۆن باران دەبارێت و، با چۆن شنەی دێت و، جەستەی منداڵ چۆن لەناو سکی دایکیدا دروست دەبێت؛ کەواتە ناشتوانیت لە کارەکانی خودا کە ئافرێنەری هەموو شتێکە تێبگەیت و تەنیا دەتوانیت بە سەبر و چاکەکاری و زیکری خودا تۆسقاڵێک لە حیکمەتەکانی خودا ببینیت؛ هەڵبەت بە پشوودرێژی و تێپەڕینی تەمەن.

- کوڕی ئازیزم؛ بزانە کە ئەگەر خودا عەقڵت لێ بستێنێتەوە و تەواویی گۆی زەوی پڕ بێت لە سامان و ئاڵتوون و هی تۆ بێت، بەکەڵکی هیچ نایەت و، زۆر زوو سامانەکەت لەناو دەچێت. کوڕم عەقڵ هێزێکە بانگهێشتت دەکات بەرەو چاکەکاری و، عەقڵ لە سەرووی تەندرووستییەوەیە. چونکە دەتوانیت بە عەقڵ تەندروستی بەدەست بهێنێت و، کەسی عاقڵ تەنیا بۆ خۆی ناژی، بەڵکو بۆ خێر و سەلاحی کەسانی دیکەش دەکۆشێت.

- کوڕەکەم؛ ئەوە بزانە کە دەسەڵات و دەوڵەمەندی بەر لە هەموو کارێک پەیوەندی بە ئەندێشە و بیرکردنەوەوە هەیە، ئەگەر بێ ئەوەی بیر بکەیتەوە دەست بۆ هەر کارێک ببەیت شکست دەهێنیت و، بیرکردنەوەت دوای دۆڕان هیچ سوودێکی نابێت. عەقڵ و ئەندێشە ئەگەر لە کاتی خۆیدا بێت و، بەر لە ئەنجامی

Scanned with CamScanner

هــەر کارێــک بێــت لە زێــڕ بەبایەختــرە. مرۆڤــی ژیر هەمیشــە لە ئەزمــوون و شکســتی خەڵــک ئەزمــوون وەردەگرێــت و، ژیر ئەو کەســەیە کە خۆی بــە بیرکردنــەوە و عەقڵ پــەروەردە کردووە و، هەمیشــە لە کارەکانیدا ســەرکەوتووە.

- کــوڕم؛ هــەوڵ بــدە هەمیشــە لە هەمــوو کارەکانتدا عاقــڵ بێت و بیــر لە ئەنجامی کارەکانــت بکەیتەوە و، هەوڵ بدە لەگەڵ کەســانی نــەزان و لەخۆبایــی ڕاوێژ نەکەیت. چونکە کەســانی نــەزان خۆیان بــە عاقــڵ دەزانــن و هیچــکات ڕاوێــژ ناکــەن، هــەوڵ بــدە لەگەڵ کەســانی ژیــردا ڕاوێــژ بکەیــت. کەســانی ژیر ئــەو کەســانەن کە لــە هەمــوو بوارەکانــدا بیــر دەکەنــەوە و، کەمتــر قســە دەکەن و، بــەردەوام بیســەرن و، لــە ڕێگای بێدەنگــی و گوێگرتنــەوە هەموو ئەزموونەکانــی خەڵکانــی تــر وەردەگــرن بێ هیــچ زیانێک.

- کــوڕی شــیرینم؛ ئــەوە بزانــە هیچ ســامانێک نییە لە ســەرووی عەقڵــەوە بێت و، ئەگەر تۆ یەکێک بێت لە دەوڵەمەندترین کەســەکان و عەقڵ و ئەندێشــەت نەخەیتــە کار بۆ ئەنجامدانــی کارەکانت هەر زوو تووشــی چارەڕەشــی و لەناوچوون دەبیتەوە، هەروەها ئەگەر تەنانــەت یەکێــک بێت لــە هەژارترین خەڵــک، بەڵام بــۆ ئەنجامدانی کارەکانــت کەڵــک لــە ئەندێشــە و ئەقڵــت وەربگریــت؛ دڵنیابە زۆر زوو هــەم لــە ڕووی ماددییــەوە و هــەم لــە ڕووی مەعنەوییــەوە سەردەکەویت.

- کوڕی خۆم؛ باشـترین هاوڕێیەکانت ئەو کەسـانەن کە وتەکانیان وات لێ بکات زانسـت و ئاگاییت گەشـە بسـتێنێت و، هەوڵ بدە بیر لـە ئافرێنراوەکانی خودا بکەیتەوە کە لە سروشـتدان و، تامەزرۆی زانیـن و تێگەیشـتنیان بـە، چونکـە ڕزگاری لـە بیرکردنـەوە و زانایـی و ئاگایی سـەبارەت بە ئافرێندراوەکانی خودایە و، ناسـینی ئافرێنراوەکانی خودا عیبادەت و ناسـینی خودایە، لەم ڕێگایەشـەوە دەتوانیـت لە دەسـتەڵات و گەورەیی خودای گـەورە تێبگەیت.

- کـوڕی ئازیزم؛ وەکـو گەورەترین چەکی دەسـت و گەورەترین ڕچەشـکێن و پارێـزەری گیان و ڕۆحت سـەیری ئەندێشـەت بکە، وریابـە بیرکردنـەوەت دەتوانێـت لـە جەسـتەت تێپەڕێـت و کاری چاکـە بـکات، جەسـتەی تۆ بە تەواوی لـە ژێر ڕکێفـی بیرکردنەوە و ئەندێشـەی تۆدایـە، هـەر بۆیە ئەگـەر بەر لە هەمـوو کارێک بیر بکەیتەوە دەتوانیت بە باشـترین شـێوە کارەکانت ئەنجام بدەیت و، هەمیشـە سـەربکەویت و بەردەوام لە ئاسـوودەییدا بیت.

- کوڕەکـەم؛ کاتێـک کاری چـاک دەکەیـت و بـەردوام بیـر لـە ئافرێندراوەکانـی خـودا دەکەیتەوە و، سـەرقاڵی زیکـری خودایت؛ خـوداش لەگەڵتدایـە و، کاتـێ خـودات لەگـەڵ بێـت هیـچ خەمێک ئـازاری جەسـتە و ڕۆحت نـادات و، ڕۆژانی ژیانـت بێزارکەر نابن و، هەرگیـز لـە تەنیایی وەڕەس نابیـت و، چێژ لـە تەنیایی دەبەیت و، هەمیشـە لـە ژیـان و زیکری خوا چێـژ دەبینیـت، هەروەها چێژ لـە سـەیرکردنی ئەسـتێرەکانیش دەبینیت.

Scanned with CamScanner

- کـورِم؛ تـۆ لەنـاو بیر و هـزری خۆت و لـە کاتی زیکـری خودا داوا لـە خـودا بکە و بڵێ: خودایـا عەقڵ و ئەندێشـەم نوورانی بکە تاکـو لـە ڕێگای ڕاسـتی ژیـان تێبگـەم و، دڵێکم پێ ببەخشـە تاکو میهرەبانی و چاکە و ڕاسـتی بە مرۆڤەکان ببەخشـم. هەروەها بڵێ: خودایا بارانی بەخششـی نوورانییەت بە سـەر عەقڵ و ئەندێشەمدا ببارێنـە و، لـە کاتەکانـی تەنیاییمـدا ببـە بە هـاودەم و هـاوڕێ و هاونشـینم، چونکـە پشـتم بە تۆ بەسـتووە و هیوام تەنیـا بە تۆیە، هـەر بۆیە هیوا بـڕوام مەکە و، چاوم لە بەخششـی بـێ برانەوەی تۆیە.

- کـوڕی خۆشەویسـتم؛ گوتنـی زیکـری خـودا لە ڕێـگای فیکر و ئەندیشـەوەیە. داوا لـە خودای گەورە بکە و پێـی بڵێ: ئەی خودای عالەمیـان و، ئـەی میهرەبانترینی میهرەبانان، بە یادی خۆت سـاتە ناوازەکانـی گەنجیم نوورانی بکەوە و، لە هـەر بەرزی و نزمییەکدا و، لـە هەموو سـاتەکانی ژیاندا یارمەتیم بدە. ئـەی دوورخەرەوەی خەمـەکان تەنیـا هانا بۆ تۆ دێنم، لە شـەڕی بێ فکـری و هەڵەکانم. ئـەی ڕووناککەرەوە، سـاتەکانی گەنجیم بـە بیرکردنەوە و عەقڵ و ئەندێشـەی بالا بـەرز ڕووناک بکەوە.

- کـورِم؛ کاتـێ ڕۆدەچیتـە نـاو قوولایـی بێدەنگییـەوە جوانـی د ئارامیـی ڕۆح ئەزمـوون دەکەیت و، کاتێک دەچیتە قوولایی بێدەنگی و زیکری خوداوە هەموو ترسـەکانت لەناو دەچن و، گوتنی زیکری خـودا لەنـاو بێدەنگیدا لە ڕادەبـەدەر جوانە. کاتێک تۆ لـە بێدەنگیدا

زیکری خـودا دەکەیت پەیوەسـت دەبیت بـە نوورانییەتی خودا و، پێخۆشـە هەمیشـە لەو خەڵوەتـەدا بیت و، لێوانلێـو بیت لە زیکری خـودا و نوقمـی ڕووناکی ژیانبەخشـی خودا بیت.

- کـوڕی خـۆم؛ ئـاوازی دەنگی ئەو دڵـەی لە حاڵی وتنـی زیکری خودایـە دڵڕفێـن و ئارامبەخشــە و، بیـر و ئەندێشــەی خودایـی، بانگێکـی نـاوازە و دڵڕفێنــە. کـوڕم ناتوانیـت خۆت لە هاونشـینی خەڵـک بدزیتـەوە، بەڵام پەیوەنـدی لەگەڵ خەڵـک بەختەوەریت پێ نابەخشـێت و، گەشـە بـە ڕۆحت نـادات. تاقە بەختـەوەری ئەوەیە لەگـەڵ مرۆڤـی خودانـاس و خوداتـرس پەیوەندیت هەبێـت و، بیر و ئەندێشـەیەکی خودایـی و، زیکـری خودا بەختـەوەری لە ڕۆح و جەسـتەی تـۆدا جاری بێـت و، ڕۆحـت نوورانی بێت و ئاسـوودە بیت .

- کـوڕم وریـا بـە! هـەر کاتێـک ویسـتت ژن بهێنیـت هـەوڵ بدە زانیـاری تـەواو لەسـەر ئەو کەسـە بەدەسـتبهێنیت کـە دەتەوێت لەگەڵـی بژیـت و، هێنـدە باش بیناسـیت کە ژیانی هاوبـەش لەگەڵ ئـەو چێژبەخـش بێـت بـۆت. هەروەهـا ژنێک بێنـە کە لـە هەموو لایەنەکانـەوە لـە تۆ بچێـت و، هەمـوو تایبەتمەندییەکانـی لە پێش چـاوی خۆت و خەڵکەوە پەسـەند بێت. هاوسـەری بـاش و ژیر و لەخواترس باشـترین یـاری ژیانە.

Scanned with CamScanner

- کوڕی شیرینم؛ ئەوە بزانە بێدەنگی بۆ کەسی زانا و نەزان بەبایەخە، چونکە بێدەنگی عەیبی نەزان دەشارێتەوە و کەسی دانا گەورەتر دەردەخات. کەواتە کوڕم لە هەموو بوارەکانی ژیاندا یان بە وردی و ژیرانە بدوێ، یان بێدەنگی هەڵبژێرە. چونکە ئەگەر بە وردییەوە قسە بکەیت وشەکانت دڵڕفێن دەبن. یان ئەگەر قسەیەکت نییە بۆ گوتن بێدەنگ بیت باشترە لەوەی بێهودە قسە بکەیت.

- کوڕم؛ ئەوە بزانە ئەگەر بە درێژایی تەمەنت بێدەنگ بیت و خەڵک داوات لێ بکەن قسەیان بۆ بکەیت؛ باشترە لەوەی بەردەوام قسە بکەیت و قسەکانیشت بێهودە بن و، خەڵک ئازار بدەیت و، خەڵک داوات لێ بکەن بێدەنگ بیت، کەواتە هەوڵ بدە بەر لەوەی قسە بکەیت بە وردی و بیرکردنەوە و ژیرانە قسە بکەیت و، ئەوەش بزانە کەمت پێ بێت و زۆر قسە بکەیت وەکو ئەوە وایە هەژار بیت و پارەی زۆر خەرج بکەیت.

- کوڕی ئازیزم؛ باشترین و بەسوودترین شتێک کە دەتوانێت مرۆڤەکان بگەیێنێت بە کەماڵ، کاتە. هەرچی زاناتر بیت کات بەنرختر دەبێت. بەفیڕۆدانی کات گرانترین خەرجییەکانە و، مەرگ زۆر بە خێرایی لێت نزیک دەبێتەوە؛ کەواتە باشتر وایە بە باشترین شێوە لە کاتەکەت کەڵک وەربگریت. هەوڵ بدە خۆت بە چاکەکاری و گوتنی زیکری خوداوە سەرقاڵ بکەیت، چونکە کات کەمە و مرۆڤی ژیر هەل و کات دەکات بە داهاتوویەکی چاک و پڕ بەختەوەر.

Scanned with CamScanner

- کوڕی شیرینم؛ هیچ جوانییەک لە بیرکردنەوە و ئەندێشە باشتر نییە و، هیچ سامانێکیش باشتر و بەهێزتر لە عەقڵ نییە و، بیرکردنەوە بناغە و ئەساسی عەقڵە و، ئەو کەسانەی لە کارەکانیاندا ژیرانە بیر دەکەنەوە هەرگیز تووشی شکست نابن. هەروەها هەر چەشنە کردەوە و قسەیەک لە ڕێگای عەقڵەوە شیبکەرەوە و بە وردی سەرنجی هەموو لایەنەکانی بدە؛ ئەوسا بۆتان دەردەکەوێت کە ئایا ئەو کارە بکەیت یان نا.

- کوڕەکەم؛ ڕێگای ژیان پڕە لە لەمپەڕ و کێشەی زۆر، تەنیا ئەو کەسە دەتوانێت لەم ڕێگا پڕ مەترسییەوە تێپەڕێت کە لە کارەکانیدا بیر بکاتەوە و، پشت بە خوا ببەستێت و، ڕۆح و جەستەی پڕ بێت لە هیوا و، نائومێدی دزە نەکاتە ناخیەوە و، لە کارەکانیدا تێبکۆشێت، نەک ئەوەی چاوەڕێی بەخت و شانس بکات. دانا کەسێکە وا لە کارەکانیدا بیر بکاتەوە و، بۆ سەرکەوتن پشت بە کۆششی خۆی دەبەستێت، بەڵام کەسێک کە نەزان بێت هەمیشە پشت بە ئارەزووی مەحاڵ و نامومکین دەبەستێت.

- کوڕی خۆم؛ هیوا نیوەی بەختەوەرییە. ئومێدەواری و هیوا لە کار و ژیاندا زۆر گرنگە و، لە باڵی باڵندە دەچێت کە چەند بۆ فڕین پێویستە. ئومێد و ئومێدەواری بەخشش و نیعمەتێکی گەورەیە. ئەگەر ئومێد و ئومێدەواری نەبوایە هیچ دایکێک شیری بە منداڵەکەی نەدەدا و، هیچ باخەوانێک داری نەدەچاند. کەواتە کوڕم؛ ئومێدت بە دنیای دوای مردن هەبێت و ،بەردەوام چاکەکاری بکە و، هیوای خۆت لەدەست مەدە.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆشەویستم؛ بڕوا و عیشق بەرامبەر بە خودا دڵەڕاوکێ و نائومێدیت لێ دوور دەخاتەوە و، وەکو ڕووناکییەکە کە تاریکی لەناو دەبات.

تەنانەت ئەگەر تەنیا ساتێک بیر لە خودا بکەیتەوە ترست لە دڵدا نامێنێت و، بیرکردنەوەت دەبێتە هۆی ڕزگار بوونت لە کارەکاندا، بەڵام ئەگەر بێت و بۆ ساتێک لە خودا دوور بکەویتەوە و هیچ ئەندێشەیەک لە تۆدا بوونی نەبێت؛ ترس هەموو گیانت داگیر دەکات و، دەبێت بە هۆی لەناوچوونت.

- کوڕم؛ ئەوە بزانە دووری لە کەسانی بەدفەڕ و بێبڕوا دەلاقەیەکە کە بە ڕووی بەختەوەریدا دەکرێتەوە، هەر بۆیە هەمیشە هەوڵ بدە زمانت لە ژێر ڕکێفی عەقڵتدا بێت و، قسەی گونجاو و ژیرانە بکەیت و، هەوڵ بدە هەرگیز لێنەگەڕێیت زمانت بەر لە ئەندێشەت بجووڵێت. هەوڵ بدە لە کاتی قسەکردندا قسەی بێهودە نەکەید و، مەڕوانە بۆ ئەوەی بزانیت چ کەسێک قسە دەکات، بەڵکو سەرنج بدە بزانە چی دەڵێت!

- کوڕی خۆم؛ مرۆڤ هەمیشە نیوەی بەتاڵی پەرداخەکە دەبینێت و، تەرکیز دەخاتە سەر ئەو شتانەی کە نیەتی و، چێژ لەو شتانە نابینیت کە هەیەتی. بەڵام تۆ هەوڵ بدە لەو شتانەی خودا پێی داویت ڕازی بیت و، بۆ ئەو شتانەش کە دەتەوێن ئارام و خۆڕاگر بیت و، هەرچییەکت لە دڵەوە بوێت لە خودای داوا بکە و، دڵنیابە لە ڕێگای سەبر و پشت بەستن بە خودا مرازت حاسڵ دەبێت؛ هەڵبەت ئەو مرازانەی خودا بۆ تۆ بە باشی دەزانێت.

Scanned with CamScanner

- کوڕەکەم؛ هەوڵ بدە هەرگیز خێرا و بە پەلە قسە نەکەیت و، بەردەوام بە نەرمییەوە بدوێیت. کەسێک کە بە نەرمی و هێمنی قسە دەکات هەم خۆی لە ئاسوودەییدایە و، هەم خەڵک دەخاتە ئاسوودەیی و متمانەوە. هەمیشە ئاگات لە زمانت بێت، چونکە خەڵک سەرەتا سەرنجی قسەکانت دەدات؛ ئەوسا بڕیار لەسەر کەسایەتیت دەدات. هەوڵ بدە بە باشترین شێوە زمانت و ئەو وشانەی لە زارت دێنە دەرێ هەڵیبژێریت، چونکە کە وشەیەک لە زارت دەرچوو ئیتر ناگەڕێتەوە. هەروەها هەوڵ بدە یان بە دروستی قسە بکەیت یان ژیرانە بێدەنگی هەڵبژێریت، چونکە قسەکردن لە کاتی پێویستدا گەورەترین سەرکەوتنەکانە.

- کوڕی شیرینم؛ ئەو کەسانەی هەرچییەک دەکەن یان بۆ گەیشتن بە چێژە یان بۆ ڕزگار بوون لە ئازارەکان، بەردەوام هزر و ئەندێشەی خۆیان بۆ چێژ و خۆشییە پووچەکانی دنیا بەکاردەهێنن، نازانن هەر ئەم چێژە پووچە دنیاییانەن کە دەبن بە هۆی نائارامی و عەزابیان. کەواتە کوڕم ئەوە بزانە تەنیا هزرێکی خودایی دەکەوێتە ناو ئارامییەوە، بۆیە هەوڵ بدە هزری خۆت لە ڕێگای زیکری خوداوە، خودایی بکەیتەوە.

- کوڕی ئازیزم؛ ئەوە بزانە ژیان دژوارە، لە ڕادەبەدەر دژوار و تاقەتپڕووکێنە، لەم ڕێگا پڕ مەترسییەدا کێشەکانت دانە و دووان نین و، ئارەزووە دەروونی و ڕووداوە دەرەکییەکان گەورەترین کێشەکانت بۆ دەهێنەوە و، داوێکی ئاڵۆز لە ژیانتدا

Scanned with CamScanner

دروست دەکەن. بەڵام دڵنیابە، ئەگەر تۆ هەوڵ بدەیت هەمیشە لە ژیانتدا سەرقاڵی بیرکردنەوە و زیکری خودا و چاکەکاری بیت؛ کێشەکان نایەنە ناو ڕێگات و دەتوانیت بە ئاسانی لە سەفەری ژیان بەردەوام بیت.

- کوڕم؛ زەمان گرنگترین و بەنرخترین شتێکە کە مرۆڤێک دەتوانێت سوودی لێ ببینێت و، هەرچی زاناتر بێت بەفیڕۆدانی کات گرانتر دەبێت بۆت و، کات بەنرخترین نیعمەتێکە کە دەتوانیت لە ژیانتدا هەتبێت. کەواتە هەوڵ بدە کاتی خۆت لە ڕێگای ڕەزامەندی خوا و چاکەکاری و نوورانیکردنی ڕۆحی خۆتەوە بەکاریبهێنیت؛ دەنا زۆر زیان دەبینێت و ڕۆحت تاریک دەکەیت و دەکەویتە عەزابەوە.

- کوڕی خۆم؛ هیچ چارەیەک بۆ لەدایکبوون و مردن نییە؛ کەواتە باشترە بە درێژایی ژیان باشترین کەڵک لە کات و تەمەنی خۆت وەربگریت. ئەم دنیایە فانییە و زوو کۆتایی پێدێت، دواجار هەر ڕۆژێک کۆتایی پێدێت. دەوڵەمەند بێت یان نا هیچ جیاوازییەکی نییە، لەم دنیا فانییەدا دەوڵەمەند تەنیا جەستەی لە ئاسوودەییدایە، بەڵام دەوڵەمەندی ڕاستەقینە کەسێکە وا لەم دنیایەدا بە چاکەکاری و گوتنی زیکری خوا و لە ڕێگای ڕەزای خوادا تێبکۆشێت. تاکو ڕۆحی لە دنیایەکی تردا لە ئاسوودەییدا بێت.

Scanned with CamScanner

- کوڕی ئازیزم؛ تاقە سامانی بەنرخی تۆ بە درێژایی تەمەنت لەم دنیا فانییەدا؛ تەنیا کاتە، ئەگەر کات تێپەڕێت هەرگیز ناتوانی بەدەستی بهێنیتەوە، ئەو کەسانەی بە درێژایی تەمەنیان هەموو کارەکانیان بە دروستی و چاکەکاری دەکەن، ئەو کەسانەن کە کات و ژیانی خۆیان دەکەن بە باشترین سەرمایە، هەڵبەت نەک سەرمایەیەک کە لەم دنیایەدا ببێت بە مایەی چێژ و ڕابواردن؛ بەڵکو سامانێک کە لە دنیای دوای مردن ڕۆح بخاتە ناو ئارامی و ئاسوودەییەوە و بیباتە بالاترین پلەوە.

- کوڕەکەم؛ هەوڵ بدە پێنج شت هەن کە باشترە بەر لە ئەزموونکردنیان بە باشی نرخیان بزانیت.

١. گەنجیەتی بەر لە پیری و نەتوانایی و سستی.
٢. تەندروستی بەر لە نەخۆشی و ڕەنج و عەزاب.
٣. بێنیازی بەر لە هەژاری و دەستکورتی و سەرشۆڕی.
٤. ئاسوودەیی و ئارامی بەر لە گرفتاری و دەرماندەیی.
٥. ژیان بەر لە هاتنی مردن و لەناوچوون.

- کوڕی خۆم؛ لەگەڵ هەژارترین مرۆڤەکان وا هەڵسوکەوت بکە و هێندە بە ڕێزەوە لەگەڵیان مامەڵە بکە وەک ئەوەی بڵێیت لەگەڵ دەوڵەمەندێکدا مامەڵەت کردووە. هەروەها لەگەڵ هەژارترین و تەنانەت دەوڵەمەندترین خەڵکدا وەکو یەک مامەڵە بکە، چونکە بەڕێزترین کەسەکان لە پێش چاوی خودا بە تەقواترین و چاکەکارترینەکانن، نەک دەوڵەمەندەکان، لە دنیای پاش مردنیشدا

هــەر کەســێک بە پێــی ئــەو کارانــەی کردوویەتــی دەناســرێت و پاداشــت وەردەگرێت، نەک بە پێی ئەو شــتەی بــە درێژایی تەمەنی کــۆی کردووەتەوە.

- کوڕی شــیرینم؛ بە شــێوەیەک داهــات و گوزەرانی خــۆت دابین بکــە کــە نەبێتــە هۆی بڕینــی داهاتی کەســێکی تــر و، هەرگیز لای ئــەو کەســانەی زۆر لــە خــۆت دەوڵەمەندتــر یــان زۆر هەژارترن باســی پــارە مەکــە، چونکــە ئەگەر لای کەســی دەوڵەمەند باســی پــارە بکەیــت پێیوایــە پێویســتت بە پارەیــە و، ئەگەر لــە بەرچاوی کەســی هەژار باســتکرد پێیوایە پارە و ســامانی خۆت دەنوێنیت و زۆر دڵســارد دەبێتــەوە و خــەم دەخوات.

- کــوڕی ئازیــزم؛ تۆ هەرگیــز ناتوانیت بە پارە هــاوڕێ و هاودەم بکڕیــت، بــەڵام ئــەوە بزانە بە چاکــەکاری و هەڵســوکەوتی چاک و قســەی چــاک دەتوانیــت هەموو دنیــا بکەیت بە هاوڕێ و دۆســتی خــۆت . دوو کەس باشــتر لــە مانای هەژاری تێدەگــەن، یەکەم؛ ئەو هــەژارەی دەوڵەمەنــد بــووە و، دووەم ئــەو دەوڵەمەنــدەی هەژار کەوتــووە. ئــەوەش بزانــە لــە ژیانــدا ســامان هەموو شــتێک نییە و، بەختــەوەری راســتەقینە لــە کۆکردنەوەی ســاماندا نییــە، بەڵام زۆربــەی خەڵک تووشــی ئــەم هەڵە گەورەیــە دەبــن و، پێیان وایە ســامان هەمــوو شــتێکە، هــەر بۆیــە هەمــوو تەمەنی خۆیــان لەم ڕێگایــەدا ســەرف دەکــەن و، ناشــزانن بــەم کارە ڕۆحیــان لێڵ و تاریــک دەبێت.

- کوڕم؛ ئەوە بزانە میهرەبانی و قسەی چاک و ئەدەب، پارەیەکی زۆری ناوێت، بەڵام دڵنیابە دەبێت بە هۆی ئەوەی هەموو شتێک بێت بۆ لای تۆ و، تۆ دەکاتە هاوبەشی ماڵی خەڵک. کوڕم هەر شتێک زۆر بوو نرخی نامێنێت، بەڵام زانست و عیلم و گوتنی زیکری خودا و چاکەکاری هەرچی زۆرتر بن ئازیز و پیرۆز دەبن و، کەسێکیش دەتوانێت سوود لە زانست و عیلمی خۆی ببینێت کە بە کردار کەڵک لەو زانستە وەربگرێت و، دەبێت هەوڵ بدات کاتێ کە ئامۆژگاری خەڵک دەکات خۆیشی ئەو کارانە ئەنجام بدات.

- کوڕەکەم؛ جێگای عیلم و زانستی پاکژی ئیلاهی لە دڵەکاندایە و، تۆ هەوڵ بدە بۆ گەیشتن بە کەماڵ فێری عیلم و زانست بیت نەک ئەوەی ئەو زانستە بۆ گاڵتەکردن یان مشتومڕ لەگەڵ خەڵک بەکاربهێنیت. کەواتە بۆ ئەوەی عیلم و زانستت پەرە بستێنێت هەوڵ بدە لەگەڵ کەسانی ژیر ڕاوێژ بکەیت و، پرسیان پێ بکەیت و، بۆ تێگەیشتن لە هەر شتێک لە کەسانی ژیر و لەخواترس یارمەتی وەربگریت و، سەبارەت پێی پرسیار بکەیت و، هەرچی زیاتر بیربکەیتەوە پتر فێری هەموو چەشنە زانستێک دەبیت. باشترین بەندەکانی خودا ئەو کەسانەن کە بەردەوام خەریکی بیرکردنەوە و ئەندێشە و زیکری خودان.

- کوڕم؛ هەوڵ بدە لەگەڵ خەڵک بە ئەدەبەوە مامەڵە بکەیت و، ڕێز لە هەموو ئافرێندراوەکانی خودا بگریت و، هەرگیز ئیرەیی

Scanned with CamScanner

بە کەسێک مەبە. خووە ناشیرین و خراپەکان بەتایبەت توورەیی و غەزەب لە خۆت دوور بخەیتەوە و لێی مەگەڕێ ڕەفتارت خراپ بێت. هەڵسوکەوتی چاک و باش لە ئاوی باران دەچێت کە دەبێتە هۆی زیندووبوونەوە و گەشە و پشکەوتنی هەموو ڕووەکەکان. کەواتە تۆش هەوڵ بدە وەکو باران خاوێنکەرەوە و ژیانبەخش بیت.

- کوڕی خۆم؛ ئەو کەسانەی و بیبڕوان لە دەفری قوڕین دەچن و زوو دەشکێن و، زۆر بە سەختی پێکەوە دەلکێن و هاوڕێیەتی و هاتوچوون لەگەڵ کەسانی بە ئابڕوو و بڕوادار باشترین بەهێزکەرەوە و، نوورانیکەرەوەی ڕۆحی مرۆڤن، چونکە ئەخلاقی باش لەو نوورە دەچێت کە بۆ هەموو شوێنێک شەوق دەداتەوە و، چوار دەوری خۆی ڕووناک دەکاتەوە. هەڵسوکەوتی باش بۆ مرۆڤەکان لە باڵی باڵندە دەچن؛ کەواتە هەوڵ بدە باڵی خۆت بەهێز بکەیت.

- کوڕی شیرینم؛ بە درێژایی تەمەنت و ئەو ماوەیەی دەژیت دەبێت لێبوردە و بەخشندە بیت و، لە هەموو کەسێک ببووریت و، داوای لێبوردنیان قەبووڵ بکەیت. هەروەها بە شێوەیەکی باش ژنان لەبەر ئەوەی لاوازن، چاکەکاران لەبەر ئەوەی مەبەستێکی خراپیان نییە و خراپەکاران لەبەر ئەوەی بەدبەخت و چارەرەشن، ئەگەر لە کارەکانتدا هەڵەیەکیان کردووە، ئامۆژگارییان بکە و، ئەوە بزانە بالاترین بەخششەکان گەیاندنی حەقە بە خاوەن حەق.

- کورم؛ کاتێک کەسانێک خراپەت لەگەڵ دەکەن و پاشەملە باستدەکەن، هەوڵ بدە قسەکانیان پشتگوێ بخەیت، ئەگەر بینیت بەرامبەر بە تۆ خراپە و ستەم دەکەن ئیهمالیان بکە. ئەگەر تۆ ئەو قۆناغە دژوارانە تێبپەڕێنیت ئەو کاتەیە کە ئیتر تۆ لە دەستی زمانی خەڵک و، خەڵک لە زمانی تۆ پارێزراوە. ئەم تایبەتمەندییانە باشترین و گەورەترین تایبەتمەندییەکانن کە تۆ بەخشش و لێبوردەییت هەبێت بەرامبەر بە داگیرکردن و بەخششت هەبێت لە کاتی دەستکورتیدا و، لێبوردە و میهرەبان بیت لەکاتی بەهێزیدا.

- کوڕەکەم؛ بەخشش و دەست و دلکراوەیی لە زۆر بەخشیندا نییە، بەڵکو لە بەخشین لە کاتی پێویستدایە. هەوڵ بدە لە ڕێگای میهرەبانییەوە تووڕەیی لەناو ببەیت و، بە چاکەکردن خراپە و، بە بەخشین ئازار لەناو ببەیت و، بە ڕاستی وەڵامی درۆ بدەیتەوە، ئەگەر هات و یەکێک بەرامبەر بە تۆ ستەمێکی کرد و داوای لێبوردنی لێکردیت، لێخۆشبوون لە هەڵەکانی بە ئەرکی سەرشانی خۆت بزانیت و، ئەگەر بەرامبەر بە تۆ بێئەدەبی کرد، هەر کە لێی خۆش بوویت ئیتر لۆمەی مەکە و، ئەگەر بەسەر دوژمندا سەرکەوتیت و توانیت چۆکی پێ دابدەیت؛ ئەوا شوکرانەبژێریی خودا بەجێبێنە.

- کوڕی خۆشەویستم؛ ئەوە بزانە خراپترین کەس ئەو کەسەیە کە لە گوناهی خەڵک خۆش نابێت و، هەڵەی خەڵک پشتگوێ

Scanned with CamScanner

ناخات هەروەها لەویش خراپتر ئەو کەسـەیە کە خەڵک لە دەستی و زمانـی ئاسـوودە نەبن و، هیچ هیوایەکیان بـە چاکە و میهرەبانی ئـەو نەبێـت. کوڕم کینـەی هیچ کەسـێکت لە دڵـدا نەبێـت، چونکە دەبێـت بـە هۆی ئـەوەی ئارامی و ئاسـوودەیی ڕۆح و جەسـتەت لەنـاو بچێـت و، ئـەوەش بزانە هــەر کەسـێک تۆڵە بکاتــەوە تەنیا ڕۆژێک دڵخۆشـە، بەڵام کەسـێک کە لێبووردەیە بە درێژایی تەمەنی دڵخۆشە.

- کـوڕی ئازیـزم؛ ئەگـەر دەتەوێت خەڵـک بە بینینـت دڵخۆش بن دەبێـت تۆیش دڵخۆشـی خـۆت لە بینینیـان دەرببڕیت و، هەمیشـە هەوڵ بدەیت لە شەڕەقسـە و مشـتومڕ خۆت بەدوور بگریت، وەک چۆن لە مار و زەمینلەرزە هەڵدێیت. باشـترین خەڵک ئەو کەسـانەن کە ئەگەر ستایشـیان بکەیت شـەرمەزار ببن و، ئەگەر بەرامبەریان خراپـەت کـرد بێدەنگـی هەڵبژێرن. ئـەو بێدەنگییەی ئـەوان هێمای گەورەییانـە. کەواتـە لەگـەڵ خەڵکی چاک و دروسـتکار هاوڕێیەتی بکە تاکـو تۆش یەکێک بیـت لەوان.

- کـوڕم؛ دڵنیابـە هەڵسـوکەوت و کـردەوەی چاکیـش دەتوانرێت بگوازرێتـەوە، بـەڵام پێویسـتی بـە پشـوودرێژییە. وەک چـۆن نەخۆشـی لە کەسـێکەوە بۆ کەسـێکی تر دەگوازرێتــەوە، خراپە و خراپەکارییش توانای گواسـتنەوەیان هەیە بـۆ خەڵک. کەواتە کوڕم هــەوڵ بـدە چاکەکاری و وتەی باشـت بگوازرێتەوە بـۆ خەڵکی تر. هەوڵ بدە لەگەڵ چاکەکاران هەڵسـوکەوت بکەیت و هەڵسـوکەوتی

چاک و ڕاستی لەوانەوە بگوازرێتەوە بۆ تۆ، نەک هەڵسوکەوتی ناشیرینی خراپەکاران.

- کوڕی خۆشەویستم؛ هیچ ڕەفتارێک لە دروستی و هەڵسوکەوتی چاک و وتەی چاک جوانتر نییە، کەواتە هەوڵ بدە لە ڕێگای کردەوەی چاکەوە شادمان بیت، تاکو ئەو کەسانەی لەگەڵ تۆ هاوڕێ و هاونشینن ئاسوودە بن، نەک ئەوەی لە ڕێگای تووڕەییەوە ڕەنج و نیگەرانی دروست بکەیت و، ساتەکان تاڵ و ناخۆش بکەیت بۆ هاوڕێیانت. هەوڵ بدە دوور بکەویتەوە لە هاونشینی لەگەڵ کەسانی ڕەزیل، چونکە ئەگەر پێویستت بە شتێک بێت بەجێتدەهێڵن و لێت دوور دەکەونەوە.

- کوڕم؛ هەتاکو پێت دەکرێت لەگەڵ کەسانی گەورە و پیاوچاک و لەخوداترس و میهرەباندا هاوڕێیەتی بکە؛ تاکو تۆیش سوود لە زانستیان وەربگریت و، لە ڕووناکی و تیشکی زانستی ئەوان نوورانی و گەورە ببیت، لەبیرت بێت کەس ناتوانێت بە تەنیایی هیچ سامانێک بەدەستبهێنێت و، دەبێت دڵێکی شوکرانەبژێر و میهرەبانت هەبێت و. تامەزرۆی دەستخۆشیکردن لەو کەسانە بیت کە یارمەتییان داویت. باشترین کەس ئەو کەسەیە کە سوود بە خەڵک دەگەیەنێت.

- کوڕەکەم؛ مرۆڤی گەورە ئەو کەسەیە کە بە وردییەکی زۆر و بە بیرکردنەوە و ئەندێشەوە دەژێت و ڕێگا بە خەم و نیگەرانییەکان

Scanned with CamScanner

نـادات بێتـە نـاو ژیانیەوە، مەگـەر ئەو خـەم و مەراقەی ویسـتی خودایـە. هەڵبـەت کورم ئەگـەر تۆ بـەردەوام کاری چاک و زیکری خـودا بکەیـت دڵنیابە خودایش ڕێـگای ژیانت لە خەم دەسـڕێتەوە، هەروەهـا ژیـان و ئارامییەکـی بـاش هـی ئـەو کەسـانەیە کـە بە بیرکردنەوە و ئەندێشـە و هەڵسـوکەوتی باش و کردەوەی چاک و، بـە ئارامی و پشـوودرێژییەوە دەژین.

- کـوڕی شـیرینم؛ ژیـان هێندە کورتـە و هێنـدە زوو تێپەڕ دەبێت کـە تەنانەت بواری ئـەوەت نییە ئەزموونەکانـت دووبارە بکەیتەوە، کەواتـە بـۆ سـەرکەوتن لـە ژیانـت هـەوڵ بـدە لـە ئەزمـوون و شکسـتەکانی خەڵک کەڵک وەربگریت، ژیانت کاتێک شـیرین دەبێت کـە بیرکردنـەوە و ئەندێشـە و کردارت و هەموو کار و قسـەکانت دروسـت بێـت و، خـودا و خەڵـک ڕازی بـکات. ژیانـت بەرهەمـی ئەندێشـە و بیرکردنـەوەی تۆیـە و، سـادەترین وانەکانـی ژیـان ئەوانـەن کـە بـە درێژایی تەمـەن و ژیانـت هەرگیز دڵـی کەس لە تۆ نەیەشـێت.

- کـوڕی ئازیـزم؛ هـەوڵ بـدە تا ئـەو ڕادەیەی پێـت دەکرێت و لە ئاسـتی ئـەو شـتانەی هەتـە ژیانـت بگوزەرێنیت و، هەمیشـە ئەو کەسـانەی شـتی مەحاڵ و نامومکینیان ویسـتووە ڕەنجیان بردووە و، هەمیشـە سـکاڵایان لـە ژیـان کـردووە و، هەرگیـز لـە ڕووی دەروونییـەوە ئاسـوودە نەبوون، کەواتـە هەوڵ بدە بـەوەی هەتە ڕازی و قانـع بیت.

Scanned with CamScanner

- کورِم: هەوڵ بدە هەر کەسێکت بینی بڕوانیت بۆ کردەوەی و، لە مزری خۆتدا سەرنجی قسەکانی بدەیت و شییان بکەیتەوە و، وەکو مامۆستایەک لێی بڕوانە و وانەی لێ فێربە. ئەگەر قسە و کارەکانی لە پێش چاوت پەسەند نەبوو هەوڵ بدە تۆ ئەنجامیان نەدەیت؛ بەڵام ئەگەر کارەکانی باش و خواپەسەند بوو هەوڵ بدە لەگەڵی ببیت بە هاوڕێ و کەڵک لە ئەزموون و قسەکانی وەربگریت، چونکە یارمەتی وەرگرتن لە بیری ئەو خۆی جۆرێکە کە قەناعەت و بەر بە زیانگرتن. دیسانەوە هەوڵ بدە لە بیری ئەودا بیربکەیتەوە.

- کورِم؛ ئەگەر بە درێژایی تەمەنت بە بیر و ئەندێشەوە هەموو کارەکانت بکەیت، ڕۆژ بە ڕۆژ ژیان بۆ تۆ ئاسوودە دەبێت، ئەگەر لە ڕێگای بیرکردنەوە و زیکری خوداوە گەیشتیت بە نوورانییەتی ڕۆح و ئارامی، ئەوسا ژیانت پڕ دەبێت لە ڕووناکی و سۆز. ئەگەر ژیانت کورت بێت باشترە لەوەی سەد ساڵ بژیت و، ژیانت پڕ بێت لە گومڕایی و تاریکی.

- کوڕی خۆشەویستم؛ بە درێژایی تەمەن ژیان زۆر دژوارە، چونکە ژیان ڕۆژێک شیرین و ڕووناکە، ڕۆژێکیش تاڵ و تاریک. ئەو ڕۆژانەی تێیدا چاکەکاری و زیکری خودا دەکەیت لێوانلێو دەبن لە شادی و ئاسوودەیی، ئەو ڕۆژانەی دەکەویتە داوی تووڕەیی و داگیرکاری و ئیرەیی و چاوچنۆکی و تەماعەوە، پڕ دەبن لە تاریکی و ئازاری ویژدان. کەواتە هەوڵ بدە بە

درێژایـی تەمەنـت بە زیکری خـودا و چاکەکاری ژیانـت پڕ بکەیت لە ئاسـوودەیی.

- کورم؛ لە کێشـەکانی ژیاندا ئەوە تەنیا خۆتی کە دەتوانیت پشـت بـە خودا ببەسـتیت و، بە وتنی زیکری خودا بیـری خۆت کونترۆل بکەیـت و، بیگەیەنیتـە قۆناغی کـردار، ئەوەش بزانە ئەو کەسـانەی لـە ژیانیانـدا لـە ڕووی ئابووریـیـەوە گەشـەیان سـەندووە بـۆ دەستخسـتنی سامان چەندە تووشـی زەحمەت و ڕەنج بوون و، بە چ ڕێگاگەلێکـی پڕ مەترسـییەوە تێپەڕیون. هەروەهـا ئەوەش بزانە سـامانی ڕاسـتەقینە و حـەڵاڵ ئەوەیە کـە: یەکەم بۆ دەسـتهێنانی خۆت نەخەیتە مەترسـییەوە و، دووەم ڕەزامەنـدی خودا لەبەرچاو بگریـت. کۆکردنـەوەی سـامان ئەگەر لـە ڕێگای حەڵاڵـەوە نەبێت بێبایەخە.

- کـوڕی خـۆم؛ مـردن سـات و حاڵەتێکـە زۆر لـە خـەو دەچێت، بـەڵام خەونێکـی قـووڵ کـە تـۆ بۆ گواسـتنەوە لـە ژیانـی زەوی بـۆ ژیانـی دوای مـردن، واتـە ژیانی جەسـتەیی بـۆ ژیانی ڕۆحی پێویسـتت پێیەتـی، کەواتـە هـەوڵ بـدە. هەروەها ئەگەر لـە ژیانی کۆنـی زەمینی بـەردەوام زیکری خودا و کـردەوەی چاکت کردبێت پاکژدەبیتـەوە و، سـەر لـە نـوێ لە دایـک دەبیتـەوە و، دڵخۆش و نوورانـی دەژیـت. بـەڵام ئەگـەر لـە گومڕایـی و بێبڕواییـدا بژیت هـاوار لـە ژیانـی دوای مردنەکەت.

Scanned with CamScanner

- کوڕەکەم؛ لەم دنیا فانییەدا بە درێژایی تەمەنت ناتوانیت لە سات بە ساتی ژیانت هەڵبێیت دەبێت لە هەر چرکەیەکتدا وەها بژیت وەک بڵێیت چرکەیەکی تر بوونی نییە، کەواتە کوڕی خۆم؛ کاتەکانی ژیانت لە مشتومڕی بێهوودە و شەڕەقسە و ئازاردەر و شەڕ بەفیڕۆمەدە و، ژیان بە بیرکردنەوە و ئەندێشە و بە گوتنی زیکری خودا و چاکەکارییەوە دیارییەکی ناوازەیە بۆ نوورانیکردنی ڕۆح.

- کوڕەکەم؛ بەر لەوەی تەمەنت کۆتایی پێ بێت و بەر لە مردن بە وردییەوە بیر بکەوە و، تێبگە ئامانج لە ئافراندنی تۆ چی بووە، چونکە ئەگەر بەر لە مردن نرخی ساتەکانی تەمەن و ژیانت بزانیت و، سەرقاڵی چاکەکاری و زیکری خودا بوویت دڵنیابە عەزابی ترسناکی قەبر لێت دووردەکەوێتەوە، ئەو کاتە تۆ بە ئاسوودەیی دنیا بەجێدەهێڵیت.

- کوڕم؛ مردن و کۆتایی هاتنی ژیان لە گوڵێکی سوور دەچێت کە لە بەرەبەیاندا دەپشکوێت و، دەست بە ژیان دەکات و، لە خۆرئاوابووندا پەڕەکانی هەڵدەورن و شنەی با لەگەڵ خۆیدا دەیانبات و، دیسانەوە دەکەونە سەر زەوی و، دەبن بە خاک. هەڵوەرینی پەڕەی گوڵ بە مانای ئەوە نییە کە گوڵێک بوونی نەبووە و، بە راستی هەر نەبووە، بەڵکو بەم ئەنجامە دەگەین کە هەر چەشنە جوانی و گەشییەک مردن و تەواو بوونێکیشی بەدواوەیە. کەواتە کوڕم؛ ئەوە بزانە تەمەنی تۆیش ڕۆژێک کۆتایی

Scanned with CamScanner

پـێ دێـت، بۆیە کـوڕی خۆم؛ هەوڵ بـدە چاکە بکەیت و، سـەرقاڵی زیکـری خـودا بیت، چونکە تەمەنـی تۆش وەکو سـوورەگوڵ خێرا کۆتایـی پـێ دێت و، ڕۆحت لـە دنیای دوای مـردن درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. هەروەها جەسـتەت بۆ گەشـەپێدانی ڕۆحت دەبێت لە ژیانـی زەمینیدا کە پڕە لە ڕووداو و بەسـەرهات و کێشـە بەرگەی هەمـوو سـەختییەکان بگرێـت، بـەڵام تاقـە ڕێـگای ژیـان، ژیان و ڕووبەڕووبوونەوەیـە لەگەڵ مەترسـی و بەسـەرهاتی جۆراوجۆر. کەواتـە لە ڕێـگای گوتنـی زیکری خوادا، پشـوودرێژ بە و، پشـت بە خودا ببەسـتە.

- کـوڕی خـۆم؛ مـردن و کۆتاییهاتنـی ژیانـی زەمینـی درێژتر و هەتاهەتایـی ترە لـە ژیانی سـەر زەوی. دواجار لـە تەمەنی حەفتا یـان هەشـتا سـاڵی یـان زیاتـردا ژیانت کۆتایـی پێدێـت و، ژیانی هەتاهەتایـی و هەمیشـەیی لە دوای مردنەوە دەسـت پێ دەکات و، کەسـانێک دوای مـردن دەکەونە ئارامی و ئاسـوودەیی هەتاهەتایی و چێـژە هەمیشـەییەکان کە لە دنیای زەمینیـدا خەریکی چاکەکاری و ستایشـی خـودا بووبێتـن، کەواتـە هـەوڵ بـدە لە دنیـای دوای مردن بکەویتـە ئارامییەوە.

- کوڕەکەم؛ ژیان لە دنیای زەمینیدا باشـترین نیعمەتێکە کە جەستە دەتوانێـت لـە ڕێگای کـردەوەی چاک و زیکری خـودا و دووری لە خـووە شـەیتانییەکان، ڕۆح نوورانـی و بەهێـز بکاتـەوە و، دنیای دوای مـردن بخاتە ژێـر نووری خودا و ئاسـوودەییەوە و، کۆتایی

Scanned with CamScanner

ژیان و مردن بۆ ئەو کەسانەی چاکەکارییان کردووە و، زۆر زیکری خودایان کردووە زۆر بەچێژترە لە ژیانی زەمینی. کەواتە کورم هەوڵ بدە جۆرێک هەڵسوکەوت بکەیت کە تامەزرۆی مردن بیت نەک لێی هەڵبێیت.

- کورم؛ ئەوە بزانە مەرگی هاوڕێ و خزم و کەسانت دەتوانێت ئاگادارت بکاتەوە و، تۆ لەوە تێبگەیێنێت کە ژیان کورتە و، دواجار هەر کۆتایی پێدێت، دەبێت تۆ بە باشترین شێوە کەڵکی لێوەربگریت، هەڵبەت ئەوەی کە دەڵێم بە باشترین شێوە واتە وەها بژی کە دوای مردنت ڕۆحت لە ئاسوودەیی و چێژدا بێت، کە بێگومان ئارامیی ڕۆح تەنیا لە ڕێگای چاکەکاری و گوتنی زیکری خودا و، ئارامی و بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی خودا دەبێت.

- کوڕی ئازیزم؛ هەوڵ بدە بە درێژایی هەموو ژیانت وەکو دارێکی بە بەرهەم بیت کە لە پاییزی ژیاندا بە زەبرێک و پێداکێشانێک میوەی بەچێژ و پێگەیشتوو وەکو باران لێی دەوەرێت و، دەبێت تۆش وەها بژیت کە دوای مردنت هەزاران باشی و چاکەکاری لە دوای تۆ بە یادگاری بمێنێتەوە، گەورەیی و مەزنی مرۆڤەکان لە دنیای دوای مردن بە پێی کردەوە و بیری ئەوان ئەژمار دەکرێت؛ نەک لە ڕووی ماوەی ئەو تەمەنەی ژیاون.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆم؛ ئەگەر مرۆڤەکان دەیانزانی کەسی گوناهبار دوای مردن چەند پەشیمانە و، بە ئاواتی گەڕانەوە و قەرەبووکردنەوەی رابردوویەتی؛ ئیتر تێدەگەیشتن کە قەدری ئەو ڕۆژانەی بێ زیکری خودا و بێ چاکەکاری و، بە خەم و تووڕەیی و کردەوەی خراپ بەڕێیان کردووە چەندە گەورەیە. چونکە هیچ کەسێک نە دەتوانێت بۆ لەدایکبوونی خۆی شادی بکات لەبەر ئەوەی منداڵ و لاواز بووە و، نە دەشتوانێت بۆ مردنەکەی تازیە بگێڕێت، چونکە دیسان توانای هیچ کارێکی نییە. کەواتە دەبێت هەوڵ بدات لە ڕۆژانی گەنجی و بەهێزیی جەستەییدا سەرقاڵی چاکەکاری و زیکری خودا بێت و، عیبادەتی خودای گەورە بکات، تاکو هەموو ڕۆژێکی لەدایکبوونێکی تازە و ئاسوودەییەکی گەورە بێت و، دوای مردنیش ڕۆحی باڵا و نوورانی و سەرفراز و ئازا و بەهێز بێت و، ئینشاڵڵا لە بەهەشتی جاویداندا دەژی، هەڵبەت بەو مەرجەی بە درێژایی تەمەنی هەموو ڕۆژێک کردەوەی چاک بکات و سەرقاڵی زیکری خودا بێت.

- کوڕی خۆم؛ ئەوە بزانە زەوی پڕە لە کەسانی بێسوود و خراپەکار و بێنرخ، کە بوونی ئەوان لە زەویدا دەبێتە هۆی عەزابی هەموو بوونەوەرەکان. بەڵام سەرەڕای هەموو کارە نەشیاوەکانیان خودا تەمەنیان درێژ دەکات بۆ ئەوەی تۆبە بکەن و بچنەوە بۆ لای چاکە. کوڕم تۆ هەوڵ بدە ئەگەر ڕووبەڕووی ئەم کەسانە بوویتەوە لەگەڵیان بە هێمنی و باشی مامەڵە بکەیت، بەڵکو بە هۆی تۆوە هیدایەت و ڕێنوێنی بکرێن.

Scanned with CamScanner

- کوڕەکەم؛ پایەبەرزیی مرۆڤەکان و عیبادەت و زیکری خودا ئەرکی سەرشانی مرۆڤەکانە و، بێ چاکەکاری و زیکری خودا ژیان هیچ مانایەکی نابێت. کەواتە هەر کەسێک دەبێت بە جۆرێک لەم ئەرکانە تێبگات. خودا تەمەنی درێژ بە مرۆڤەکان دەبەخشێت بۆ ئەوەی لە ئافرێنراوەکانی خودا وردببنەوە و، بیری لێ بکەنەوە و ڕۆحیان گەشە بستێنێت و، بەهێز بێت. هاوار لە ژیانی دوای مردنی ئەو کەسانەی بە درێژایی تەمەنیان ژیان و ڕۆژەکانی تەمەنیان لە ڕێگای خراپەکاری و کوفردا تێپەڕاندووە.

- کوڕی ئازیزم؛ تا کاتێک دیل و گرفتار نەبیت هەرگیز لە مانای ئازادی تێناگەیت، تا کاتێکیش هەستت بە تینوویەتی نەکردبێت لە مانای پاراوبوون تێناگەیت. کەواتە هەوڵ بدە لەم دنیا فانی و کاتییەدا و بە درێژایی تەمەنت چاکەی زۆر و میهرەبانی و زیکری خودا بکە، تاکو دوای مردن ڕۆحت دیل و گرفتار نەبێت و، تووشی تینوویەتی و برسییەتی نەبێت.

- کوڕی شیرینم؛ ئەوە بزانە قەفەز هەرچی تەسکتر بێت شیرینتر دەبێت، کەواتە تۆ لەم حاڵەتانە ئەزموون وەربگرە و، بزانە هەرچی زمانت لەناو زارتدا زیندانی بکەیت و، لە کۆڕە بێهۆدەکان دووربکەویتەوە و، تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد خۆت لە ژوورێکدا زیندانی بکەیت ئەو کاتەیە تۆ دەست دەکەیت بە زیکری خودا و ڕۆحت پاک و خاوێن دەمێنێت و، لە ڕێگای بەندکردنی جەستە و زمانتەوە دەتوانیت وا لە ڕۆحت بکەیت بفرێت و، لە ئاسماندا تامی شیرینی ئازادی بچێژێت.

- کـورم؛ پیرۆزترین حاڵەتەکان بۆ مرۆڤ تەندروستی ڕۆحە و تەندروستی ڕۆحیش لە ڕێگای چاکەکاری و زیکری خودا و، بیرکردنەوە بەر لە ئەنجامدانی هەموو کارێک بەدیدێت. لە ڕاستیدا ژیان و چێژبینین لە ژیان ئەوەیە کە ڕۆح لە ئارامیدا بێت، کاتێک بە کردنی کاری نەشیاو چێژ بە جەستە بگەیەنیت دوای ئەوە ڕۆحت لێڵ و تاریک دەبێت. کاتێکیش ڕۆح تاریک بوو، ئەوسا دوای ماوەیەک جەستە هەموو جۆرە ئازارێک دەچێژێت و، ئارامی جەستە بە تەواوی لەناو دەچێت.

- کوڕی خۆم ئاگاداربە! لەگەڵ کەسانی حەسوود و ڕق لە دڵ هاوڕێیەتی مەکە، چونکە کەسانی حەسوود تەنانەت ئیرەیی بە خۆیشیان دەبەن و، هەرگیز ئاسوودە نین و، بە شەرەفەوە ناژین و، بەردەوام ناخیان لێوانلێوە لە ڕق و کینە و، تا کۆتایی تەمەنیان لەگەڵ خۆیان لە شەڕ و کێشەدان و، دواجار بە ڕق لە دڵی دەمرن. ئیرەیی تیر بۆ لای خەڵک دەهاوێژێت، بەڵام دواجار ئیرەیی خاوەنی ئیرەیی واتە کەسی حەسوود بریندار دەکات.

- کوڕەکەم؛ ئەوە بزانە لە ئیرەیی و خۆبەزلزانیدا چاکە لەناو دەچێت. وەک چۆن شێ دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئاسن؛ ئیرەییش دەبێتە هۆی لەناوچوونی چاکە و سۆز و چاکەکاری و، هەوڵ بدە لەگەڵ کەسی ڕاستگۆ و ڕاستیزان ببیت بە هاوڕێ. هەمیشە ڕاستییەکی تاڵ باشترە لە درۆیەکی شیرین و فریو و فێڵبازی. هەمیشە کەیفت بە ڕاستی بێت تەنانەت ئەگەر بە زیانیشت بێت.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆشەویستم؛ هەوڵ بدە تووڕەیی و غەزەب وات لێ نەکات ستەم لە خەڵک بکەیت و، تەنیا هەوڵ بدە و تووڕەیی و غەزەبت بۆ وریاکردنەوەی بەرامبەرەکەت لە هەڵەیەک بێت کە کردوویەتی، نەک وا لە خۆت بکەیت تووڕەیی و غەزەب ڕۆح و جەستەت ئازار بدات. ئەوەش بزانە گەورەترین دەرمان بۆ کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی و غەزەب سەبر و بیرکردنەوەیە، کاتێک تووڕە دەبیت شەیتان لە ناختدا دەردەکەوێت و، بوونی شەیتان ئاگرە و هەوڵ بدە بە شوشتنی دەست و دەموچاوت (دەستنوێژگرتن) ئەو ئاگرە بکوژێنیتەوە و، شەیتان لە خۆت دووربخەیتەوە.

- کوڕم؛ هەوڵ بدە هەمیشە لەگەڵ کەسانی بەشەرەف ببیت بە هاوڕێ، بەشەرەف بە کەسێک دەڵێن کە هەمیشە بیرکەرەوە و بەئەدەبە و، هیچ پەیوەندییەکی بە سامان و دارایییەوە نییە. ئەوەش بزانە مرۆڤ هەر چەند لە ڕووی پلە و پایەوە ئاستی بەرزتر بێت پتر مەترسی بێنرخی لەسەرە؛ کەواتە هەوڵ بدە لە هەموو کارەکانتدا وردبین و چاکەکار بیت، چونکە تۆزقاڵێک نادروستی سووک و پەستت دەکات.

- کوڕەکەم؛ مانای ژیان لە سەر گۆی زەوی بە مانای کۆتایی هاتن بە ژیانە، بەڵام جار جار ئەم تەمەنە درێژ دەبێتەوە و، هەندێ جاریش زوو تێپەڕدەبێت. کەواتە هەوڵ بدە تەمەنت هەرچەندە بوو بە باشترین شێوە کەڵکی لێوەربگریت و، تەمەنی

Scanned with CamScanner

خۆت لە ڕێگای چاکە و چاکەکاری و زیکری خودا تێپەڕێنیت و بگەیتە کۆتایی. بەڵام تەمەنی درێژ بێ چاکەکاری و بێ ناسین و زیکری خودا جگە لە عەزاب و تاریکی و گومراییيەک هیچی تر نییە.

- کوڕی خۆم؛ پەروەردەکردنی ڕۆح و جوان و نوورانیکردنی لە ڕێگای زیکری خودا و چاکەکارییەوە؛ لە گەورەترین سەرکەوتنەکانی ژیانە و، ئەو کەسانەی ڕۆحێکی گەورەیان هەیە هەمیشە لێبووردە و میهرەبانن و، گاڵتە و دژایەتیکردنی خەڵکی نەزان و جاهیل پشتگوێ دەخەن و، لەگەڵ کەسانی نەزانیش میهرەبان و پشوودرێژن و، بەردەوام هەوڵ دەدەن لە بێدەنگیدا سەرقاڵی زیکری خودا بن.

- کوڕی شیرینم؛ هەوڵ بدە دووربکەویتەوە لە بێزاری و لۆمەکردن و تووڕەیی و تۆڵە و کینە و نەفرەت و ئیرەیی بەرامبەر بە خەڵک، چونکە ئەم کارانە دەبن بە هۆی لێڵ و تاریکبوون و پووکانەوەی ڕۆح و، تاریکی و پووکانەوەی ڕۆح دەبێتە هۆی ئازاری جەستەش، کاتی جەستە و ڕۆحت لە عەزابدا بوو؛ ئەوسا ئیتر تەمەنت کورت و بێبەرەکەت دەبێت. (جەڵتەی دل).

- کوڕەکەم، هەوڵ بدە لە ئەزموونی خەڵک فێری شت بیت؛ تاکو لەم ڕێگایەوە عەقڵت گەشە بکات و، لە هەموو کارەکانتدا سەرکەوتوو بیت. هەروەها هەوڵ بدە وەکو ئاسمان گەورە بیت،

Scanned with CamScanner

چونکە ئاسمان هەموو چەشنە ئەستێرە و هەسارەیەک لەناو خۆیدا جێدەکاتەوە. کەواتە کوڕی خۆم هەوڵ بدە هەموو چەشنە ئەزموونێک و هەموو جۆرە زانستێک لەناو مێشکی خۆتدا جێگە بکەیتەوە؛ تاکو لەم ڕێگایەوە وەکو ئاسمان گەورە و بە بەرەکەت و زوڵاڵ و خۆشەویست بیت.

- کوڕم وریا بە! لە کاتی هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانت پەلە نەکەیت و، بۆ دۆزینەوەی هاوسەری چاک سەرەتا دەبێت لە خودا داوا بکەیت، دووەمیش دەبێت زۆر ورد بیت و بە جوانی بیناسیت. هەروەها هەوڵ بدە ژنێک هەڵبژێریت کە داوێنپاک و چاکەکار و قانع و بەحیجاب و فەرمانبەر بێت و، هاوسەری ژیر و خواناس ژنێکە کە لە کاتی هەژاریدا لە مێردەکەی تێبگات و، ئارامی و هێزی پێ ببەخشێت؛ تاکو بیری مێردەکەی بگاتە ئارامی و، بە بیرکردنەوەی باش بەسەر کێشەکاندا زاڵ بێت و، ژیان و داهاتوویەکی باش دروست بکات.

- کوڕی خۆم؛ ئەوە بزانە کە تۆ دەتوانیت لە ڕێگای بیرکردنەوەوە سەبارەت بە ئافراندن و بوونی هەموو بوونەوەرەکان پەی بە وجوودی خودا ببەیت و، خودا لە ڕێگای زانست و هێز و ئافراندن و بەخشینی ژیان بە هەموو بوونەوەرەکان بوونی خۆی سەلماندووە و، لە ڕێگای بەخشینی ژیان بە هەموو بوونەوەرەکان نووری ژیانبەخشی خۆی ناردووە بۆ هەموو ئافرێنراوەکانی، بەڵام دەرکەوتنی نووری خودا لە ناخی ئەو مرۆڤانەی چاکەکاربوون و

Scanned with CamScanner

عیبادەتـی خودایـان دەکرد؛ زیاترە. کەواتە کـوڕی خۆم؛ مرۆڤەکان بـە هـۆی ئـەو ئەرکانەی بـە درێژایـی تەمەنیان لەسـەر شـانیانە ئەرکیـان لـە هەمـوو بوونەوەرەکانی تـر گرنگترە، کەواتـە کوڕم؛ ئەوە بزانە نووری ژیانبەخشـی خودایە کـە هەموو بوونەوەرەکانی خوڵقانـدووە و، ئـەوەش بزانـە کە خـودا تەنیا ئیلهامبەخشـی بیرە چـاک و خێرەکانـە. هەروەها کـوڕم؛ ئەگەر تۆیش کەڵـک لەم فکرە چـاک و خێرانە وەربگریت خودا فریشـتەکان دەنێرێت بۆ هاوکاری و ڕێنوێنیـت. لـە جیهاندا هیچ راسـتییەک لەمە باڵاتـر نییە کە بڵێین زیکـری خـودا و سـۆز و چاکـەکاری دەبێتـە مایـەی بەرەکەت و ئارامـی. واتـە لە هەر شـوێنێک میهرەبانی و چاکـەکاری و زیکری خـودا هەبێت؛ لەوێ سـەرنج و ڕەحمەتی خـوداش هەیە.

- کـوڕی شـیرینم؛ ئـەوە بزانـە هـەر کاتێـک دوور کەوتیتەوە لە میهرەبانی و چاکەکاری بەرامبەر بە مرۆڤەکان، یان بوونەوەرەکانی تـر، بـۆ هەر هەنگاوێکی کـە لە خودا دوور دەکەویتـەوە و تەنانەت ئـەو کاتەی تووڕە دەبیـت و، ئەگەر تووڕەبییەکـەت وات لێبکات کە تـۆ چاکـە و میهرەبانی و زیکری خودا لەبیـر بکەیت؛ ئەو تووڕەبییە تـۆ لە خـودا دوور دەخاتەوە. کەواتـە کوڕم؛ ئەوە بزانـە لە ناختدا هێـزی خودایـی هەیـە، کەواتـە کەڵکی لـێ وەربگرە و، لـە ڕێگای بیرکردنـەوە و زیکـری خـودا و چاکـەکاری پـەی بەو ڕاسـتییانە دەبەیـت کـە لە ناخـی تـۆدان. کەواتە ئەگـەر بتەوێت دەسـتەڵاتی خـودا بناسـیت؛ دەبێـت بیر لە ئافراندنـی هەموو ئـەو بوونەوەرانە بکەیتـەوە کـە لە تەنیشـتی تۆدان. بـە هەموو بوونتەوە سـتایش و عیبادەتی خـودا بکە.

Scanned with CamScanner

- کورم؛ئەوە بزانە کە تەنیا لە ڕێگای چاکەکاری و زیکری خوداوەیە کە ڕۆحی مرۆڤەکان بەهێزتر دەبێتەوە و، خوداش لە ڕێگای ئەو چاکەکاری و زیکرەوە دوعاکەتان بەدیدەهێنێت؛ کەواتە لە بەرژەوەندی هەموو مرۆڤەکانە کە لە ڕێگای نوێژکردن و دوعا (زیکری خودا) و چاکەکارییەوە؛ ڕۆحی خۆیان بە نووری خودا نوورانی و بالا و بەهێز بکەن. کەواتە لە ڕێگای بیرکردنەوە لە سروشت لە توانای خودا تێبگە و دڵنیابە کە خودا لەگەڵ هەموو کەسێک میهرەبانە و، وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە ناوی دەبەن و زیکری دەکەن.

- کورەکەم؛ دنیا و ژیانی زەمینی وەکو قۆزاخەی پەپوولەیە، وەک چۆن پەپوولە لەناو قۆزاخەدا دەست دەکات بە گەشەکردن و، دوای ماوەیەک کامڵ دەبێت و لە قۆزاخەکە دەردێت و، لە (بیچم)ی بوونەوەرێکی جوان دێتە ناو دنیایەکی گەورەوە؛ کە هەزار هێندەی قۆزاخەکەی ئەوە و، دەست دەکات بە فڕین و گەڕان و بینینی هەموو گوڵەکان و، هەموو شوێنەکان. کەواتە کورم هەوڵ بدە وەک پەروانە بیت.

- کوڕی ئازیزم؛ ئەگەر ژیان لە گۆی زەوی و تێپەڕاندنی تەمەن بە بیرکردنەوە و ئەندێشەوە تێپەڕێت و، بەردەوام بە درێژایی تەمەن بیر لە ئافرێندراوەکانی خودا و، زیکری خودا بکەیتەوە؛ ژیانت زوو تێپەڕ دەبێت و، چێژبەخش و جوانیش دەبێت. دڵنیابە ئەو کەسانەی بیر لە دنیای دوای مەرگ و جوانییەکانی ئافراندن

Scanned with CamScanner

دەکەنـەوە؛ هـەم لـەم دنیا دەگـەن بە ئاسـوودەیی و، هـەم دوای مـردن دەگەنـە هەمـوو جوانییەکانـی خـودا و، بـە نیعمەتگەلێکی گـەورە دەگەن.

- کـوڕی خـۆم؛ هەر لەو کاتـەی مرۆڤەکان لەدایـک دەبن ڕۆحیان بـەردەوام موحتاجە بە زیکری خودا، چونکـە خۆراکی ڕۆح زیکری خودایـە. کەواتە باشـتروایە جەسـتەت بەردەوام سـەرقاڵی زیکری خـودا بێـت، تاکو ڕۆحـت بەهێز بێت، بـەڵام باشـتریش ئەوەیە کە تـۆ بـە زیکری خـودا و چاکەکاری هـەوڵ بدەیت خەڵکیـش بەرەو زیکـری خودا و چۆنکـەکاری ڕێنوێنـی بکەیت؛ تاکو لـەم ڕێگایەوە ڕۆحـت زۆر گەشـتر و بەهێزتر بێت.

- کوڕەکـەم؛ هەوڵ بدە هەمیشـە لە ڕێگای بێدەنگـی و بیرکردنەوە لـە ئایەتەکانی خودا؛ خـۆت نوورانی بکەیتەوە، تاکـو لەم ڕێگایەوە ڕۆحت بگاتە ئاسـتێکی باڵا و لە ئاسـمانەکاندا بفڕێـت، بەڵام ئەگەر تۆ بـە درێژایی تەمەن لەم دنیا فانییەدا کەسـێکی بیرکەرەوە نەبێت و، بـە کەمـی زیکـری خـودا بکەیت؛ وەکو ئـەو کاتەیـە کە ڕۆحت تەنیا لە ئاسـمانی زەوی و لەناو هەورەکاندا دەژی، ئەگەر ئاسـمانی ژیانـت هەورییە لەبەر ئەوەیە کە ڕۆحت نەگەیشـتووەتە ئاسـتێکی باڵا و، بە ڕادەی پێویسـت لە ڕێگای زیکـری خودا و چاکەکارییەوە گەشـەی نەکـردووە، کەواتە هەوڵ بدە ڕۆژ بـە ڕۆژ خەریکی وتنی زیکـری خـودا و چاکـەکاری بێـت، تاکو لـەم ڕێگایـەوە بگەیت بە ئاسـتێکی بـاڵا و، ڕۆحـت لـە ئاسـمانەکاندا بفڕێت و، لـە ئەنجامدا

جەستەیشت بکەوێتە ئاسوودەییەوە. کەسێکیش کە بیر لە دنیای نەبەدی دەکاتەوە؛ وەکو ڕۆحە باڵاکان هەمیشە لە ئاسوودەیی و نوورانییەتدایە و، هەمیشە دەکەوێتە ناو چێژێکی زۆرەوە کە بە وشە زەمینییەکان وەسف ناکرێت.

- کورم؛ ئەوە بزانە مرۆڤەکان هەر کە کارێک دەکەن زۆر لەخۆبایی دەبن و، هەست بە ڕەزامەندی دەردەبڕن و، هەر هەڵێکی بچووک وایان لێ دەکات لەخۆبایی بن و، بەردەوام بە خۆیان دەڵێن: من ئەم کارەم بە سەرکەوتووییەوە ئەنجام دا و، زۆر خۆیان هەڵدەکێشن و، وەسفی خۆیان دەکەن و، سەبارەت بە ئەو شارەزاییانەی لەو کارەدا بەکار هێنراوە قسە دەکەن و، بە کارامەیی خۆیانی دەزانن، بەڵام بۆ یەک چرکەش بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەوە حزوور و ڕەحمەت و لوتفی خودا بوو هەنگاو بە هەنگاو ئەوانی ڕێنوێنی کردووە؛ تاکو بیر لە سەرکەوتنی خۆیان بکەنەوە و، ئەو سەرکەوتنە وانەی ئەندێشە و کەماڵیان بداتێ، نەک وایان لێ بکات لەخۆبایی ببن و، خودا لەبیر بکەن و، لە یادی خودا غافل بین.

- کوڕی ئازیزم؛ کاتێک سەرقاڵی چاکەکاری و زیکری خودا دەبیت بینین و هاونشینی لەگەڵ تۆ بۆ خەڵک چێژبەخش دەبێت، لەبەر گوتنی زیکری خودا و چاکەکاری وجوودی تۆ زۆر سەرنجڕاکێش و وزەبەخش دەبێت. هەر کەسێک چاوی بە تۆ بکەوێت هەر لە یەکەم چرکەساتی دیدارتەوە شاد دەبێتەوە، لەو

ساتەدا هەست بە بەنرخترین هەست لە ناخی خۆیدا دەکات و، لەم ڕێگایەوە شاد و دڵخۆش دەبێت.

- کوڕی خۆشەویستم؛ ئەزموونی بێدەنگبوونی زیاتر و، قسەکردن لە کاتی پێویست و، زیکری خودا، دەبێتە هۆی گەشەی عەقڵ و هزری تۆ. هەروەها ئەگەر بڕوای تۆ بە عالەمی ئەبەدی سست و لاواز بوایە بە درێژایی تەمەنت بۆ ساتێکیش هەستت بە ئارامی و چێژبەخشی نەدەکرد؛ ئەوسا نەزانی و تاریکی هەموو گیانی داگیر دەکردیت و وەکو بوونەوەرێکی سەرگەردان و مات دەکەوتیتە ناو تاریکی ڕۆحییەوە و، لەو دنیا گرفتاری عەزابی ئیلاهی دەبوویت.

- کوڕم وریا بە! کاتێ ڕۆحت دەگاتە ئاستێکی باڵا؛ شەیتان لە ڕێگای هەڵپە و تەماع و ئیرەیی و پەلە و شەهوەتەوە دوات دەکەوێت. هەر بۆیە وریا بە! شەیتان تا دوا ساتەکان و تا کاتی مردن بە شوێنتدا دێت، تاکو بتخاتە ناو ڕیزی گومڕاکانەوە، کەواتە ئەگەر لە قۆناغەکانی سەرەوە فریوی شەیتان نەخۆیت دەبیتە یەکێک لە خۆشەویستانی خودا.

- کوڕی خۆم؛ سەرکەوتن لە هەر کارێکدا چ ئەو کارە بچووک بێت یان گەورە، ئەو سەرکەوتنە هی خودایە. ئەگەر تۆ وریا و ژیریت ئەمە باڵاترین دیاریی خودایە و، ئەگەر زیرەک و زرنگ و تێکۆشەریت ئەویش هەر ئەنجامی بەخششی خودایە و، ئەگەر

بۆ بەرامبەر بە هەمــوو نیعمەتەکانی خودا شــوکرانەبژێر بێت ئەو ئاگیبوونــەی تــۆش لوتــف و بەرەکەتــی خودایە. کاتێــک تۆ زانیت دەبێــت بۆ هەمــوو نیعمەتەکانی خودا ســوپاس و شــوکرانەبژێریی خــودا بەجێبهێنیــت؛ ئــەو کاتە گەیشــتوویت بە پلەی تێگەیشــتن و، هەمــوو نیعمەتێک حــەڵاڵ و پاک دەبێت بۆت. کاتێــک کە فێربوویت لە هەموو بارۆدۆخێکدا شــوکرانەبژێریی خودا بەجێبهێنیت؛ ئەوکاتە بــە فەرمانــی خــودا ڕزق و ڕۆزیــی زۆرت بەرســەردا دەبارێــت؛ کەواتــە پشــوودرێژبە و، هەر شــتێکت دەوێت لە خــودای داوا بکە.

-کــوڕم؛ ســوپاس و شــوکرانەبژێریی خــودا بەنرخترێــن وانــەی ژیــان و، کامڵبوونــی ڕۆحــت پێ فێــردەکات، بۆ ئەوەی بــە ئاواتی شــتی مەحــاڵ نەبێــت و، چێژببینیت لەو شــتەی کە ئێســتا هەتە و، ســەرنجی ناخــی خــۆت بدەیــت، کاتێک ســەرنجی ناخــی خۆت دا کامــڵ دەبێت و، ســەرت لە ناخــی خۆت ســووڕدەمێنێت. هەر بۆیە شــوودرێژی دەوێــت؛ تاکــو لــە سەرســووڕهێنەریی ناخی خۆت بگەیــت، هەڵبــەت لــە ڕێگای زیکــری خوداوە.

- کــوڕی خۆشەویســتم؛ ئــەوە بزانــە خــودا بەندەکانــی خۆی لە ڕێــگای ســەختییەکانەوە تاقــی دەکاتــەوە. وەک چــۆن لــە ڕێــگای دژوارییەکانــەوە حەزرەتی ئەیوبی تاقیکــردەوە و، حەزرەتی ئەیوب بــوو بە باشــترین بەندەکانی خــودا. چونکە لە ســەختییەکاندا ئارام و خۆڕاگــر بــوو، هەروەهــا کــوڕم؛ هــەر کاتێک جەســتەی مرۆڤ

ئـازار دەهێنێـت گرنگیدانـی ئەو بـۆ ڕەنج و ئازارەکـەی دەبێت بە هـۆی ئـەوەی بەر بـە گوناهکردنی بگرێـت و، ئیتر گونـاه ناتوانێت بەسـەریدا زاڵ بێت، چونکە لەو کاتەدا بیر لـە ئازارەکانی دەکاتەوە و، ئـەم ئـازار و ڕەنجـە بەشـێکە لـە خزمەتێـک کە خـودا بە تۆی ڕاسـپاردووە و، تۆ لەم دنیایەدا ڕێبوارێکیت و خانووی سـەرەکیت لـە دنیـای دوای مردندایـە، کەواتە هـەوڵ بـدە دووربکەوتنەوە لە چێـژە بێهـوە دنیاییـەکان، ئەگـەر ژیانێکی باشـتان دەوێـت دوور بکـەوەرەوە لـە قسـەی خـراپ و درۆ و خراپـە و، لەگـەڵ هەموو کەسـێکدا بـە چاکی هەڵسـوکەوت بکـە و، لەگەڵ هەموو کەسـێک لـە ئاشـتی و تەباییدا بـژی. دنیا زوو کۆتایی پێدێـت، کەواتە هەوڵ بدە ئەندێشـە و کـردارت پاک بکەرەوە و، خۆڕاگربـە؛ تاکو بتوانیت دوعـا بکەیـت و، لە هەمووی گرنگتر بە هەمـوو بوونتەوە بەرامبەر بـە کەسـانی تـر میهرەبان بـە، چونکە چاکـە و میهرەبانـی دەبێتە هـۆی پاککردنـەوەی گوناهـەکان و، ئاوهاش لـە بەرەکەت و لوتفی خـودا بەهرەمەنـد دەبیـت و، هەم لەم دنیـا دەگەیت بـە ئارامی و، هـەم لـە دنیای پـاش مردنیش دەبیت بـە یەکێک کەسـە نزیکەکانی خودا.

- کـوڕم ئـاگادار بە! بـە درێژایی تەمەنـت لە هەمـوو کارەکاندا بە ئاگامـی و بڕوایەکی تـەواو دادوەری بکەیت، بۆ نموونە سـەبارەت بـەو شـتانەی نایبینیت زوو بڕیـار مەدە و، هەوڵ بـدە لە بڕیاردان سـەبارەت بـەو کارانـەی نەتبینیون زۆر ورد ببیتـەوە و، بگەیت بە دڵنیایـی، تاکـو لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە ڕاسـتی کارەکـە تێبگەیت.

-کوڕەکەم؛ مرۆڤەکان بە دوو چاو و یەک زمان لە دایک دەبن؛ تاکو دوو هێندەی ئەو شتەی دەیڵێن ببینن، بەڵام ئەگەر سەرنجی شێوازی ژیانیان بدەیت پێتوایە بە دوو زمان و چاوێکەوە لە دایکبوون، چونکە ئەو کەسانەی کەمتریان بینیوە پتر قسە دەکەن و، ئەوانەی هەرگیز هیچیان نەبینیوە سەبارەت بە هەموو شتێک بڕیار دەدەن و، ڕای خۆیان دەردەبڕن. کەواتە کوڕم تاکو شتێکت بە چاوی خۆت نەبینیوە بڕیاری لەسەر مەدە.

-کوڕی خۆم؛ ئەوە بزانە دنیا گەورەیە و مرۆڤیش بچووک، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگای چاکەکاری و عیبادەت و گوتنی زیکری خودا وەها گەورە ببێتەوە کە جیهان لە ئاستیدا بچووک بێت، هەڵبەت بە چاکەکاری و زیکری خودا. کەواتە کوڕی خۆم داوات لێ دەکەم لە ڕێگای گوتنی زیکری خودا و کردەوەی چاک خۆت بگەیەنیتە ئاستێکی باڵا و خۆت نوورانی بکەیت، تاکو دوای مردن بەرەو ئاسمانەکان بفڕیت.

-کوڕی شیرینم نەکەی کەسێک یان شتێک بکەی بە هاوبەش و هاوتای خودا، چونکە بەڕاستی هاوتاو هاوبەش پەیدا کردن بۆ خودا ستەمێکی گەورەیە کەمرۆڤ لەخۆی دەکات.

-کوڕی ئازیزم بەڕاستی ئەگەر گوناهێک بە ئەندازەی تۆوی خەردەلەیەک هەبێت و لەناو بەردێک و لەناو ئاسمانەکان یان لەزەویدا حەشار درابێت، خودا دەیهێنێتەوە ڕێگەت، بەڕاستی خودا هیچ شتێکی لا شاراوا نیە و زۆریش ئاگادارە.

Scanned with CamScanner

- کوڕی شیرینم نوێژەکانت بەچاکی ئەنجام بدە فەرمان بکە بەچاکە و ڕێگری بکە لە خراپە و ئارام بگرە لەبەرامبەر ئەو ناخۆشیانەی توشت دەبن، بەڕاستی ئەوانەی کە باسکران شتانێکن کە دەبێت هەر ئەنجام بدرێن.

- کوڕی شیرینم ڕوو وەرمەگێڕە لە خەڵک و بەنازو فیزەوە مەڕۆ بە سەر زەویدا، بەڕاستی خودا ئەو کەسانەی خۆشناوێت کە بەنازو فیزەوە بەسەر زەویدا دەڕۆن.

- کوڕی شیرینم لەکاتی ڕۆشتندا مامناوەندی بڕۆ و بە دەنگی نزم قسە بکە.

- کوڕی خۆم ئامۆژگاریت ئەکەم بە دووشت کە دەستیان پێوە بگری:
یەکەم: پارە تا پێی بژیت.
دووەم: ئاین بۆ سەرفرازی ڕۆژی دوایت.

- کوڕی شیرینم بەهۆی کەسابەتی حەلالەوە خۆت لە هەژاری بپارێزە، چونکە هەر کەسێک هەژار بوو بێت سێ شت توشی دەبێت، کورتی لەئاینەکەیدا و لاوازی لەئەقڵیدا و نەمانی پیاوەتی لەو سیانەش گەورەتر خەڵک بە سوکی تەماشای دەکەن.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆم دانایی و حیکمەت هەژار دەکات بە پاشا، نەکەی تیناع بپۆشی بە شەو ترسناکە و بەڕۆژ بیزراوە.

- ئەی کوڕی شیرینم لەکارەکانتدا ڕاوێژ بە خاوەن ئەزمون و دنیا دیدەکان بکە، تا بیرو بۆچونی خۆیانت بە خۆڕایی بدەنێ، کە خۆیان بە هەوڵ و ماندوو بوون دەستیان کەوتووە.

- ئەی کوڕی شیرینم هەر کەس لەتوانای خۆی زیاتر هەڵبگرێت پەکی دەکەوێت، هەرکەسێک بەخۆی بنازێت تیا ئەچێت، هەرکەسێک فیز بەسەر خەڵکیدا لێبدات خودا زەلیلی دەکات، هەرکەسێک بۆ کارەکانی ڕاوێژ نەکات پەشیمان دەبێتەوە، هەرکەسێک هاوەڵایەتی زانایان بکات زانیاری فێر دەبێت، هەرکەسێک کەم قسە بکات بێوەی دەبێت.

- کوڕی خۆم لەناو نوێژدا ئاگات لە دڵت بێت و لەناو خەڵکیدا ئاگات لە زمانت بێت، لەکاتی نانخواردندا ئاگات لە سکت بێت و لەکاتی میوانیدا ئاگات لە چاوت بێت.

- کوڕی شیرینم دوو شت با هەمیشە لە یادتت بێت خودا و مردن، دووشتیش هەمیشە لە یادیکە چاکەی خۆت بەرامبەر خەڵکی و خراپەی خەڵکی بەرامبەر خۆت.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆم بەبێ هۆ قسە مەکە، بە ئەدەبەوە بە ڕێدا بڕۆ، پرسیار لەشتێک مەکە کە پەیوەندی بەتۆوە نەبێت.

- کوڕی خۆم مال و سامانت بە فیڕۆ نەدەیت و مالی خەلکی پێ چاک بکەی، مال و سامانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە پێشی خۆتی بدەیت بۆ قیامەت.

- ئەی کوڕی خۆم لەسەر ئەژنۆ بچۆ بۆلای زانایان و بەدل گوێیان لێبگرە، بەڕاستی دل بەزانست ئەبوژێتەوە، هەروەک چۆن زەوی وشک بە بارانی پەلە زیندوو دەبێتەوە.

- ئەی کوڕی خۆم کاتێک لەش ساخ بووی دلخۆش مەبە و ناخۆشی و دلتەنگی خۆت بشارەوە، ئەمە ئەوپەڕی خشل و چاکەیە ، ئارامبگرە لەسەریان بۆت دەبێت بە تێشوو لە دواڕۆژدا.

- کوڕەکەم بە کەم ڕازییە، بە بەشی خۆت دلگران مەبە و چاوت لەدەستی خەلکی نەبێت، چونکە ئازارت دەدات و هیچت دەست ناکەوێت.

- کوڕی شیرینم با گوناهەکانت لەبەرچاو بێت تا مردن، بەلام با چاکەکانت لەبەر چاونەبێت ،چونکە کەسێک لای خۆی تۆماری کردوە کە هەرگیز لە یادی ناچێت.

- کوڕی شیرینم ئەگەر ئارەزوو زاڵ بوو بەسەر هەر کەسێکدا ئەوا دڵی تاریک دەکات، ئەگەر دڵی تاریک بوو ئەوا سلک و دەرونی گرژ دەبێت.

- کوڕی خۆم هەرکەس کەم قسە بکات بێوەی ئەبێت، هەرکەس وتەی چاک بێت بێوەی ئەبێت، هەرکەس قسەی پڕوپوچ بکات تاوانبار دەبێت، هەرکاس خاوەنی زمانی خۆی نەبێت پەشیمان دەبێت.

- ئەی کوڕی خۆم فەرمان مەکە بەچاکە و خۆت لە یادی بکەی، ئەگەر وابکەی تۆ وەک ئەو کەسە وایت کە چرایەکی پێبێت ڕووناکی بۆخەڵکی بێت و خۆی بسوتێنێت.

- کوڕی خۆم من ئاسن و پۆلام زۆر هەڵگرتوە بەلامەوە زۆر قورس بووە، بەلام هیچی بەلامەوە لە هاوسێی خراپ قورستر نەبووە ، ناخۆشی زۆریشم بینیوە بەلام هیچی لە هەژاری ناخۆشتر نەبووە.

- کوڕەکەم بینایی چاوم نەکەی درۆ بکەی زمانت لە درۆکردن بپارێزە، چونکە ئەوەی درۆ بکات شەرم وئابڕووی ئەتکێت و سەنگی نامێنێت و لای خەڵکی متمانە لەدەست ئەدات.

Scanned with CamScanner

- ڕۆڵەکـەم ئـەوەی بەدڕەوشـت و خراپەکار بێت تەنگ و چەڵەمە و خەفەتـی زۆر دەبێت و هەمیشـە دڵـی خەمبار دەبێت.

- ڕۆڵـە گیان هەڵگرتنی بەرد ئاسـانترە لـە تێگەیاندنی پیاوی نەفام و تێنەگەیشتوو.

- ڕۆڵەکەم جگەرگۆشـەکەم ئەوەندە لە خودا بترسـە کە لە بەزەیی خـۆی نـا ئومێد و بێ نیازت نـەکات، ئەوەندەش لە خـودای گەورە دڵنیابـە کە جورئەتی گونـاە کردنت پێنەدات.

- کوڕی خۆم سـێ کەس هەن لە سـێ بواردا نەبێت ناقیناکرێنەوە، پیـاوی ئارامگـر لـە کاتـی توڕەیـدا دەرەکەوێـت ، پیـاوی ئـازا لەکاتی شـەڕدا دەرەکەوێت، هـاوڕێ لەکاتی پێویسـتی و تەنگانەدا دەرەکەوێت.

- ڕۆڵـە گیـان ڕۆشـنایی دیدەکانم هێـزی ئەژنۆ و بڕبڕەی پشـتم تاڵی و سـوێری زۆرم چەشـتووە، بەڵام بەخودا لـە هەژاری تاڵترم نە چەشتووە.

- ئـەی کـوڕی شـیرینم کاتێـک چوویتە نـاو کـۆڕ و کۆمەڵێکەوە، تیـری سـەلامیان تێبگـرە سـەلامیان لێبکە، پاشـان لەسـوچێکەوە دابنیشـە قسـە نەکـەی تا ئـەوان دەسـت دەکـەن بە قسـەکردن ، ئەگـەر قسـەکانیان باش بوو ئـەوا تۆش بەشـداربە لەگەڵیان، بەڵام

Scanned with CamScanner

ئەگەر قسەکانیان خراپ بوو ئەوا هەستە و ئەو جۆرە کۆڕ و کۆمەڵە بەجێبهێڵە.

- کوڕی خۆم دڵخۆش مەبە بە کردەوەکانت ئەگەرچی زۆریش بێت، چونکە تۆ نازانی ئایا خودای گەورە لێی وەرگرتوی یان نا.

- رۆڵە گیان لەماوەی تەمەنی ڕابردومدا ئەوە فێربووم و دڵنیابووم کە خودای گەورە هەر بەلاو تاقیکردنەوەیەک کە روبەڕوی بەندەیەکی دەکاتەوە، ئەوا خێرێکی تێدایە یان بەلایەکی گەورەتری پێ لادەبات، کوڕەکەی وتی باوکە گیان ڕێزێک زۆرم بۆ تەمەن و ئەزموون و پەندەکانت هەیە، بەلام من هەرچی ئەکەم من تێناگەم چۆن ئەگەر توشی نارەحەتیەک ببم خێری تێدایە یان ئاخۆ ئەبێت چ بەلایەک لەوە ناخۆشتربێت تا دڵمان بەوە خۆش بکەین کە خودای گەورە دوری خستۆتەوە لێمان !!! لوقمان ووتی: ڕۆڵە نازانم چۆن تێتبگەیەنم بەلام بە هەرحاڵ باشترین چارەسەر ئەوەیە لە فلان شار هەرچەندە دوریشە یەکێک لەپێغەمبەرانی خودا لەوێ بانگەواز بۆ ئاینی خودا دەکات وا باشە بچیت بۆلای ئەو پێغەمبەرە تا بۆمان ڕوونبکاتەوە و تێمانبگەیەنێت. کوڕەکەی ووتی: جا باوکە گیان تۆ لەگەڵم دێی بۆ ئەو شارە دوورە، لوقمان ووتی: بەڵێ چۆن حەزدەکەی با وابێت جگەرگۆشەکەم.

Scanned with CamScanner

- لوقمـان وكوڕەكـەی خۆیان كۆكردەوە و ئامادەی سـەفەر بوون و تێشـووی پێویسـتیان ئامـەدە كرد لە نان و ئـاو و هەر یەكێكیان ئەسـپێكی باشـی زینكـرد و كەوتنـە ڕێ بـەڵام پاش سـەفەرێكی چەن شـەو و ڕۆژی كە بەتەواوەتی مانـدوو بووبون بەهۆی بڕینی ئـەو ڕێیە دوورە سـەختەوە كەچـی هەر نەگەیشـتنەجێ و لەوەش ناخۆشـتر بۆیان ئەوەبـوو كە ئاوەكەیان تەواو بووبو نانەكەشیان زۆر كەمببـۆوە، گەرمـای زۆر مانـدووی كردبـوون و تینوێتـی زۆری بـۆ هێنابـوون، ئەسـپەكانیان هاتـن بەچۆكداو چیتـر نەیان توانـی هەڵیـان بگرن، بۆیـە ناچاربوون ئەسـپەكانیان لەو دەشـتە بەجێبهێڵـن. ماوەیەكی زۆریـش بە پێ ڕێیانكرد بـەڵام حاڵیان زۆر شـلۆق و نالەبار بوو.

لـە دوورەوە دوكـەڵ و گەردەلولێكیـان بـەدی كـرد، لوقمـان بـە كوڕەكـەی ووت: ڕۆڵـە ئـەو دوكەڵە نیشـانەی ئاوەدانیە پشـتیوان بەخـودا بـەم نزیكانـە پێیدەگەین، ئەوە شـارەكەیە كە باسـم كرد، بەمشـێوەیە كەمێـك هیوایـان هاتـەوە بـەر و گوڕیـان تێهاتەوەو كەوتنـەڕێ بـەرەو شـارەكە، بـەڵام ئێسـقانێكی زۆر تیژ كـە لەزەویەكـەدا بـەلاری كەوتبوو چەقی بە پێی كوڕەكـەی لوقماندا و لەسـەری پێیـەوە دەرچـوو، ئەوەندە ئازاری هەبـوو لەهۆش خۆی چـوو، لـەم كاتـەدا لوقمـان وەك باوكێكی دڵسـۆز و بەسـۆز زۆر نارەحـەت بـوو بـە ددان ئێسـقانەكەی لە پێـی كوڕەكـەی دەرهێنا و پاشـان پارچەیـەك قوماشـی لـە مێزەرەكەی سـەری كردەوە و قاچـی كوڕەكـەی پـێ پێچاو سـەری كوڕەكـەی خستەسـەر ڕانی و دەسـتیكرد بەگریـان لەم كاتـەدا چەند دڵۆپە فرمێسـكێكی گەرم

Scanned with CamScanner

کەوتە سەر ڕومەتی کوڕەکەی بۆیە کوڕەکەی بە ئاگا هاتەوەو چاوی هەڵبڕی و بینی باوکی زۆر بێتاقەتە و دەگری وتی: ئای باوکە ئەوە تۆی بێتاقەت بوویت و دەگریت، مەگەر تۆ نەتگووت هەر بەلاو ناڕەحەتیەک بێت بەسەر مرۆڤدا ئەوا خێری تێدایە یان لەوانەیە خودای گەورە بەلایەکی تری لێ لابدات، ئیتر تۆ بۆچی ئەگریت و بێتاقەتی، باوکی وتی: ڕۆڵەگیان بۆتۆ ئەگریم و خەفەت بۆتۆ ئەخۆم کە قاچت توشی ئەم ئازارە بووە، ئێستاش سورم لەسەر ئەم قەناعەتەی خۆم کە ئەم بەلا و تاقیکردنەیە خێری تێدایە، لەوانەیە لە بەلایەکی گەورەتر ڕزگارمان بووبێت، ئەوا شارەکە نزیکە و وردە وردە ئەڕۆین خودا گەورەیە ڕۆڵەگیان، با بکەوینەڕێ.

لەم کاتەدا لوقمان تەماشی کرد هیچ نیشانەیەکی ئاوەدانی و دووکەڵی بەدی نەکرد سەری سوڕما و بە کوڕەکەی وت: ڕۆڵە بەخودا سەیرە خۆ هیچ شتێک بەدی ناکەم ئەوە چیە، لەم کاتەدا کە لوقمان و کوڕەکەی ئەبڵەق بووبون و نەیاندەزانی چی بە دی بکەن لە دوورەوە ئەسپسوارێکیان بینی کە زۆر بەخێرایی غاری دەکرد و دەڕۆشت و جلێکی سەرتاپا سپی لەبەردا بوو، لەدوورەوە بانگی کرد تۆ لوقمانی، لوقمان بەسەر سوڕمانێکەوە وتی: بەڵێ من لوقمانم، ئەسپسوارەکە وتی: کوڕەکەت چۆنە ئەوە باسی چی دەکات ؟ لوقمان وتی: تۆ کێیت ؟ من تۆ ناناسم و ناتبینم ؟ ئەسپسوارەکە وتی: من جوبرەئیلم، من تەنها پەیامبەرێکی گەورە یا فریشتەیەکی نزیک لە خودا نەبێت نامبینێت، ئەگەر وانەبوایە دەتبینیم، لوقمان وتی: دەزانی کوڕەکەم باسی

چی کردووه ؟ جوبرەئیل ووتی: نازانم کوڕەکەت باسی چی کردووه بەلام من زۆر لە خودا پاڕامەوە کە بتانپارێزێ و نەگەنە ناو ئەم شارە، چونکە خودای گەورە منی نارد و ژێراو ژوور و وێرانم کرد، چونکە سەرپێچی پێغەمبەرەکەیان کرد.

لوقمان ووتی: باشە چۆن ڕزگارمان بوو ؟ جوبرەئیل ووتی: پاڕامەوەو داوام لە خودای گەورە کرد توشی شتێکتان بکات و بەهۆی ئەوەوە دوابکەون و نەچنە ناو شارەکە، ئەگەر نا ئێوەش وەکو خەڵکی ئەو شارەو دەوروبەری لەناو دەچوون، وادیارە بریندار بوونی قاچی کوڕەکەت دوای خستوون و ڕزگارتان بوو، تۆش بەنیەتی شیفا دەست بێنە بە قاچی کوڕەکاتدا و ناوی خودا بەسە خواردن و خواردنەوەکان بخۆنەوە و خوداش بەرەکەتی تێدەکات و بگەڕێنەوە بۆ شارەکەی خۆتان، جوبرەئیل ئەمەی ووت و لەبەرچاو وون بوو.

کوڕەکەی لوقمان ووتی: بەخوا باوکە سەیرە باش بوو تێکەڵ بە خەڵکی ئەو شارە نەبووین ئەگینا ئێمەش لەناو دەچووین، لوقمان ووتی: ئەها کوڕی خۆم بەچاوی خۆت بینیت و بو گوێی خۆت بیستت کە چۆن خودا بەزەیی پێماندا هاتەوە ،دەزانی ئەگەر مرۆڤ لەکاتی خۆشیدا خودای لەیاد بێت ئەوا لەکاتی ناخۆشیدا خودای گەورە یادی دەکات و بەهانایەوە دەچێت، خودای گەورە جڵەو شل دەکات بۆ ستەمکاران بەلام لەیادیان ناکات و کە کاتی خۆی هات لەناویان دەبات، کوڕم ئەوە بزانە کە ئێمە مسوڵمانین و بەندەی خوداین دەبێت ڕازی بین بە هەموو ئەو قەزاو قەدەرانەی کە خودای گەورە دەیهێنێتە ڕێگەمان، ئەوە

Scanned with CamScanner

هەمووی خێرە و پاداشتی لەسەر وەردەگرین، کوڕەکەی ووتی: باوکە گیان ئێستا ڕاستی قسەکانتم بۆ دەرکەوت و تێگەیشتم، پشت بە خودا لە قسەکانی تۆ دەرناچم.

- ڕۆڵەکەم دەزانی خراپترین کەس کێیە ؟ ئەو کەسەیە کە بەلایەوە گرنگ نیە خەڵک ناوزڕاو بێت و بە خراپی بزانن، ئاساییە بەلایەوە لەبەرچاوی خەڵک کاری خراپ ئەنجام بدات.

- کوڕەکەم کاری چاکە بکەو وریای خراپە بە، بەچاکە خراپە دەکوژێتەوە، ئەگەر ئەو قسەیە ڕاستە ئاگر لای ئاگر بکەرەوە و بزانە ئایا دەیکوژێنێتەوە، بەڵام خراپە بە چاکە دەکوژێتەوە، هەروەک چۆن ئاگر بە ئاو دەکوژێتەوە.

- کوڕەکەم بە کەم ڕازیبە و قەناعەتت بە بەشی خۆت هەبێت و چاوت لە ماڵی خەڵکی نەبێت، چونکە ئازارت ئەدات.

- کوڕەکەم زمان کلیلی چاکە و خراپەیە، تۆش مۆرێک لە زمانت بدە هەروەک چۆن مۆر لە زێڕ و زیو دەدەی، تەنها بۆ چاکە زمانت بەکار بهێنە.

- کوڕی خۆم سەربەرزی بۆ ئەوەیە کە دنیا سەری لێنەشێواند و لە خۆی بایی نەبوو تا لە ڕۆژی قیامەتدا پەشیمان ببێتەوە.

Scanned with CamScanner

- ئـەی کوڕی خۆم یەکەم شـت کە بەکەڵکت بێـت و ڕزگارت بکات لـەدوای بـاوەڕ بەخـودا هاوڕێـی چاکـە، بەڕاسـتی هاوڕێی چاک وەک دارخورمـا وایـە، یا لە سـێبەرەکەی دائەنیشـیت یـان لەبەرە شـیرینەکەی ئەخۆیـت یان سـود لە لقەکانـی وەردەگریت.

- کـوڕی خۆم گوێڕایەڵی خـودا وەک بازرگانی وەربگرە قازانجێکی زۆر دەکەیـت بەبێ کەلوپـەل لـە خـودا بترسـە، بـا خەڵکـی وا تەماشـات نەکەن کە لە خودا ئەترسـی تا ڕێزت لێبگرن و دڵیشـت بـێ ئاگابێت.

- کـوڕی خـۆم ئەوەنـدە ئومێـدت بـە خـودا هەبێت کە لە سـزای ئەمیـن نەبیت، ئەوەندەش لێی بترسـە کـە لەبەندەیی و ڕەحمەتی نا ئومێـد نەبیـت، ووتی: باوکە گیان مـن چۆن ئەوە بکـەم لە حاڵێکدا کـە من دڵێکم هەیـە ؟ لوقمان ووتی: کوڕی خۆم بەڕاسـتی مرۆڤی بـاوەڕدار خاوەنـی دوو دڵە، دڵێک کە ئومێدی بـە خودایە، دڵێکیش کە ترسـی لە خودایە.

- کوڕی شـیرینم بەڕاسـتی نموونـەی ئەوانەی یـادی خودا ئەکەن و ئەوانـەی یـادی ناکەن، وەک ڕووناکـی و تاریکی وایە.

- کـوڕم ئـاوات بەکەسـێک مەخـوازە کـە خوێنـی بـاوەڕداران دەڕێژێـت، ئـەو کەسـە لای خـودا بکوژێکی بـۆ هەیە کـە نامرێت.

Scanned with CamScanner

-کوڕی خۆم بۆ ئەوە زانست فێرنەبیت کە خۆتی پیاڕادەی بەسەر زانایاندا و دەمەقاڵێی پێبکەی لەگەڵ نەفاماندا و خۆتی پێدەربخەی لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، وازیش لە فێربوونی زانست مەهێنە لەبەر زوهد تیایداو حەزکردنت لە نەفامی.

-کوڕی خۆم لەبەر سێ شت فێری زانست مەبەو لەبەر سێ شتیش وازی لێمەهێنە، فیری مەبە بۆ ئەوەی دەمەقاڵێی پێبکەی یان شانازی پێوە بکەیت و یان خۆتی پێدەر بخەی و وازیشی لێ مەهێنە لێی لەبەر زوهدت بۆی یا شەرمکردنت لە خەڵکی یان ڕازی بوونت بەنەفامی.

- کوڕی شیرینم دەمەدەمێ لەگەڵ زانایاندا مەکە، چونکە لەسەریان قورسەو متمانەت لایان نامێنێت، دەمەدەمێش لەگەڵ نەزانانیشدا مەکە، چونکە کاری ناشیاو بەرامبەرت دەکەن و جوێنت پێدەدەن.

- کوڕەکەم ئارامگربە بەرامبەر ئەوانەی کە لەزانستدا لەسەر و خۆتەوەن وە ئەواناشی کە لەخوار خۆتەوەن، چونکە کەسێک دەگات بە ئاستی زانایان کە ئارامگربێت بەرامبەریان و هەمیشە لەگەڵیان بێ و بەنەرم و نیانی زانستەکەیان لێوەربگرێت.

- کوڕەکەم هەوڵی فێربوونی زانست مەدە لەسەر یەک، تا کار دەکەی بەوەی فێری بوویت.

Scanned with CamScanner

- کـوڕی خـۆم هەوڵبـدە بـە منداڵـی فێـری زانسـت بـە، چونکـە فێربونـی زانسـت بـە گەورەیـی قورسـە.

- کـوڕی خـۆم بـا قسـەت خۆش بێـت و بـا ڕووت خـۆش بێت، ئەوکاتـە زۆر خۆشەویسـتر دەبیـت لای خەڵکـی لەو کەسـەی کە دەبەخشێت.

- کـوڕی خـۆم چاکترین خواردن بخۆ و لەسـەر خۆشـترین جێگە بخەوە.

- کـوڕی شـیرینم ئەقڵـی هیـچ مرۆڤێک تـەواو کامڵ نابێـت تا دە شـتی تێـدا نەبێت :-

یەک: خۆ بەگەورە زانین لێی ئەمین بێت.

دوو: ئومێدی زیرەکی لێبکرێت.

سێ: لە دنیادا هەوڵی بژێوی بدات و ئەوەی زیاد بوو بیبەخشێت.

چوار: خۆ بەکەمزانینی لای خۆشەویستربێت لە ڕێز و گەورەیی.

پێنج: حەزی لە زەلیلی بێت زیاتر وەک لە عیزەت.

شـەش: بەدرێژایـی تەمەنـی لە شـارەزابوون لە ئاینی خـودا بێزار نەبێت.

حەوت: لەلای خۆیەوە لە داواکردنی پێویستی بێزار نەبێت.

هەشـت: چاکـەی کەمـی خەڵکـی بەکـەم بزانێت و چاکـەی زۆری خۆشـی بەکـەم بزانێت.

نـۆ: لە هەموویـان گرنگترو گەورەتـر ئەوەیە کـە وابزانێت هەموو

خەلکی سەر زەوی لەو چاکترن و خۆشی لە هەموویان خراپترە.
رە: ئەگەر چاکەی لە کەسێک بینی پێی دلخۆشبێ و ئاواتیبێ پێبگات، ئەگەر خراپەی لە کەسێکیش بینی بلێ ئایا ئەم کارە خۆت و کەسوکارت سەرفراز و ڕزگار دەکات . ئەمەش کاتێک دەبێت کە ئەقل تەواو کامل بوبێت.

- کوڕی شیرینم یەکەم شت کە پێویستە لەسەرت ئاگات لێی بێت نەفستە، بەڕاستی هەموونەفسێک ئارەزووی هەیە، ئەگەر گوێت بە ئارەزووەکانت نەدا، ئەوا سنور دەبەزێنێت، بەڕاستی شەهوەت و ئارەزوو لە دلدا شاراوەیە وەک شاراوەی ئاگر لە بەرددا، ئەگەر دابگیرسێت دەردەکەوێ و ئەگەر داشنەگیرسێت هەر شاراوەیە.

- کوڕی شیرینم کاتێک سەفەر دەکەیت وریابە لەسەر ولاخەکەت خەوت لێنەکەوێت، چونکە زۆر خەوتن لەسەر ولاخ دەبێتە هۆی بەربونەوە لەسەری، ئەگەر لە شوێنێک لاتدا لەوەڕی باش بوو لێی گەڕێ با تێر لەوەڕ بێت، ولاخەکەت لەپێش خۆتدا تێر و پاراو بکە، ئەگەر سەفەرەکەت دور و درێژ بوو لە شەودا بکەوەرە ڕێ چونکە لە شەودا ڕێگە کورت دەبێتەوە، ئەگەر لەڕێگە لاتدا بۆ پشوو لە قەراخ ڕێگە لامەدە چونکە شوێنی مار و دڕندەیە، لەشوێنێکدا لابدە کە خۆشبێ و گلەکەی نەرمبێ و لەوەڕی زۆر بێ.
کاتێ لەسواری ولاخەکەت دەدەبەزی بۆ پشوودان پێش ئەوەی

دابنیشــی دوو ڕکاعــەت نوێژ بکــە و ئنجا بڵێ خودایە لە شــوێنێکی پیــرۆز دامبەزێنە، ئەگەر ویســتت خــۆت خاڵی بکەیتــەوە لە دوری ڕێگە دابنیشــە و خۆشــت داپۆشــە، کاتێکیش ئەو شــوێنە جێدێڵی دوو ڕکاعــەت نوێــژ بکــە و ســەلام لەو خاکــەو دەوروبــەری ئەو شــوێنەش بکــە، چونکە هەموو خــاک و زەوییەک فریشــتەی هەیە.
کاتێک ویســتت بەلای دەشــتێک یــان دۆڵێک یان چیایەکــدا تێپەڕی زۆر یــادی خــودا بکە، چونکە دەشــت و چیــاکان هەندێکیان بانگی هەندێکیــان دەکــەن و دەڵێن ئایا ئەمڕۆ کەســێک بەلاتانــدا تێپەڕیوە یــادی خــودای کردبــێ، ئەگــەر توانیــت نــان نەخۆیــت تــا خێری لێدەکەیــت بیکە.
هەرکاتێــک لەســەفەردا بــووی یادی خــودا بکە، ئەگــەر بەڕۆژوو بوویــت تەســبیحات بکە، ئەگەر بــە تەنیا بوویت نــزا و دووعا بکە، نەکــەی لەســەرەتای شــەودا بکەویتــەڕێ بــۆ ســەفەر هەوڵبدە لە ناوەڕاســتی شــەو و کۆتاییەکەیــدا لــە ڕێگە پشــوو بــدەی، نەکەی لەکاتــی ســەفەردا دەنگ بــەرز بکەیتــەوە مەگەر بۆ زیکــر و یادی خــودا، بــا لەســەفەردا شمشــێر و کەوانەکەت پێ بــێ و دەرمانیش لەگــەڵ خــۆت ببە بۆ ئەوەی هاوســەفەرە نەخۆشــەکانت ســوودی لــێ ببینــن، لەگــەڵ هاوســەفەرەکانتدا لــە هەمووشــتێکدا لەگەڵیاندا کۆکبــە کە لــە خودات نزیک بخاتــەوە و لە تاوانــت دوور بخاتەوە، ڕووخۆشــبە لەگەڵیاندا ئەگەر شــتێکیان پێویســت بوو بەشیان بدە، کاتێــک بانگیــان کردی وەلامیان بــدەرەوە، کاتێــک داوای یارمەتیان لێکــردی یارمەتیــان بــدە ، کاتێک داوای شــایەتی هەقیــان لێکردی شــایەتیان بــۆ بدە، بیــروڕات لەگەڵیــان ئاڵوگۆڕ بکە، ئەگــەر بینیت

Scanned with CamScanner

ئەڕۆن تۆش لەگەڵیان بڕۆ یان ئەگەر ئیشێکیان ئەکرد یارمەتیان بدە، ئەگەر شتێکیان بەخشی تۆش لەگەڵیان ببەخشە، گوێ لە کەسانی لە خۆت گەورەتر بگرە، ئەگەر ڕێگەتان لێ تێکچوو وەستن، ئەگەر دوودڵ بوون لە مەبەستی سەفەرەکەتان ڕاوێژ بکەن.

- کوڕی خۆم بەڕاستی چڵەپۆپە و لوتکەی گەورەیی و ڕێز لە دنیا و دوارۆژدا ئەقڵی چاکە، کاتێک بەندە ئەقڵی جوان و چاک دەبێت هەموو ناتەواویەکانی بۆ ئەپۆشێ و یەکسانی بۆ بەرپا دەکات و پەروەردگاریشی لێ ڕازی دەبێت، مرۆڤ ئەوەندی لە ئەقڵ بەسە کە خەڵکی لە خراپەی بێوەی بن.

- کوڕەکەم ئەگەر لاڵێکی ژیربیت چاکترە لەوەی قسەکەرێکی نەزان بیت.

-کوڕی خۆم هەمووشتێک بەڵگەی هەیە بەڵگەی ڕێنیشاندەریش هەڵسوکەوتە بەڵگەی هەڵسوکەوتیش بێدەنگییە.

- کوڕەکەم ئەوەندە نەفامیت بەسە خەڵکی لەشتێک قەدەغە بکەی و خۆشت بیکەی.

- کوڕی شیرینم تکایە خۆت لەزۆر خۆری بپارێزە، چونکە زۆرخۆری نزیک لە نزیک دوور دەخاتەوە و دانایی ناهێڵێت.

- کوڕی خۆم خۆت لە تورەیی بپارێزە بەڕاستی توورەیی لەناوبەری دڵی مرۆڤی بەڕێزە.

- کوڕی خۆم خۆت کە تەمەڵی و بێزاری بپارێزە، چونکە ئەگەر تەمەڵ بیت هیچ مافێکت پێنادرێ، ئەگەر بێزاریش بیت لەسەر هەق ئارام ناگریت.

- کوڕی شیرینم خۆت لە خراپە بپارێزە ئەویش خۆی لێت بە دوور دەگرێت، چونکە خراپە بۆ خراپە دروستکراوە.

- کوڕی خۆم با تەنها پارێزگاران نانت بخۆن، لەکارەکانیشدا ڕاوێژ بە زانایان بکە.

- کوڕی خۆم من هەرگیز لەسەر بێدەنگی پەشیمان نەبووم، چونکە ئەگەر قسەکردن زیو بێت بێدەنگی زێڕە.

- کوڕی خۆم ئاگات لەدەریا بێت کاتێک زۆر دەبێت، ئاگاشت لە پاشا بێت کاتێک تووڕە دەبێت.

- کوڕی خۆم ڕێگری بکە لەوەی کە لەزارت دەردەچێ پێویستە لەسەرت قسەیەک بکەیت کە سودت پێبگەیەنێت.

Scanned with CamScanner

- کوڕە ئازیزەکەم هەرکاتێک نوێژ هات لەبەر هیچ هۆیەک دوای مەخە، نوێژەکەت بکە و پشوویەک بدە، چونکە نوێژ قەرزە لەسەرت بە جەماعەت ئەنجامی بدە ئەگەرچی بەژێر ڕمیشەوە نوسابیت.

- کوڕی خۆم کاتێک داوای شایەتیت لێکرا شایەتی بدە، کاتێک داوای یارمەتیت لێکرا یارمەتی بدە، کاتێک ڕاوێژت پێکرا پەلەمەکە تا سەرنجامی کارەکە دەبینیت.

- کوڕی خۆم پیاو هەیە قسەیەک دەکات تا پێی دەگووترێت گێل، گێلیش نیە. پیاو هەیە بێدەنگیش دەبێت تا پێی دەوترێت ئارامگر، ئارامگریش نیە.

- کوڕی شیرینم کەسی نەفام مەکە بە نوێنەر ئەگەر کەسی زیرەکت دەست نەکەوت ئەوا خۆت ببە بە نوێنەری خۆت.

- کوڕی خۆم لەناو هاوەڵەکانتدا وا خۆت نیشانبدە کە پێویستت پێیان نیە.

- کوڕی خۆم کەسێک قسە بکات بۆ کەسێک کە گوێ لە قسەکانی نەگرێت وەک ئەوە وایە خواردن پێشکەش بەئەهلی گۆڕستان بکات.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆم کەسی شایستە لە فێربوونی زانست قەدەغە مەکە زیاتر گێل دەبێت.

- کوڕی خۆم خۆت لە خراپە بپارێزە وەک ئەو چۆن خۆی دەپارێزێت.

- کوڕی خۆم پێش ئەوەی نەخۆش بکەوی بچۆ بۆلای پزیشک، واتە فریای هاوەڵەکانت بکەوە پێش ئەوەی پێویستت پێیان بێت.

- کوڕی خۆشەویستم ئەگەر گومانت لە مردن هەیە مەخەوە تۆ هەروەک چۆن دەخەویت دەشمریت، ئەگەر گومانت لە زیندوو بوونەوەش هەیە لە خەو هەڵمەستە هەر وەک چۆن لە خەو هەڵدەستیت لەدوای مردنیش زیندوو ئەکرێیتەوە.

- کوڕی خۆم خۆت لە هاوسەری خراپ بپارێزە، چونکە پیرت دەکات پێش کاتی پیربوونت، خۆت لە ئافرەتانی خراپ بپارێزە چونکە ئەوان هەرگیز بۆ چاکە بانگت ناکەن.

- کوڕی خۆم بەڕاستی ئاڵتون بە ئاگر تاقیدەکرێتەوە، بەندەی چاکیش بە بەلا و ناخۆشی تاقیدەکرێتەوە، خودای گەورە هەرکاتێک کۆمەڵێکی خۆش بوێ تاقیان دەکاتەوە، هەرکەس ڕازی بێت خوداش لێی ڕازی دەبێت، هەرکەسێکیش ڕازی نەبێت خوداش لێی ڕازی نابێت.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆم هەموو کوسێک سەگی خۆی هەیە تۆش مەبە بەسەگی هاوەڵەکانت.

- کوڕی خۆم ڕەوشتی ناشرین و زۆر داواکردنی شت لە خەڵکی نیشانەی نەفامییە.

- کوڕی خۆم هەرکەسێک نهێنی خۆی بشارێتەوە جڵەوی کارەکانی هەووی لەدەستی خۆیدایە.

- کوڕی شیرینم خۆت لە درۆ بپارێزە، چونکە بەڕاستی درۆ مرۆڤ وەک گۆشتی چۆلەکە حەزی لێدەکات و کەم کەس قێزەونە بەلایەوە.

- کوڕی خۆم زانست شتێکی باشە بەلام لەگەل ئارام گرتندا چاکترە، بێدەنگیش چاکە بەلام لەگەل دانایدا چاکترە.

- کوڕی شیرینم بەڕاستی زمان کەلبەی جەستەیە ووریابە لەوەی کەشتێک لە زمانتەوە دەرنەچێت و جەستەت لەناو ببات ئان پەروەردگارت تورە بکات.

- کوڕی خۆم ئەگەر مرۆڤی دانا هەرکاتێک پێت گەیشت و بەدار عەساکەی لێی دای چاکترە لە مرۆڤی نەفام ئەگەرچی پێشت گەیشت دلخۆشت بکات.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆم ئەگەر مرۆڤی بە ئارام زیانیشت پێبگەیەنێت چاکترە لەوەی مرۆڤی گێل چەوتت بکات.

- کوڕی خۆم مرۆڤ سێ سێ یەکە، سێ یەکی بۆ خودایە، سێ یەکی بۆ خۆیەتی، سێ یەکی بۆ کرمە، ئەو سێ یەکەی کە بۆ خودایە ڕۆحەکەیەتی و ئەو سێ یەکەی بۆ خۆیەتی و کارو کردەوەکانیەتی و ئەو سێ یەکەی بۆ کرمە لاشەکەیەتی.

- کوڕی خۆم بەڕاستی دانای ئەوەیە هەشت شت بکەی:
یەک: دڵی مردوو زیندوو بکەیتەوە.
دوو: لەگەڵ هەژاردا دابنیشیت.
سێ: لەگەڵ پاشادا دانەنیشیت.
چوار: یارمەتی لیقەوماو بدەی.
پێنج: کۆیلە ئازاد بکەی.
شەش: داڵدەی ڕێبوار بدەی.
حەوت: یارمەتی هەژار بدەی.
هەشت: ڕێز بۆ کەسی بەڕێز و گەورەیی بۆ کەسی گەورە زیاد بکەی.

کە ئەوە چاکترە لە ماڵ و پاراستنە لە ترس و تێشووە لە شەڕدا و کەلوپەلی بازرگانیە لە کاتی شەڕکردندا و ئەوە تکا کارە لەکاتی ڕووبەڕوو بونەوەی پێشهات ناخۆشیەکاندا و ڕێنیشاندەریشە کاتێک دەرون پڕ دەبێت لە دڵنیایی و باوەڕ و داپۆشەریشە بۆی لە کاتێکدا کە جل دایناپۆشێت.

Scanned with CamScanner

- کوڕی شیرینم شەرم لە خودا بکە بەو ئەندازەیەی لێوەی نزیکی، لە خودا بترسە بەو ئەندازەیەی کە دەسەڵاتی بەسەردا هەیە.

- کوڕی شیرینم خۆت لە زیادەڕەوی بپارێزە چونکە لێپرسینەوەی سبەینێت زۆر وردە.

- کەرەکەم با خودای گەورە لە شوێنێک نەت بینێت کە نەهی لێکردووی کە لەوێ بیت، با لەشوێنێک بتبینێت کە فەرمانی پێکردوی لەوێ بیت.

- کوڕی خۆم لە کۆڕ و کۆبونەوەدا لە شوێنی بەرز دامەنیشە، چونکە شوێنی نزم چاکترە لە شوێنی بەرز.

- کوڕی خۆم لەبەر خودا خەڵکت خۆشبوێ و هەر لەبەر خوداش ڕقت لەخەڵکی بێت، با گوناهباران چەورت نەکەن.

- کوڕی شیرینم بە خۆشەویستیت لە دۆستانی خودا لە خودا نزیک بەرەوە، بە ڕق بوونیشت لە گوناهباران لە خودا نزیک بەرەوە.

-کوڕی خۆم دنیا خێری تێدا نیە تەنها بۆ دوو جۆر کەس نەبێت، کەسێک گوناه و تاوانی هەیە و بەڵام ئێستا تەوبەی کردووە

Scanned with CamScanner

و ئەیەوێت بەکاری چاکە بیسڕێتەوە بەڵکو خودای گەورە لە گوناهەکانی رابردوی خۆش بێت، کەسێکیش هەر کاری چاکە ئەنجام دەدات و داوای پلەی بەرزتر دەکات و کارە چاکەکانی لەخۆی بایی ناکەن ئەگەرچی زۆریش بن چونکە نازانێت کە خودای گەورە لێی وەرگرتوە یان نا.

- کوڕی خۆم زۆر باسی خەڵکی مەکە و مافیشیان مەخۆ ستەمکار مەبەو خۆشت لە دوعای ستەملێکراو بپارێزە.

- لوقمانی حەکیم لەسەرە مەرگدا ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد و دەیگووت: من زۆر ئامۆژگاریم کردووی بەڵام ئێستا ئامۆژگارییەکت دەکەم کە شەش خاڵە هەموو زانست لەمەدا کۆبۆتەوە:

یەکەم: خۆت سەرقاڵ مەکە بەدنیاوە مەگەر بەقەدەر ئەو ئەندازەیەی کە تێیدا دەمێنیتەوە.

دووەم: پەروەردگارت بپەرستە بەو ئەندازەیەی کە پێویستت پێیە تی.

سێیەم: هەوڵ بۆ دوارۆژ بدە بەو ئەندازەیەی تێیدا دەمێنیتەوە.

چوارەم: با هەوڵدانت بۆ ئاگری دۆزەخ بەو ئەندازەیەی تێگەیشتنی خۆت بێت کە دڵنیای ڕزگار بونت نیە لێی.

پێنجەم: با جورئەت و بوێریت لەسەر تاوانکردن بە ئەندازەی ئارام گرتنت بێت لەسەر ئاگری دۆزەخ و سزای خودا.

شەشەم: کاتێک ویستت گوناهێک بکەی لە جێگەیەکدا بیکە کە خوداو فریشتەکانی نەتبینن.

Scanned with CamScanner

- کوڕی شیرینم ئامۆژگاریت دەکەم بە دوو شت کە بەردەوام دەستیان پێوە بگری، پارە بۆبژێوی ژیانت، دینداری بۆ دوارۆژت.

- کوڕی شیرینم لەسەر ئەژنۆ بڕۆ بۆلای زانایان، دەمەقاڵێیان لەگەڵ مەکە ڕقت لێ هەڵدەگرن.

- کوڕەکەم بە ئەندازەی پێویستی خۆت هەوڵ بۆ دنیا بدە، زۆر هەوڵ بدە بۆ دوارۆژت هەموو دنیا بە یەکجاری پشت گوێ مەخە با هەژار نەبیت و ببیتە بار بەسەر خەڵکیەوە.

- کوڕی خۆم ڕۆژوویەک بگرە کە ئارەزووەکانت تێک بشکێنێت، ڕۆژوویەک مەگرە کە زیان بە نوێژەکانت بگەیەنێت، چونکە نوێژ چاکترە لە ڕۆژوو، وەک باوک وایە بۆ هەتیوو، وەک مێرد وایە بۆ بێوەژن، بە خزمەوە مەدە وەک مار، لەگەڵ نەفام دامەنیشە، هاوەڵێتی دوو ڕوو مەکە.

- کوڕی خۆم چاوەڕێی خۆشەویستی نەفام مەکە کە وا ببینێت تۆ لە کارەکانی ڕازیت، ئاگات لە تووڕەیی و ژیری دانابێت.

- کوڕی خۆم چاوەڕێی سوپاسی خەڵکی مەکە با لۆمەت نەکەن وەک ئەو کەسە وایە کە بەردەوام هەوڵی خۆی دەدات و خەڵکیش بێوەین لێی.

Scanned with CamScanner

- کوڕی خۆم بە دانایی لەگەڵ نەفامدا قسە مەکە بە درۆت دەخەنەوە، بە نەفامانەش قسە لەگەڵ دانایاندا مەکە ڕقت لێهەڵەگرن.

- کوڕی خۆم کاتێک پێویستیت بە دەسەڵاتدار بوو سور مەبە لەسەری و داوا مەکە مەگەر لە کاتی خۆشی و دڵئارامیدا.

- کوڕی خۆم داوای یارمەتی لە کەسێک مەکە کە فێڵت لێدەکا، داوا لە چروکیش مەکە چونکە ئەگەر نەتداتێ گاڵتەت پێدەکات، ئەگەر بشتداتێ منەت دەکات بەسەرتدا.

- کوڕی خۆم داوای لێبووردن لەکەسێک مەکە کە حەز نەکات داوای لێبووردنی لێبکەی، داوای یارمەتیش لە کەسێک مەکە کە حەز ناکات پێویستیت بۆ جێبەجێ بکات.

- کوڕی خۆم کەسێک ئارامگر بێت لەسەر نارەحەتی خەڵکی ئەبێت بە گەورەیان.

- کوڕی خۆم پیاوترین و بەرەوشترین کەس کەسێکە کاتێک پێوسیتی هەبێت دوور دەگرێت کاتێکیش داوای پێویستی لێبکرێت نزیک دەبێتەوە.

Scanned with CamScanner

- کوڕی شیرینم هیچ دەوڵەمەندییەک وەک لەشساغی نیە، هیچ نیعمەتێکیش وەک بەختەوەری نیە.

- کوڕی خۆم بەڕاستی خەڵکی بەڵێنی زۆریان بینیوە و بەپەلەش دەڕۆن بەرەو دوارۆژ، تۆش ماوەیەکە پشتت لە دنیا کردووە و رووت لە دوارۆژ کردووە بەڕاستی ئەم خانوماڵەی تۆ دەڕۆی بۆلای نزیکترە لێتەوە لەو خانوو ماڵەی لێی دەردەچیت.

- کوڕی خۆم من چەند ئامۆژگارییەکت دەکەم کە ئەگەر تۆ دەستیان پێوە بگریت هەمیشە گەورەو پێشەوا دەبیت، ئارامگربە بۆ نزیک و بۆ دوور، ڕوخسارت بگرەوە لە بەخشندە و چرووک، سەردانی خزمانت بکە، با هاوەڵەکانت ئەوانەبن کاتێک لێیان جیادەبیتەوە یان لێیان جیا دەبنەوە ڕەخنەت لێناگرن.

- کوڕی خۆم پێویستە کەسی ژیر لە چوار کاتدا خۆی بناسێت:
یەک: کاتێک کە موناجاتی پەروەردگاری تێدا دەکات.
دوو: کاتێک کە لێپرسینەوەی خۆی دەکات.
سێ: کاتێک کە بژێوی ژیانی تیا پەیدا دەکات.
چوار: کاتێک لەنێوان خۆی و خۆشیەکانی لە هەموو کاتەکاندا داوای یارمەتی تیا بکات.

- کوڕی شیرینم کەسی حەسود سێ نیشانەی هەیە:
یەک: ئەگەر هاوەڵەکەی لەلای نەبێت غەیبەتی دەکات.

Scanned with CamScanner

دوو: ئەگەر لەلای بێت ماستاوی بۆ دەکات.

سێ: لەکاتی ناخۆشیدا سەرەخۆشی لێدەکات.

- کـوڕی خـۆم کارێـک کە نازانی کـەی دێت خۆتی بـۆ ئامادە بکە پێش ئـەوەی پێت بگات.

- کـوڕی خـۆم ئەگەر بە منداڵی ڕەوشـت فێربیت کە گەورە بوویت سودت پێدەگەیەنێت.

- کورە شـیرینەکەم بەڕاسـتی دنیـا کەمە و لەو کەمەشـدا تەمەنی تۆ کەمە.

- کـوڕی خۆم کردەوە ناتوانرێت ئەنجام بدرێت مەگەر بەدڵنیاییەوە هەرکەسێک دڵنیایی لاوازبوو کردەوەشی کەم دەبێت.

- کـوڕی خـۆم ئەگـەر لەبەرامبـەر قسـەکردندا شکسـتت هێنـا لەبەرامبـەر بێدەنگیـدا شکسـت مەهێنـە، سـووربە لەسـەر ئەوەی گـوێ بگری نـەوەک قسـەبکەی.

- کـوڕی خـۆم خۆت لـە پاڕانەوەی سـتەملێکراو بپارێـزە، چونکە نزیکتریـن شـتە لەخواوە بـۆ گیرابوون.

- کوڕی خۆشەویستم با گرنگیدانت بۆ شتێک بێت کە داوات لێکراوە، باگرنگیدانت بۆ شتێک نەبێت کە پێویستت نیە، جا کەوایە زۆر گرنگی بە دنیا مەدە چونکە لە دوارۆژ بێئاگات دەکات.

- کوڕی خۆم با خۆشوویستن و ڕق لێبوونت لەبەر خودا بێ و لەگەڵ خراپەکارانیشدا نەرم و نیان مەبە.

- کوڕی خۆم بسڵەمێرەوە لە یەک کەسیش مادام ئەو کەسە شایەنی لێسڵەمینەوە و حەزەر لێکردنە.

- کوڕی شیرینم ئەنجامدانی نوێژی فەرز چاکترە لە هەموو کارێک بەڕاستی نمونەی نوێژ و تەسبیحات وەک کەشتی وایە لەناو دەریادا، ئەگەر کەشتیەکە تیاچوو ئەوانەی ناویشی تیادەچن.

- کوڕی شیرینم کاتێک لای دەسەڵاتدارێک دانیشتی با جێگەی کەسێک لەنێوان ئەو و تۆدا بمێنێتەوە، نەوەک کەسێکی ئەو بێت و فیز بکات بەسەرتاو ببێتە ناتەواوی بۆ تۆ.

- کوڕی خۆم ئەگەر شەیتان لەڕێگەی گومان و دوودڵیەوە بۆت هات تۆ بە دڵنیایی و ئامۆژگاری بەسەریدا زاڵبە، ئەگەر لەڕێگەی تەمەڵی و بێزارییەوە بۆت هات بە باسی قەبر و قیامەت بەسەریدا زاڵبە، ئەگەر لەڕێگەی هاندان و ترساندنەوە هات بۆت هەواڵی ئەوەی بدەرێ کە دنیاش کۆتایی دێت.

- کوڕم بەڕاستی کەسی ڕەوشت ناشرینی دەم شڕی بەدبەخت کاتێک کە قسە دەکات زمانی خۆی ڕسوای دەکات و ئەگەر بێدەنگیش بێت نەزانیەکەی ڕسوای دەکات، ئەگەر کارێک بکات خراپە دەکات ئەگەر کارێکیش نەکات تەمەنی بە فیڕۆ دەڕوات، ئەگەر دەوڵەمەند بێت یاخی دەبێت ئەگەر هەژاریش بێت نا ئومێد دەبێت، ئەگەر دڵخۆش بێت زیز دەکات ئەگەر خەمباریش بێت دەبێتە دیل، ئەگەر ڕێزی بگرێت یاخی دەبێت ئەگەر ڕێزی نەگرێت ڕەشبین دەبێت، ئەگەر داوا بکات سوورە لەسەری و ئەگەر داواشی لێبکرێت نابەخشێت، ئەگەر پێبکەنێت قاقا دەکات ئەگەر بشگری هاوار دەکات، ئەگەر توڕەبێت زۆر توندە ئەگەر باسیشی بکرێت توڕە دەبێت، ئەگەر ببەخشێت منەت دەکات ئەگەر پێی ببەخشرێت سپڵەیی دەکات.

ئەگەر نهێنی لا دانرا خیانەتی لێدەکات ئەگەر نهێنیشی لا دانایت بوختانت بۆ دەکات، ئەگەر لەخوار تۆوە بوو توانج لێدەدات ئەگەر لەسەرو تۆشەوە بێت توڕە دەبێت، ئەگەر هاوەڵێتن بکەی ماندووت دەکات ئەگەر لێشی دوور بێت وازت لێناهێنێ، ئەگەر ڕێنمایی بکرێت ڕێنمای وەرناگرێت ئەگەر فەرمانی پێبکرێت گوێڕایەڵی ناکات، ئەوەی لەگەڵی دەژی بەختەوەر نیە ئەوەشی لێی دوورە لێی بێوەی نیە، کاتێک قسە دەکات ناپێکێت لەکاتی ناخۆشیدا ئارامگر نیە، لە بابەتێکدا ناوەستێت و کاری چاکە ئەنجام نادات، سوپاسی کەس ناکات و واز لەفێڵ کردن ناهێنێت.

لەکەسی سەرکەوتوو متمانە وەرناگرێت ئەگەرچی لەگەڵ دانایانیشدا ڕێک نەبێت بە زانستەکەی لەخۆی باییە، ئەگەر

یەکێک لەگەڵ زانایاندا بێت وادەزانێت ئەو چاکەکارە ئەگەر خراپەکاریش بێت وادەزانێت بێدەسەلاتییەکەی زیرەکییە و خراپە و زیادەڕۆییەکەی وورەیە و نافامیەکەی ئارامگرییە، حەزی لەچی بێت وەری دەگرێت، ڕقی لە چیش بێت وازی لێدێنێت، ئەگەر هەق و ڕاستی لەگەڵ ئارەزویدا بوو ستایشی دەکات خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئارەزووی بوو بە درۆی دەخاتەوە و وازی لێدێنێت، کاتێک پێویستی و ئیشێکی بە هەق بوو پرسیاری دەکات کاتێک پرسیاریشی لێبکرێت وەلام ناداتەوە، کاتێک ئەهلی هەق ئامادەبوون لەگەڵیانە کاتێکیش ئامادە نەبوون دەچێتە سەر ناهەق.

لەگەڵ زانایان دادەنیشێ و ملکەچیان نیە و گوێیان لێناگرێت کاتێک لەناو زانایانیشدا نەبێت فیز دەکات بەسەریاندا و پێیان پێدەکەنێ و هەق دەڵێ بەلام بە کردەوە پێچەوانەیەتی، فەرمان بە چاکە دەکات و خراپە ئەنجام دەدات، فەرمان بە هەق دەکات لەسەر ناهەقیشە، هەمووجۆرە مامەڵەیەک لەگەڵ خەڵکیدا دەکات ئەگەر بۆخۆی بێت پێی خۆش نیە، چاکە پیشانی خەڵکی دەدات و خۆشی لێی دوورە ڕێگری لە خراپە دەکات و خۆشی ئەنجامی دەدات، فەرمان دەکات بە وورەبەرزی لە خۆیدا نیە و لەشەرع خۆی شارەزا دەکا و خۆی کاری پێناکات، بەکاری دواڕۆژ شوێن دنیا دەکەوێ، ئەگەر بەهێزبێت توندە بەرامبەرت ئەگەر لاوازیش بێت لاوازترت دەکات ،ئەگەر دەوڵەماندبێت پێدەڵێت لە خۆ باییە ئەگەر هەژاریش بێت دەڵێت داماوە، ئەگەر سووربێت لەسەر چاکە پێت دەڵێت ڕۆچووە ئەگەر خاویش بێت دەڵێ زۆر لە

Scanned with CamScanner

خـۆی دەکات، ئەگـەر پێی ببەخشـی پێتدەڵـێ زیـادەڕەوی دەکات ئەگـەر نەشـیدەیتێ ئەڵـێ چروکە، ئەگەر نـەرم بی لەگەڵـی و لێی نزیکبیتـەوە دەڵـێ ماسـتاو چییـە ئەگـەر لێشـی دوورە پەرێز بی دەڵێ فیـز زلە.

- ئـەی کـوڕی شـیرینم تورەییـت بـە ئارامگریـت و سـوکیت بە سـەنگیت و ئـارەزووت بـە پارێزگاریـت و گومانـت بـە دڵنیایت و ناهەقیـت بـە هـەق و چروکیت بـە بەخشـندەیی تێک بشـکێنە.

- کـوڕی خۆم خۆت لەخەڵک بە چاکتـر مەزانە چونکە خۆ لەخەڵک بـە چاکتر زانین، نزیک لـە نزیک دوور دەخاتەوە و دانایش ناهێڵێت.

- ئـەی کـوڕی ئازیـزم لـە ڕەوشـتی ناشـرین و بێـزاری و کـەم خۆڕاگریـت خـۆت بپارێـزە، ئەگەر لەسـەر ئـەم ڕەوشـتە خراپانە نەبیت هاوڕێشـت دەسـتدەکەوێت و خەڵکیش لێت دوور ناکەونەوە.

- رۆژێـک لوقمان بـە کوڕەکەی گوت کە 3 ئامـۆژگاری دەکات بۆ ئەوەی بە بەختـەوەری بژیت.
یەکەم، هەوڵ بدە لە ژیانتدا باشترین خواردنی دنیا بخۆی
دووەم، لە نێو باشترین پێخەفی دنیادا بخەوە
سێیەم، لە نێو باشترین کۆشک و خانوودا بژی.
کوڕەکـە لـە وەڵامی باوکیدا گوتی، "باوکە ئێمـە خێزانێکی هەژارین، چـۆن دەتوانم ئەو هەموو شـتەم هەبێت؟".

لوقمان له وەڵامدا گوتی:

1. ئەگەر درەنگ و بە ڕێژەیەکی کەمتر نان بخۆی، هەرشتێک کە بیخۆی تام و چێژی باشترین خواردنی دنیای هەیە

2. ئەگەر زۆر کار بکەی و هەندێ درەنگ بخەوی، لە هەر شوێنێکدا بخەوی، وا هەست دەکەی باشترین پێخەفی دنیایە.

3. ئەگەر لەگەڵ خەڵکدا هاوڕێ بیت، لە نێو دڵی ئەواندای و بەو شێوەیە باشترین کۆشکی دنیا هی تۆیە.

- لوقمانی حەکیم لەژێر دارێک دانیشتووە، ڕێبوارێک لێی نزیکدەبێتەوە و لێی دەپرسێت:

بەچەند دەگەمە ئەو گوندە؟

لوقمان وەڵامی ناداتەوە.

پاشان جارێکی دیکە لێی دەپرسێتەوە، بەچەند دەگەمە ئەو گوندە؟

دیسان وەڵامی ناداتەوە.

بۆ جاری سێیەم دەپرسێت، بێزەحمەت بەچەند دەگەمە ئەو گوندە؟

دیسان وەڵامی ناداتەوە.

کابرای ڕێبوار تووڕە دەبێت و دەڵێت ئەمە شێتەو دەڕوات. چەند هەنگاوێک دوورناکەوێتەوە (لوقمانی حەکیم) هاوار دەکات. کاکی ڕێبوار بە نیوکاتژمێر دەگەیتە گوندەکە!

ڕێبوارەکە دەگەڕێتەوە و دەڵێت: سێ جار لێم پرسیت وەڵامت نەدامەوە، ئێستا بۆچی وا دەڵێیت؟

Scanned with CamScanner

لوقمانــی حەکیــم دەڵێــت: ئاخر ڕەوتــی ڕۆیشــتنتم نەدەزانی، بەس کاتێـک بەڕێـگادا ڕۆیشــتی زانیم بەچەنـد دەگەیت بۆیــە تا ڕەوتی ڕۆیشــتنتم نەزانیبا پێویســت نەبــوو هیچ بڵێم!

Scanned with CamScanner